# لە ئامێزی سۆسیال سایکۆلۆژیدا

## دید، بۆچوون و کۆمەڵێک

## توێژینەوە و ڕاپۆرتی زانستی

نووسەر

ئاسۆ بیارەیی

سوێد

نێوانی ساڵی 2006 تاکو 2009

پێشکەشە

بە هاوسەری بەرێزم نەرمین و
کوڕی ئازیزم لالۆ گیان

سوپاس و پێزانینم بۆ نووسەری
بەرێز(هەورامان عەلی تۆفیق) کە
خۆبەختانە دیزاینی ئەم پەڕاوەی
لە ئەستۆ گرت

## پوختەیەک

بۆچوونەکان، کێشە کۆمەڵایەتییەکان، خۆناسین، یەکترناسین، سەرکردە، پەنابەری، پیاوسالاری و مافی ژنان و منداڵان کۆمەڵێک چەمک و زاراوەن کە لەنێو هەموو کۆمەڵگەیەک لە جیهاندا بوونیان هەیە. بۆ شیکارکردن و نیشانکردنی کێشە هەنووکەییەکان و دوارۆژییەکان، مرۆڤ پێویستی بە چەند ئامرازێک هەیە بۆ ئەوەی بە تێڕوانینێکی زانستیانە چارەسەری گونجاو بدۆزێتەوە. بۆ نموونە کێشەی پەنابەری و ڕەهەندەکانی یەکێکە لەو کێشانەی کەلەم ساڵانەی دواییدا، بە هۆی سیاسەتی پاکتاوکردن بەرۆکی کۆمەڵگەی کوردی گرتووە، ترس لە نەمان بە هۆی پرۆسەی ئەنفالەوە، کوشتن و لێدانی ئافرەتان بۆ سەندنەوەی ئابڕو پێویستی بە پشکنینێکی زانستیانە هەیە تاکو پەنجە بخرێتە سەر ئەو هۆکارانەی کە پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێن کە لە گەڵ مرۆڤەکانی دی ئەو جۆرە ڕەفتارە بکات، کە هەندێک جار دەبێتە هۆی کینێکی ڕەش و پەنای بۆ کوشتنی مرۆڤەکانی برای دەبات. زانستی سۆشیال سایکۆلۆژی یان کۆمەڵناسی دەروونی، پێگە و ڕۆڵی تاک دەستنیشان دەکات لە نێو ئەو گەمە کۆمەڵایەتیانەدا، کاریگەری پێوەرەکانی کۆمەڵگە لەسەر تاک دەناسێنێت و چۆنیەتی ئاکاری ڕەفتارەکانی دەخاتە ڕوو.

بۆ نموونە بۆ دەستنیشانکردنی دیاردەی لێدانی منداڵان لە ماڵ و فێرگەکان، دەبێت تەماشای ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتیانە بکرێت کە بۆچی گەورەساڵان لێدانی منداڵ

پەسەند دەکەن. کە پێوەرەکان زانران، ئەوسا دەستنیشانکردنی هۆکارەکان ئاسان دەبێت و چارەسەکردنیان بۆ دەدۆزرێتەوە.
ناو ئاخنی ئەم پەڕتووکە لە کۆمەڵێک ڕاپۆڕتی زانستی پێکهاتووە، کە بەشێوەیەکی زانستی و لۆژیکیانە تەماشای ئەو جۆرە دیاردانە دەکەن کە ناوم هێناون، کە مرۆڤەکان ڕۆژانە ژیانی تێدا بەسەر دەبەن و بەشێکە لە دنیای هەنووکەییان. خۆناسین و هوشیاری تاک و کۆمەڵگە چەمکێکی ترە کە لەم پەڕاوەدا باس دەکرێت و بایەخەکەی دەخرێتە ڕوو کە تاچەند ئەم پرۆسەیە(خۆ هوشیارکردن و خۆناسین) پێویستە بۆ تاک و کۆمەڵگە.
سەرجەمی دیاردەکان پێکەوە گرێ دراوون و کاریگەرییێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر یەکدی بۆ دروستکردن و ئەو جۆرەی مرۆڤەکان ڕەفتار دەکەن و لەکوێوە کێشەکان، بۆ نموونە سەر هەڵدەدەن. پێم وایە زانستی سۆشیال سایکۆلۆژی ئەو ئامرازەیە کە دەکرێت بۆ کۆمەڵگەی کوردیش بەکاربهێنرێت، چونکە کۆمەڵگەی کوردی بەدەر نیە لەو دیاردانەی کە کۆمەڵگەکانی تری جیهان هەن.

ئاسۆ بیارەیی
2010-2-21 سوێد

## تێڕامان و بۆچوون

سەرجەم هۆکارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵێک پرسیار و لێکدانەوە و شیکاری ئەو بارە دەروونییە شاراوەیەن کە تاک بێ ئاسودەبوون تێیدا دەژی ، ئەم کتێبەی برای نوسەر ( ئاسۆ بیارەیی ) یەکێکە لەو کتێبە پێویستانەی کە گرنگە لەم بوارانەدا بوونیان زۆر بێت ..
بێ گومان لێکدانەوە کۆمەڵناسییەکان بۆ باری پەنابەری و لێدوان لە سەرجەم لایەنەکانی بەپێی باری ئەو کۆمەڵگایە و توێژینەوە و کاری بەردەوام بۆ بەدیارخستنی هۆکارەکانی لە گشت لایەنەکانیەوە و هەوڵدان بۆ کەم کردنەوەی ئازارو سارێژکردنەوەی زامەکان و ڕزگاربوون لە خەمۆکی و دابڕان و نامۆبوون و ڕێگاچارە بۆ کەم بوونەوەی دیاردەی کۆچ و پەنابەری ، ڕەنگە کۆچ و پەنابەری و ڕەو ئاوارەبوون و هەڵبژاردنی ئەو شێوە ژیانەی کە تاک بۆ بەختەوەری هەڵیدەبژێرێت لەگەڵ ئەوەی کە بەویستی خۆیی نیە ، هەموو لە مانادا جیاوازن و چەندین لێکدانەوەی لەیەک نەچوو لە خۆیانیان دەگرن ، لەدروست بوونی سەرەتای ژیاندا دیاردەی کۆچ و ڕەو بوونی هەبووە و تا ژیانی ئەمڕۆمان بەزۆر شێوازی جیاواز بەردەوامە ، کارەساتە سروشتیەکان ، شەڕ وماڵکاولی ، برسیەتی و نەبوونی ئارامی لەژیان ، گرفتی کۆمەڵایەتی و داب ونەریتی سەپێنراو باری ئابوری و گەڕان بەدوای ژیاندا ، چاولێکەری ، دیکتاتۆریەت و سیستەمی دەسەڵاتی نەگونجاو لەگەڵ

سەردەمدا و دەیان هۆکاری دی کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێن ببێتە پەنابەر ...
لەگەڵ دەست خۆشیم بۆ برای نووسەر ، پێم خۆشە لێرەوە ئەمە بکەینە دەرگایەک بۆ زیاتر گفتووگۆ کردن لەسەر ئەم باسە گرنگەی کە پێوەندی بە ئایندەی نەوەکانمانەوە هەیە و کاریگەری لەسەر ڕەوتی ژیانمان دەبێت ، بۆیە دەسەلأت وەک لایەنی پێوەندی داری یەکەم و دواتر ڕاگەیاندنەکان و نوسەران و بەشێوەیەکی تایبەت زانکۆکان بۆ زیاتر توێژینەوە و کارکردن لەم لایەنەدا ، بۆ ئەوەی بتوانرێت مامەڵەیەکی زانستیانەی سەردەمیانەی لەگەڵ دا بکرێت و لەخاڵێکدا کۆببینەوە و لەوێوە کارەکان دەست پێبکەن لەکەم کردنەوەی ئەم دیاردەیە ، لە دروست کردنی پەیوەندێکی توندو تۆڵی هاوبەشیانە لەنێوان پەنابەران و تاکی کورد لە وڵات بەو شێوازەی کە لە نەتەوەکانی دیدا دەیان بینین .. بۆیە لێرەوە دەسەلأت وەک بەرپرسی یەکەم دەبینرێ لەم هەنگاوەدا و بەهیوام کرداری دیارو بەرچاو لەم ڕوانگەیەوە ببینین ، لەگەڵ سوپاس دەست خۆشی برای نوسەر کاک ( ئاسۆ بیارەیی ) و هیوای سەرکەوتن و خوازیارم کە خوێنەرانیش کاتێکی خۆش و بەسود لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا بەسەر بەرن .

هەورامان علی تۆفیق
28.12.2009 ئەڵمانیا

# پێڕست

لاپەڕە　　　　　　　　　　　　　　　　بابەت


پەنابەرایەتی نەتەوایەتی گەڕۆک وخزمایەتی ........11

کۆمەڵناسیی دەروونی ..........................................23

بۆچی کوشتن لەسەر ئابڕووبردن.............................38

خۆناسین و هوشیاری لە کۆمەڵگەی دیموکراتییدا ......51

ژنسالاری و قەیرانی پیاو لە ..................................65

کاریگەری تاوانی ئەنفال.........................................69

ئازاردانی دەروونی منداڵ .......................................73

ئاشوبەنانەوەی گەنجانی شاری یۆتەبۆری ....................77

ئایا ڕەنگە خوێناویەکەی دەسەڵاتی پیاو.................88


مەترسی بەعەرەب کردنەوەی باشووری کورستان ....102

لە کۆی (یادی و ئەزمون) دا ..................................111

گەنجانی ڕەوەند ...................................................126

# خەونی گەڕانەوە بۆ کوردستان
# وەستانێکی کۆمەڵناسیانە

خێزانە جیهانیەکان
پەنابەرایەتی نەتەوایەتی گەڕۆک وخزمایەتی
**Global families**
**Transnational migration and kinship**



ژیان بۆ زۆربەی  پەنابەران لە چەند شوێنێکی جیاوازدا خۆی دەبینێتەوە. پێوەندی نێوان خێزانەکان باری ئابوری، شێوازی ژیان و کەسایەتی وا فۆرم و قەوارەی خۆی وەردەگرێت کە سنووری نەتەوەکان  هیچ واتایەکیان نابێت و پانتاییێکی فراوان دەپسێنێت.  لە ڕێگەی پێوەندییە نەتەوەییە گەڕۆکییەکانەوە (transnational relations) هەموو سنوورە جوگرافیەکان پێکەوە پەیوەست دەبن و زۆر لەو شوێنە جیاوازانە کە پەنابەر ڕەگی تێدا هەیە نیشتمانێک بۆ خۆی دروست دەکات. چەمکی خێزانە جیهانیەکان باسی ئەو هاوکارییە دەکات کە لە نێوان ژیانی پەنابەر لە سوێد و ئەو هاوبەشیە جیهانییە کە ئەو کەس و خێزانانە لە گەڵ وڵاتانی تردا، کە لێوەی هاتوون یان کەسوکاریان تیایدا هەیە و هاوبەشێکی تێدا دەبینن.

خێزان و خزمایەتی بنەڕەتی زۆربەی ئەو تۆڕە گەڕۆکە پێک دێنن.  پرسەکە ئەوەیە ئەو هۆکارە چییە کە خزمایەتی وا دەکات کە مرۆڤەکان سەرباری دوور جوگرافیاو جیاوازی کات، پێکەوە گرێ بدات؟ خێزانە جیهانیەکان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە لە ڕێگەی ئەو توێژینە ئیتنۆگرافییەی لەسەریان کردووم و ئەو هەڵوێست و ئەزمونەی چنگم کەوتوون. ئەم توێژینەوەیە ئەوە نیشان دەدات کە چۆن خێزانەکان سەرەڕای دووری خزمایەتییەوە خۆیان پێکەوە گرێ دەدەن، کە چۆن وەڵام  بۆ ئەو پرسە ئاڵۆزە و هەندێ جار، ناکۆکی ژیانی نەتەوەگەڕۆکەکان دەدۆزنەوە.

به ڕامانێکی ئانترۆپۆلۆژیانه، ئەم پەڕتووکە خوێندنەوەیەک و دوو ڕێبازی لە ئارا و زیندوو دەخاتە ڕوو، یەکەمیان کۆچبەری گەڕۆک و دووەمیان توێژینەوە هەنووکەییەکان لەسەر خێزان و خزمایەتی. (بڕوانە بەرگی پشتەوەی ئەم پەڕتووکە، وەرگێردراوە).

Transnational چییە؟

ترانس ناشیۆناڵ یان ئەو ناشیۆنالیزمەی کە گەڕۆکە و سنوورێکی نیشتمانی دیارکراوی نییە خۆی تێیدا بدۆزێتەوە، بەپێی هەندێ توێژەرەوەی کۆمەڵناسی ئەمریکی، ئەوپرۆسەیە کە پەنابەران لە ژیانی ڕۆژانەیان پێوەی چالاکن لە وانە چالاکی کۆمەڵایەتی، ئابوری و ڕامیاری کە چوارچێوەی سنووری نەتەوەکانی پساندوە.

بۆ تێگەیشتن لەو خاڵانەی خوارەوە و بۆ مەبەستی خستنەوەی ڕووی دینامیکی لە دایکبوونی خێزانە جیهانیەکانە لە پرۆسەی پەنابەریدا ، نووسەری ناوبراو چاوپێکەوتنی لە گەڵ شەست خیزانی کوردی باشووری کوردستان کە ڕەگەزنامەی سوێدیان هەیە کردووە.

Estamon&Åkersson (2007) ئەو توێژینەوە زانستی و کۆمەڵناسیانەیان کۆکردوەتەوە کە لەسەر ڕەوندی ئەو نەتەوانەی ناو سوێدە کە چەند ساڵێکە مافی پەنابەریان هەیە. توێژینەوەکە زۆر لایەنی ڕۆژانە و زیندووی لە خۆی گرتووە، لەوانە خەونی گەڕانەوە بۆ نیشتیمان و ئەو

ئاستەنگیانە کە ئەو خەونەیان تێکداوە. یەکێک لەو ڕەوندانە کە نووسەرEmanulsson لەم پەڕتووکەدا توێژینەوەی لەسەر کردووە، خەونی گەڕانەوەی کوردەکانی باشووری کوردستانە و ناکامەکانی. ئەو بەشەی توێژینەوەکە کە لەسەر ڕەوەندی کوردە لە لاپەڕە 259 تاکو 287 و چەند خاڵێکی بابەتی لە خۆ گرتووە:

- خەونی گەڕانەوە بۆ باشووری کوردستان
- جیابوونەوەی خێزانە کوردەکان
- لە دایکبوونی چەمکی خێزانی گەڕۆک

- خەونی گەڕانەوە بۆ باشووری کوردستان

هۆکارەکانی گەڕانەوە:

- o بەسەرکردنەوە و نوێکردنەوەی پێوەندی کۆمەڵایەتی و ژیان بەسەر بردن لە نێو خزم و کەسوکاردا.
- o بەکارهێنانی پیشە و ئەو بڕوانامەیەی کە هەندێ لە ڕەوەندەکان بەدەستیان هێناوە، لەهەمان کاتدا دژواربوونی دەستکەوتنی کار لەولاتێکی وەک سوێد.
- o بەهێزی ڕۆڵی ئەو گرێدەرە نەتەوایەتیانە و نەبوونی ئەو خاڵە لێکچوانەی نێوان کۆمەڵگەی سوێدی و کوردی.

- هۆکاری ئابوری وپێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی. لێرەدا هەندێک کە خاوەن بڕوانامەی بەرز و ناسراوبوون، بە گەڕانەوەیان بۆ باشووری کوردستان، لەو شوێنانەی کە خۆیان مەبەستیان بوو وەردەگیران و موچەیەکی باشیان وەرگرتووە.

ئەو خەونە پتر لەلای پیاوە کوردەکان برەوی هەبووە و هەیە. بۆچی ؟ چونکە زۆرجار ئەو پیاوانە شانسیان هەبووە بەهۆی کاری سیاسیەوە ڕووبکەنە ئەوروپا/سوێد و مافی پەنابەری سیاسی وەربگرن. ئەوەی کە ڕوویدا دوای پێکهێنانی هێڵی ئازاد لەلایەن وڵاتە هاوپەیمانەکانەوە ساڵی 1991 زۆر لەو پیاوانە دەرفەتیان بۆ سازا کە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان تاکو ژن بهێنن. خەونی گەڕانەوە بۆ نیشتمان یان باشووری کوردستان، ئەو خەونەیە کە بووە بە ئاواتی زۆربەی خیزانەکان بە تایبەتی دوای روخاندنی ڕژێمی داگیرکەری عەرەبی عێراق لە ساڵی 2003 زیاتر جۆشی خوارد وهەندێک بەتەواوەتی بڕیاریان دا بە ماڵ و منداڵەوە بگەڕێنەوە. زۆربەی ئەو پەنابەرانە(بەتایبەتی پیاوەکان) ئەندامی چالاکی پارتییە سیاسییە کوردییەکان بوون و ئاگاداری بارودۆخی سیاسی باشووری کوردستان بوون. هەندێ جارش بۆ کاری بەرخودان ڕوویان لە کێوەکانی کوردستان کردووەتەوە. داڕامانی ڕژێمی سەدام

هاندەرێکی ڕاستەوخۆ بووە بۆ هێنانە دی ئەو خەونە،خەونی کوردستانێکی ئازاد.

- جیابوونەوەی خێزانە کوردەکان و دروستبوونی ژیانی خێزانی لە نێوان دوو وڵاتی جیاوازدا

ئاستی گەڕانەوە دوای نەمانی ڕژێمی سەدام بۆ کوردستان لە لای پیاوە کوردە پەنابەرەکان، بە تایبەتی ئەوانەی سیاسی چالاک بوون لە هەموو پەنابەرەکانی دی خواستی گەڕانەوەیان بەهێزتربووە. زۆربەی ئەو شەست خێزانەی کە چاوپێکەوتنیان لە گەڵ کراوە منداڵیان لە قوتابخانە هەبووە، ئافرەتەکان خاوەن کاری هەمیشەیی بوون، هەروەها هەندێ لە پیاوەکانیش کاریان هەبووە. نووسەر ڕاشکاوانە باسی ئەو گرفتانە دەکات کە بۆچی خەونی گەڕانەوە بۆ باشووری کوردستان،خاکی باوباپیر بووەتە مۆتەکە و ئەنجامی ناکامی بۆ ئەو خیزانانە، کە یا جیابوونەوە یان پیاوەکان هەندێکیان لە نێوان سوێد و کوردستاندا هاتووچۆیان کردووە، تەواو بووە. هەندێ لەو خێزانانەش کە بە منداڵەوە گەڕاونەتەوە، دیسان ئاواتی ئەو خەونەیانی پوچەڵ بووتەوە کە ئەوان سالانێک لە هەندەران چاوەڕێی بوون و بۆی سووتاون. یەکێک لەژنە کوردەکان باسی ئەوە دەکات کە ئاسان نەبووە بۆ منداڵەکانیان خۆیان بگونجێنن. هەندێ ژن تەنها شویان بۆ ئەوە کردبوو کە لەو بارودۆخە

ناهەموارەی کوردستان ڕزگاریان ببێت. چەند ژنێکی تریش باسی ئەوە دەکەن کە هاوسەرگیری ئەوان بنەمایەکی خۆشەویستی نەبووە و بۆ ڕازی کردنی باوک یان برا و بنەماڵە کراوە. کچەکان هیچ بڕیارێکیان نەبووە لە پرۆسەی شووکردندا. هەندێ جاریش هاوسەرگیرییەکان شێوەی بازرگانی هەبووە و کچەکان بە زۆردراون بەشوو یان کوڕەکان تەنها بە وێنە کچەکانیان بینیوە و بۆیان ئیمپۆرت کراون. .

ئەو هۆکارانە بوونەتە دەستمایەی جیابوونەوە کاتێک پیاوەکان بڕیاری گەڕانەوەیان داوە، لە هەندێ خێزانیشدا ژنەکان پێگەی کۆمەڵایەتیان وەک ژنانی سوێد لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا بەهێزبووە و نە یانویستووە بە گەڕانەوە بۆ کوردستان ئەو پێگەیە لە دەست بدەن. هەندێ جاریش پیاوەکان ژنی دووەمیان هێناوە.

فاکتەری ئابوری و ئارامی دوو فاکتەری سەرەکی بوون کە خەونی گەڕانەوەی زۆربەی ئەو خێزانانەی سڕیوەتەوە. یەکێکی تر لە ژنەکان:

> هەرچەندە هەستێکی خۆش بوو کە گەیشتمە کوردستان و کەسوکارم دیتەوە، بەلام هەموویان چەکداربوون و منداڵەکان لە بری یاری کۆمپیوتەر، گەلێ یاری مەترسی داریان دەکرد و ویستم کار بکەم بەڵام مووچەکەم زۆرکەم بوو. لە هەمووی ناخۆشتر نەخۆشخانەکانییان

زۆر خراپ بوون. هەرچەند هەوڵم دا خۆم بگونجێنم، بەڵام زۆر شتە هاوبەشەکانی جاران نەمابوون.

ڕەوییبوونەوەی خەونی گەڕانەوەو هۆکارەکانی:

- گۆڕانی کۆمەڵگەی کوردی لە باشووری کوردستان و نەمانی هەمان خاڵی هاوبەش(لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا) لە نێوان ئەو خێزانە ڕەوەندانەو کۆمەڵگەی کوردی لە باشوور.
- نەبوونی بیمەی کۆمەڵایەتی و ئارامی ئابوری و لە باشووری کوردستان بەو شێوەیەی کە لە سوێد هەیە.
- جیاوازی لە بیرکردنەوەو و هەڵسوکەوت و گۆڕینی جۆری خزمایەتی.
- لەدایکبوونی پێوەر و نۆرمی نوێ لە کن خێزانە رەوەندەکان، بەتایبەتی منداڵەکانیان.
- شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی کە کۆمەڵگەی کوردی کرد بە دوو بەشەوە و هیوای ئازادی و بڕوابوون بە دوارۆژێکی پرشنگداری سڕییەوە.
- پێشەوەچوونی پێگەی ژنان و ترسی لە دەستدانی ئەو مافانەی کە ژنان و کچانی ڕەوند ئاشنای بوون و لە کۆمەڵگەی سوێدی فێری بوون. بە تایبەتی مافی یەکسانی لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا. بەپێی نووسەر ڕەنگە ئەمە کاریگەرترین هۆکاربووبێت کە

خەونی گەڕانەوەی لەلای پیاوەکان تێک دابێت، چونکە زۆر ژنەکان دژی گەڕانەوەبوون و ئاستەنگیان دروستکردووە Emanulsson (2007. لا 274). زۆربەی پیاوەکان پێیان وابووە بە گەڕانەوەیان بۆ باشووری کوردستان دەتوانن پێوەندییە کۆنەکانی خۆیان لەگەل خزم و برادەرانیاندا نوێ بکەنەوە، لێرەدا ئاگاداری ئەوە نەبوون کە ژن و کچەکانیان لەسوید فێری ژیانێکی نوێ بوون. جل و بەرگ و جۆری هەڵس وکەوتکردن بۆ نموونە. زۆربەی ئافرەتەکان کە دژی گەڕانەوە بوون، بەڕاشکاوی دژی پیاوسالاری بوون لە کۆمەڵگەی کوردیدا. هەندێکیان بەتەواوەتی هەر لەیەکەم ڕۆژی گەڕانەوەدا هەستیان بەو پیاوسالارییە کردووە کاتێک باوک و برای مێرد و مامەکانیان بینیوە کە ویستویانە ناچاریان بکەن و بەدڵی وان ڕەفتاربکەن. ئەو ناکۆکییە وای لەو ئافرەتانە کردووە کە بیر لە مانەوە لە باشووری کوردستان نەکەن. کەواتە لە دەستدانی مافەکان(مافی ئافرەتان) ئاستەنگێکی سەرەکی بووە بەرامبەر پیاوەکان.

- لە دایکبوونی چەمکی خێزانی جیهانی ڕەهەندەکانی

بۆ پێکەوە گرێدانی چەمکی خێزانی جیهانی بە باری ژیانی ئەو خێزانە کوردە پەنابەرانەوە، توێژینەوەکە میکانزمێکی

نوێی خستوەتە بەردەم خوێنەران و پەنجەی لەسەر ئەو خاڵە گرینگانە داناوە کە بۆنموونە خێزانە ڕەوەندە کوردەکانی سوێد چۆن بوونەتە خێزانێکی جیهانی و لە نێوان دوو نیشتیمانی دور لەیەکدا خۆیان بدۆزنەوە و بتوانن پێوەندییێکی پتەو لە نێوان سوێد و باشووری کوردستاندا ببەستن. لێرەدا پیاوەکان پێشەنگی ئەم جۆرە ژیانەن(خێزانی جیهانی)، ترسی لەدەستدانی پێگەی کۆمەڵایەتی و لە هەمان کاتدا بێکاری و نەبوونی خاڵی هاوبەش لە گەڵ کۆمەڵگەی سوێدا هانی داون کە هەندێکیان خێزانەکانیان لە سوێد بەجێبهێڵن و لە هەمان کاتدا خۆیان لە کوردستان کاربکەن. هەندێ لە خێزانەکان تەنانەت هانی منداڵەکانیان لە سوێد دەدەن کە بڕوانامە و پیشەی بەرز لە سوێد بەدەست بهێنن بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن بگەڕێنەوە.

شایەنی باسە سەرەڕای بۆچوونی ئافرەتەکان و ڕازی نەبوونیان بە گەڕانەوە، بەڵام سەردان و تێکەڵی هەمیشەیی لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی لە باشووری کوردستان، ئەو لینک و گرێدەرەی لە نێوان ئەو خیزانانەدا دروست کردووە، لە هەمان کاتیشدا پێشەوەچوونی مافەکانی ئافرەتان لە کوردستان، هەرچەندە شێوازێکی خاوە بەراورد لە گەڵ سوێد، دیسان ئومێدێکی تێدا دروستکردوون، کە دەتوانن بەشێوەیەکی کاتی لەوێندەر بژین بە تایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە بە تەمەنی گەورەساڵی ڕوویان لە سوێد کردووە. تەنیای و نەبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی وای لە هەندێ لەو ئافرەتانە کردووە کە ژیانی کوردستان زیاتر پەسەند

بکەن، بەتایبەتی ژیانی تێکەڵی و پیاسە ئێوارانی شەقام و بازارەکانی نیشتیمان.

## ئەنجامگیری

نووسەر Emanulsson (لاپەڕە 282 تا 286، 2008)گەیشتووەتە ئەو ئەنجامە کە خیزانە کوردە ڕەوەندەکان سێ ڕێگەیان لە بەردەم دایە:

1. گەڕانەوەیەکی هێدیانە و نەرم و دۆزینەوەی بارێکی ژیانی هێمن و ئارام لە هەموو ڕووەکانەوە ، نوێکردنەوە و پتەوکردنی خزمایەتی و پێوەندی لە گەڵ کەسوکار لە باشووری کوردستان.
2. جیابوونەوە، واتە لەیەکترازانی خێزانەکان و جودابوونەوە، لێرەشدا کۆمەڵێک لەو خێزانانەی کە تووشی جیابوونەو هاتوون و ژنەکان و منداڵەکانیان لە سوێد ماونەتەوە و پیاوەکانیش لە کوردستان ژیانێکی خێزانی نوێیان بۆ خۆیان دروستکردووە.
3. پێوەندییە نەتەوەییە گەڕۆکەکان transnational relations، هەندێ جار خێزانەکان دەگەڕێنەوە کوردستان و لەوێ دەمێننەوە. یاخود پیاوەکان لە کوردستان کار دەکەن و ژن و منداڵەکانیان لە سوێد ژیان دەبەنە سەر و هەندێ جار سەردانی کوردستان دەکەنەوە. لێرەدا باری ئابوری بەپێی نووسەر Emanulssonڕۆڵی بەرچاو دەبینێت، خێزانەکان ناخوازن تووشی قەیرانی ئابوری ببن ئەم شێوازە ژیانە

پەسەند دەکەن. نەگەڕانەوەی هێجگاری ئەم خێزانانە بۆ کوردستان، ئەجەندە و فاکتەری سیاسیشی لە پاڵە، لەوانە نەبوونی ئازادییێکی چەسپاو لە باشووری کوردستان بۆ کوردەکان.

4. لەبەر ڕۆشنایی پێناسەی ترانس ناشیۆنالیزم(بروانە لاپەڕە 11. هەمان سەرچاوە)، کەواتە هەندێ لە خێزانە ڕەوەندەکانی کورد لە سوێد خێزانی ترانسناشیێۆناڵن، چونکە ڕۆژانە کۆمەڵێک پێوەندی کۆمەلایەتی، ئابوری، سیاسیان هەیە کە سنووری نەتەوەکانی بەزاندووە. هەمیشە پێوەندییان بە باشووری کوردستانەوە هەیە. ئەم پێوەندیەش بە هۆی جیهانگیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە ئاسان بووە.

پایزی 2009 سوێد

سەرچاوە

Estamon&Åkersson, ( 2007). Globals familje, Transnationell migration och släktskap. Riga: Livonia Print

# کۆمەڵناسیی دەروونی ( Social Psychology) و
# دیاردەی نامۆبوون و نامۆیی

2008-1-16 سوێد

## دەستپێک

نامۆبوون لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا بووەتە گەورەترین کێشەی هەنووکەیی کە بەرۆکی مرۆڤەکان دەگرێت و دەیانخاتە کێشەیەکی ناوەکی دەروونیەوە، کە خودەکەی خۆیان نەناسنەوە و لە هەمان کاتیشدا نامۆ دەبن لە گەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژین و ناتوانن خۆیان بدۆزنەوە. ئەم دیاردەیە تەنها تایبەت نیە بە کۆمەڵگەی تاک گەراییەکانەوە، بەڵکو کۆمەڵگە کۆگەلیەکانیشی گرتووەتەوە ، کە بەهۆی جیهانگیریەوە، هەمان دیاردەی نامۆیی کەوتووەتە ناویانەوە.

دەروونناسی کۆمەڵایەتی Social Psychology

پێناسەی چەمک:

سۆسیال سایکۆلۆژی ئەو زانستەیە کە لە پێوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگە و ژینگەکەی دەپشکنێت و دەکۆڵێتەوە. ئەم زانستە بایەخدانی خۆی دەخاتە پشکنینی سنوری نێوان

دەروونناسی و کۆمەڵناسی،(Johansson, 1999, L. 13-14).

*Social Psychology* ئەو زانستەیە کە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە( Spaford, Still, Werthrell, Miell & Stevens, 2003, L. 14). بۆ ئاسانکردنی ئەم پێناسەیە، سۆسیال سایکۆلۆژی ئەو زانستەیە کە ڕووناکی دەخاتە سەر ڕەفتاری مرۆڤ و پێوەندییەکانی لە گەڵ کۆمەڵگەدا، چۆن کۆمەڵگە کاریگەری خۆی دەبینێت و مرۆڤ چۆن کاردانەوە دەنوێنێت، ئەو کاریگەرییە چۆن لە ژیانیدا ڕەنگ دەداتەوە.

سۆسیال سایکۆلۆژی فێرگەیەکی نوێیە کە کۆمەڵێک لقی هەیە کە هەریەکەیان بە جۆرێک دەڕوانێتە ڕەفتاری مرۆڤ و کۆمەڵگە ,(Karlssom. L, 465)..

نامۆ **Stranger**

پێناسە:

پێناسەی نامۆیی لە شێوازە کلاسیکیەکەیدا، لەو کاراکتەرەوە پێناسە دەکرێت کە لەڕووی نەتەوە یان کەمە نەتەوەییەوە سەرنجی پێ دەدرێت. بەپێی کۆمەڵناسە کلاسیکیەکان(کارل مارکس، دۆرک هایم و ماکس وێبەر)، بەهۆی گۆڕانکاری کولتوری کۆمەڵگەی مرۆییەوە لە ئەنجامی سەرهەڵدانی سەرمایەدارییەوە. شێوازێکی دی لە نامۆیی لە دایک بوو. ڕاڤەکەری دەروونناسی، ئەدمۆن فرۆید توانی وەکو دەروونناسێک بەشێکی گەورەی هوشیاری

شاراوەی مرۆڤ دەستنیشان بکات، کە مرۆڤ لە گەڵ خودیدا دەتوانێت پەی پێ بەرێت و بکەوێتە کێشە لە گەل خۆیدا،(یۆهانسۆن، لا. 223).
نامۆ و نامۆیی بوون لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، پێناسەیەکی دی دەگرێتە خۆی، کە لە ڕەنگۆی پێناسەی فەرهەنگ و تایبەتمەندییەکانیەوە دوورە. نامۆیی لە کۆمەڵگەی مۆدیرندا بەندە بەو ژیانە ئاڵوز و کاردانەوە چڕەوە کە مرۆڤ ڕۆژانە بەهۆی پێشکەوتنەوە باری ژیانی چەند لایەنە دەکات و ناسنامەکەی بەجۆرێکی تر بۆ دروست دەکات،(یۆهانسۆن، لا. 223).

جۆرج سیمەل، کە کۆمەڵناسێکی جولەکەیە و بەهۆی ژیانی ئاوارەییەوە بۆ ئەمریکا، دەڵێت نامۆ ئەو کەسە دەگرێتەوە، کە گرێدراو نیە بە شێوێنێک یان کۆنتێکستێکی تایبەتەوە. یان نامۆ ئەو کەسە بازرگانەیە کە هەردەم بە شوێن قازانجی خۆیدا وێڵە، کە خۆی بە هیچ سۆزێک یان پرنسیپێک پابەند ناکات. ئەم جۆرەی دوایی لە نامۆبوون، بزنزێکی سەرکەوتووە. ئەم جۆرە نامۆیە، لە ڕژێمی سەرمایەداریدا ڕەوتێکی زەق و دیارە.

بەو شێوەیە یان لە سەر بنچینەی پێناسەکەی( جۆرج سیمەل)ەوە، کەسی نامۆ، پابەند نیە بە سۆزێک یان پارچەیەکی جوگرافی تایبەتەوە و بە دیوێکی تایبەتی کۆمەڵگەوە. لە هەمان کاتدا کەسی نامۆ، خاوەنی دوو تایبەتمەندییە، لەلایەک بەشێکە لە کۆمەڵگا یان گروپێک،

لە لایەکی تریشەوە خۆی لە دەرەوەی پێوەندییە تایبەتیەکانی ئەندامانی ئەو گروپە یان کۆمەڵگەیەوە دەبینێتەوە. هەرچی تایبەتمەندی هەبێت بە ژیانی تایبەتی ئەندامەکانەوە، ئەو(کەسی نامۆ) نامۆیە لێی. بەپێی سیمەل(42-43) لێرەدا هاوکات نامۆ بەشێکە لە کۆمەڵگە و نامۆشە لە کۆمەڵگەدا. بۆ ئاسنترکردنی ئەم دیسکۆسە، کەسی نامۆ لە نێوان نزیکبوون لە کۆمەڵگەو دوور لە ئەندامی ئەو کۆمەڵگەیە جێپێی خۆی داناوە. ئەو دەبێت بەندبێت بە یاسای ئۆرگانیزەی ئەو کۆمەڵگەیەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا خۆشی بە نامۆ دەزانێت. چونکە هیچ هاوبەشێک یان چێژێکی یەکچوو لە گەڵ ئەوان و خۆی نادۆزێتەوە.

جۆرج سیمەل، دەڵێت کەسی نامۆ بابەتیانە و بێلایەنانە بیردەکاتەوە یان ڕەفتار دەکات، واتە ئۆبیەکتیڤێکی ئازادە و پابەندی هیچ یاسایەک نیە، کە ڕێگربێت لە جێ گۆڕینی. لە کۆی ژیانی مسۆگەربێت، ئەو لەوێیە.

ئەو پرسیارەی کە لەم باسەدا سەرەتاتکێ دەکات، ئەوەیە کە کەی نامۆبوون دروست دەبێت؟ سیمەل دەڵێت: کاتێک کاریگەری گێڕگۆڕکێی نێوان نزیک و دوور لە پرۆسەی نامۆبووندا قەتیس دەبێت، ئەوسا نامۆیی دەبێتە دیاردەیەک لە بەردەم مرۆڤدا. بۆ نموونە کاتێک هیچ خاڵێکی هاوبەش و بزوتێکی دیالێکتیکی لە نێوان جەمسەرەکانی کەسایەتی مرۆڤدا نامێنن. ئەو کاتەش

پێوەندی لە گەڵ جیهانی دەرەوەدا دەپسێ، ئەوسا نامۆیی دەبێتە نەخۆشی و هەڕەشە لە ئارامی بوونی مرۆڤ وەکو گیان لەبەرێکی هوشیار دەکات. لاش ئێرێک بەری، کە پلەی پرۆفیسۆری لە دەروونناسی کومەڵایەتیدا هەیە، لە پەڕتووکی(ئەو مرۆڤەی وازی دەکات، لاپەڕە 61) دەڵێت: ئەو کاتەی کە وێنەی هەمووومان لە ماڵەوە دەخەمە بەردەمی (ئیلڤا)ی کچم، لە ناو هەموو وێنەکاندا تەنها وێنەی خۆی ناناسێتەو، چونکە تەمەنی نۆ مانگەو جەمسەر خودی، لە جەمسەرەکانی کەسایەتیدا هێشتا گەشەی نەکردووە، توانای خۆناسینی نیە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەم، کە کە سایەتی مرۆڤ لە سەر ئەم جەمسەرانە پێک هاتووە:

1) جەمسەری من، کە جەمسەرێکی ئەکتیڤە و لە دۆخی ئێستا لێرەدا کاردەکات. بریتیە لە منێکی ئێستا. بۆ نموونە: من ئەوەم دەوێت، من ئەوە دەکەم، من ئەوە خۆم..هتد
2) .- جەمسەری خود، باسیڤەو ئەرکی باڵانسی کەسایەتی لە ئەستۆدایە، هەموو بیۆگرافی، نۆرمەکان، پێوەر و مێژووی مرۆڤی لە خۆ گرتووە. یان ڕۆڵی ویژدان دەبینێت.
3) جەمسەری سێیەم، یان بڕوای کەسی بەرامبەر. ئەوەی بەرامبەرمە کە وەکو ئاوێنەیەک وێنەی مرۆڤ لە گەل کۆنتێکسەکەیدا دەداتەوە. بۆ نموونە، کاتێک مرۆڤێک دیالۆگێک لە گەڵ کەسێکی تر دەکات، هاوکات کەسی گوێگر گوێی لە ووتەکانی بوو، کەسی قسەکەر بوونی خۆی لەو کەسەدا

دەدۆزێتەوە و هەست بە ڕێزێکی مرۆیی دەکات. بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر تۆ قسەبکەیت و کەس گوێت لێ نەگرێت، هەست بە نامۆییێکی گەورە دەکەیت و بوونی خۆت بەهەند نابینیت.

لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەمیشە ، دوو جۆر مرۆڤی نامۆ هەیە، یەکێکیان پۆزەتیڤە ئەوی تریان نەگەتیڤە. ئەوەی نامۆی پۆزەتیڤە ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە خاوەن بڕوانامەن، پێگەی یان پۆستی بەهێزیان هەیە و دەبنە هۆی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگە نوێیەی کە تیایدا دەژین(یوهانسۆن. لا. 234)، بۆ نموونە، ئەو دکتۆرە عەرەبانەی کە لە عێراقەوە ڕوو دەکەنە کوردستان، زۆر گەرمتر و باشتر پێشوازیان لێ دەکرێت لەو عەرەبانەی خاوەن هەشت نۆ منداڵن و نەخوێندەوارن و دەبێ یارمەتییان بدرێت. هەمان وێنە لە ژیانی پەنابەرانی ئەورووپادا، ئەوانەی خاوەن بڕوانامەی بەرزن، زۆرجار بە ئاسانی جێگەی خۆیان دەکەنەوە و خۆیان دەگونجێنن، لەو پەنابەرانەی کە دەبنە بار بەسەر کۆمەڵگەی دووەمەوە.

**بۆچی لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا نامۆیی بووەتە دیاردە؟**

دوای شۆڕشی پیشەسازی، نەمانی ڕۆڵی کڵێسا، شۆڕشی ڕۆشنبیری و کۆتایی دەسەلاتی دەرەبەگایەتی(فئۆدالیزم)، ڕژێمێکی کۆمەلایەتی نوێ، کاپیتالیزم جێگەی خۆی چەسپاند. تاکگەرایی جێگەی کۆمەڵگەی کۆگەرایی گرتەوەو نۆرم و پرینسیبە کۆنەکان سڕانەوە،(کرۆپتۆن، لا، 4). ڕژێمی

سەرمایەداری بۆ فرۆشتنی کاڵاکانی خۆی، سەدەها پێویستی ڕۆژانە بۆ مرۆڤ، بۆ گەرم کردنی بازارەکانی خۆی دروست کرد.

ڕژێمی سەرمایەداری کۆمەڵگەکان ، بە تایبەتی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، لە کۆمەڵگەیەکی بەرهەم هێنەوە دەکاتە بەرهەم خۆر( کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەند). ئەو پرۆسەیە، لە دوارۆژدا گەورەترین کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەنێتەوە، چونکە ئەو کۆمەڵگانە بە قۆناغی سروشتی گەشبوونی خۆیاندا تێ نەپەڕیوون، دەزگا و پەیمانگەی کۆمەڵایەتییان نییە یان لاوازە تا وەکو وڵاتانی ئەورووپا، کێشە هەنووکەیی و دوارۆژەکانی تاک و کۆمەڵگە چارەسەربکەن، هەروەها ئاینیش وەکو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ناتوانێت هاوکاری بوونی ئارامی و بڕوابوونی تاک بە خۆی بگێڕێتەوە. لێرەدا نامۆیی بوون، وەکو دیاردەیەکی تاک و کۆمەڵگە، دەبێتە نەخۆشییێکی ترسناک و تاکەکان سەریان لێ دەشێوێت، کە چۆن ئارەزووەکانیان تێربکەن. شۆڕشی پیشەسازی هەرچەندە لە سەرەتادا گوڕێکی مەزنی نا، بەڵام لە نیوەی ڕێدا، کۆمەڵێک نەخۆشی بۆ تاک هێنا، لەوانە نەخۆشییە نەرگسیەکان، نامۆیی، سڕینەوەی کەسایەتی و ناسنامە..هتد.

مۆدەرنیزم، ئەو هێزە بەتوانایەیە کە تا ناو ناخی خودی تاک دەچێتە خوارەوە، گلوبالیزم یەکێکە لە دوا بەرهەمەکانی ، کە جیهانی کردووەتە گوندێکی بچوک و

سنووری نێوان کات و شوێنی بەزاندووە. تەسک بوونەوەی جوگرافییای کات و شوێن، بەهۆی لە دایکبوونی ئینتەرنێتەوە، شۆڕشی زانیارییەوە، لە دوا ساڵانی سەدەی پێشوودا، تاک بە ئاسانی دەتوانێت پێوەندی بە جیهانی دەرەوە ببەستێت و سنووری نۆرمە کلتورییەکانی کۆمەڵگەی خۆی فەرامۆش بکات. لێرەدا تاک کەوتووەتە جیهانی دەریایەکی بێ ستروکتوورەوە، کە بریتیە لە سیستەمێکی ئەبستراک و شاراوە، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری ئەو سیستەمە، لە ناخی تاک دەکات. بۆ نموونە، بەهۆی ئینتەرنێتەوە کەسێک لە شاری سلێمانی، لە باشووری کوردستان دەتوانێت پێوەندی بەکەسێکی ترەوە لە ئەمریکا، بەبێ کێشە بکات. گرفتەکە لەوەدایە، کە ئارامی و بڕوابوون لەو پێوەندییەدا نیە، کە دەبێتە ئەنجامی نامۆیی، بەتایبەتی کاتێك کەسەکان لە یەکتر ئاشکرا دەبن. یان بەهۆی هاندانی ڕێکلامی بازارەوە، کەسەکان فریا ناکەون ڕۆژانە لە کڕینی ئەو کاڵا و شتوومەکانە خۆیان ببیننەوە، بۆ نموونە خووگرتن بە کڕینەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو نامۆییە کە تاک تووشی هاتووە، یەکێکە لە نەخوشیەکانی تر لە جیهانی گلوباڵدا، کە تاکەکان تووشی هاتوون. بەراورد لە گەڵ کۆمەڵگە پریمیتڤ و سەرەتاییەکان، جاران مرۆڤ ئەڵتەرناتیڤی زۆری نەبوو، تاک ئەو کێشە گەورەیەی نەبوو لە هەڵبژاردندا. کرێکارێکی خانەنشین کە دراوسێمە ووتی: جاران لە سوید تەنها دوو مارکەی تەلەڤیزێون هەبوون کە کڕیار هەڵیانبژێرێت، زۆر ئاسان بوو و کاتی زۆری نەدەبرد و

چێژی زیاتر بوو، ئەمڕۆ لایەنی کەم هەفتەیەکی دەوێت ئەگەر بتەوێت تیڤییێک بکریت و دوای هێنانەوەی بۆماڵەوە ئەو خۆشیەش نادات ، چونکە مۆدیلی نوێتر دوای هەفتەیەکی دی بەڕێوەیە.

ئەم گۆڕانکاریە لە پرۆسەی ووردبوونەوەی مرۆڤ لە تواناکانی خۆی، هوشیار و ناساندنی ئارەزووەکانی، دەریایەک لە هەڵبژاردەی خستووەتە بەردەم مرۆڤ، کە بووەتە هۆی فرەبوونی داخوازیەکانی، کاتێک بەراووردی دەکات لە گەل کەسانی تر و کۆمەڵگەدا.
ئەو پرۆسەیە، مۆدێرنیزم، مرۆڤەکانی لە کۆمەڵگەی گلوباڵدا هوشیار کردووە، بەڵام دیاردەی نامۆبوونی بە خود، هێناوەتە کایەوە، هەڵوێست و داخوازی مرۆڤەکانی گۆڕیوە، بۆ نموونە، کێشەی جیابوونەوە و ئاسایی بوونی لە کۆمەڵگەدا، لە ناو پەنابەرانیشدا بووە بە دیاردەیەکی سروشتی، نموونە ژن و مێردێکی کورد، دوای 10 ساڵ پێکەوە ژیان، جیابوونەوەی خۆیان وا باس دەکرد: کە شتێکی ئاساییە و مرۆڤ بۆی هەیە هاوسەری خۆی بگۆڕێت ئەگەر ئاواتەکانی خۆی تیا نەبینێتەوە. ئەو جووتە، ئەگەر لە کوردستان بوونایە، هەڵوێست و بۆچوونیان شێوازێکی تری وەردەگرت. یەکێک لە هاوسەرەکان ووتی: من چەند ساڵێکە لە گەڵ ئەو پیاوەدا خۆم بە نامۆ دەبینم و وا دەزانم لە گەڵ کەسێکی نەناسدا دەژیم، هیچ خاڵی هاوبەشم نەماوە لە گەڵیدا، ئەوەش باری گیانمی قورسکرد بۆیە جیابوومەوە.

مرۆڤ بە هۆی کاریگەری ( پزیسکدانی) گلوبالیزمەوە، دیمانە کۆنەکانی خۆی لە سەر خێزان لە شێوە کلاسیکیەکەیەوە گۆڕی، کە تەنها ماڵ و منداڵ هەبێت ئیدی تەواو. بۆ نموونە تەنها هاوسەرگرتن و منداڵ بەرهەمهێنان گرنگ نیە. لێرەدا چێژی جووتبوون و تێرکردنی داخوازیە جۆرەکانی یەکتر لەوانە، ئابوری و پلەو دەسەلات گەورەترین ئاواتە، کە زۆر جووت دوای چەند ساڵێک هەست دەکەن نامۆن بەرامبەر یەکتر و لە کۆتاییدا جیا دەبنەوە. کەواتە دیسان بۆ وەڵامدانەوەی نامۆیی وەکو کێشەیەکی سەردەم، ئەنجامگەلی جیهانگیریە کە مرۆڤی لە دەریایەکی بێ سنووردا فڕێداوە و ئاسان نیە بۆ تاک خۆی بدۆزیتەوە.

لەبەر ئەوەی، زۆرجار مرۆڤ لە ڕۆژێکدا دەکەوێتە نێوان کۆمەڵێک ڕۆڵی جیاواز ، بۆ نموونە ڕۆڵی باوک، دایک، مامۆستا، فرۆشیار، کڕیار، قوتابی و..هتد، مرۆڤ لێرەدا ناتوانێت بەڵانسێک لە نێوان جەمسەرەکانی(من، خود و کەسی سێیەم) کەسایەتیدا دروست بکات، تووشی شپرزەیی هەمەلایەنە دەبێت و کاتی بەدەستەوە نامێنێت تاکو بپەڕژێتە سەرخۆی. ئەنتۆنی گیدنس و( سیمەڵ لە لاپەڕە 224)، ئەو ڕۆڵ گۆڕینەوەیە، وا لە مرۆڤ دەکات کە کۆمەڵێک بوونی هەبێت هەرکاتێک ڕۆڵێک دەگرێتە خۆ، نەک یەک بوونی هەبێت، ئەوە دارمانی کەسایەتیە، کە لە گەڵ خۆیدا مرۆڤ دەخاتە گێژاوی نامۆییەوە. مرۆڤ سەروەری خۆی وەک یەکەیەکی یەک وێنە و شێواز، یان

پتەو  لە دەست دەدات، هەموو کاتێک کە کارئەکتەرێک دەبینێت، دەبێت ڕەچاوی کۆنتەکستێکی نوێ بکات. لێرەدا وەکو ئێریچ فۆرمان دەڵێت، مرۆڤ ڕەفتاری ئەو ئاژەڵە دەگرێتە خۆ کە توانای ڕەنگی گۆڕینی هەیە، مرۆڤیش ئەو شێوازە ژیانە بە ناچاری هەڵدەبژێرێت. لێرەدا گیانێکی درۆزن شوێنی گیانێکی ڕەسەن و ئۆرگیناڵ دەگرێتەوە.

نەبوونی دەسەڵات لەلای مرۆڤی مۆدیرن، یەکێکە لە بنچینەکانی نامۆیی کە مرۆڤ دەخاتە کۆگای نامۆبوونەوە. کارل مارکس(گیدنس لا. 226) زۆر شێلگیرانە باسی ئەو نامۆبوونە دەکات کە کرێکار وەکو ئۆبیەکتێک لە جیهانی سەرمایەداریدا سەیری دەکرێت و ئاڵوگۆڕە بازرگانیەکانی پێ دەکرێت. مرۆڤ دەبێتە کۆیلەی دەستی سەرمایە و خۆی بەنامۆ دەزانێت، چێژ و واتابوونی خۆی وەکو گیانلەبەرێک لە دەست دەدات. تا پرۆسەی مۆدێرنیزم پتر بەرەو پێش بچێت، مرۆڤ سەروەری خۆی زیاتر لە دەست دەدات. ونبوونی مرۆڤ و نامۆبوونی پێویستە بە ڕادەی ئاوات و ئامانجەکانیەوە. بۆ نموونە ئەگەر ئاواتی مرۆڤێک نزیکتر بێتە دی، پلەی نامۆبوونی لە گەڵ خودی خۆیدا و کۆمەڵگەکەی کەمتر دەبێت، بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر داخوازیەکانی نەیێتە دی، خۆی بەنامۆ و وون دەزانێت. نزیکترین نموونە زۆربەی ئەو لاوە کوردانە کە دەخوازن باشووری کوردستان بەجێبهێڵن، بەهۆی نەهاتنە دی ئاواتەکانیان خۆیان لە کۆمەڵگەی کورد بەنامۆ دەزانن و ژیانیان هەوارێکە چۆڵ و بێ تامە. ئەو لاوە کوردانە،

دەسەڵاتیان بە سەر ژیانی خۆیاندا نیە و لە خۆیان نامۆن و خودیان ناناسنەوە.

## ئەنجامگرتن

نامۆبوون بەهەموو خاڵە نەگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانیەوە، دەروازیەک بە مرۆڤ دەبەخشێت، کە هەموو پێوەندیەکی ئابوری، گیانی، فیزیکی و پێوەندیە ژیانیەکانی دی تاسەر نین و مرۆڤ دەتوانێت ئۆبیەکتیڤانە سەیری پرۆسە هەمە لایەنەکان بکات. نامۆیی و نامۆبوون، دژی هەموو سنووردانانێکن بۆ کۆتکردنی مرۆڤ لە کاتێک و ساتێکی جوگرافیایی دیاری کراودا لە هەمان کاتیشدا لە دەستدانی سەروەری مرۆڤە بە هۆی دەسەلاتی کۆمەڵێک هێز کە ڕۆژانە ئەو سەروەریەی لێ زەوت دەکەن، هێزی ئابوری بێت یان ڕامیاری.

لەدەستدانی ئەو سەروەریە بەهۆی مۆنۆپۆڵی هێزی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریەوە و هاندانی تاکەکان بۆ کڕین و بەکارهێنانی شت ومەک، مرۆڤ دەکاتە ئۆبیەکتێکی بازار و نوێ کردنەوەی بەرهەم. زۆربەی تاکەکان بۆ پارێزگاری ژیانی ڕۆژانەیان ڕژێمێکی گیانی، فیلتەرێک بۆ خۆیان دروست دەکەن، کە زۆر نهێنی تایبەتی خۆیانی تیا حەشاربدەن. ئەو تاکانەش کە ناتوانن ئەو جۆرە فیلتەرە کەسایەتیە دروست بکەن، دەبنە قوربانی ناو کۆمەڵگە و بە نەخۆش سەیریان دەکرێت. کەواتە لە دنیای مۆدیرندا، زۆر گرنگە کە تاک بتوانێت، بەلانسێک بۆ ژیانی خۆی دروست بکات، تاکو بوونێکی جێگیر بۆ خۆی بدۆزێتەوە. تاک دەبێت

پێکهاتەیەک و ستروکتورێکی گونجاو، خشتەیەکی تایبەتی بۆ ژیانی دابنێت، تاکو لە گەڵ گۆڕانکاریەکاندا دەربچێت، کە ڕۆڵی ئەو ریتوالە ئاینی و نۆرمە کۆنەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوە. چونکە لە کۆمەڵگە پاشکەوتووەکاندا، ئاین و کلتوور دوو پەنای بەهێزی بوونی تاک بوون کە لە هەموو هێرشێکی دەروونی و جیاواز دەیانپاراست. بۆیە گرنگە کە تاک ڕژێمێکی تایبەتی بۆ خۆی بخوڵقێنێت کە لە هێرشی دەرەکی بیپارێزێت، چونکە کۆمەلگە ئەو کارەی بۆ ناکات، دەبێت خۆی سەربزێو و هوشیاربێت.

سەرچاوەکان

Johansson, T. (1999). *Socialpsykolog. Moderna teorier och perspektiv.* Lund: studentlitteratur

سۆشیال سایکۆلۆژی. لوند: وێژەی خوێندکار. بکەر، هەنگاوە بێ سنوورەکان و گۆڕانکاریەکان

Crompton, R. (2007). *Class and Stratification, An Introduction to Current Debats*. Great Britany: Blackwell publishing. 2nd Edition. شێوازی چینایەتی چین و

Delanty, G. (2002). *Medborgarskap i globalisering tid.* Lund: studentlitteratur هاونیشتمانیەتی لە گلوبالیزمدا

Karlsson, L.(2004). *Psykologiska grunder.* Lund: studentlitteratur

Sapford, R, Still A, Wetherell. M, Miell D & Stevens, R

Berg, L.E. (1992). *Den lekande Människan, en socialpsykologisk analys av lekandets dynamik.* Lund: studentlitteratur *ئـەو مرۆڤـەی وازی دەکات*

Simmel, G. (1981). Hur är کۆمەڵگە چۆن دەبێت؟ samhället möjligt? Och andra essäe.

# بۆچی کوشتن لەسەر ئابڕووبردن
# لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدات؟



## لە دیمانەی کۆمەڵناسیەوە

پایزی 2007

نوسینی : ح ع

وەرگێڕان

فۆرمالیزەکردنی پرسیار و دەسپێک

ئەو هۆکارە چیە کە باوکێک هان دەدات کە منداڵەکەی خۆی بکوژێت- لە پێناوی پارێزگاری شەرەف و ناموسدایا؟ یان چی

هانی دایکێک دەدات کە لە قازانجی پیاوێکدا کە کچکەی کوشتبێت، شایەتی بدات- لە پێناوی پارێزگاری شەرەفدایە؟ (Wikan)ل(7 . 2003 ,). مرۆڤ دەکارێ ئەو پرسیارە لە خودی خۆشی بکات کە ئەو هاندەرە چیە کە دەبێتە ئەنجامێک کە مرۆڤ مندالّی خۆی بکوژێت بۆ پاراستنی شەرەف، کامەیە ئەو شەرەفە کە دەبێتە هۆی کوشتنی مرۆڤێکی تر . ووردبوونەوە بۆ تێگەیشتن لە( مێینە) ژن و کچ کوشتن لە سەر خاوێن کردنی شەرەف وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زەق و زیندوو پێویستە بۆ زانینی سەرچاوەی ئەو دیاردە کۆمەلایەتیە ناشرینە. هەروەها پێویستە ئەوە بزانرێت کە کوشتنی ژنان و کچان بەندە بە هۆکاری کولتوری و داب و نەریتەوە و پێوەندی بە سەرمۆنیی و ڕەوتی ئاینیەوە نیە. بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە بۆ ڕزگارکردنی ژنان و کچان لە کوشتن لە سەر مەسەلەی ئابڕوو شەرەف، پێویستی بە دۆزینەوەی ڕیفۆرمی پێویست هەیە کە ئەوەش بە دۆزینەوەی پۆلەتیکایەکی گونجاوە کە لە خودی تاکەکانەوە سەرەتا وەرگرێت، تاکو بە تایبەتی پیاو ڕێز و پێوەرێکی مرۆڤپەروەرانە بکاتە بناغە و ڕادەیەک بۆ ئەو دیاردە دزیوە دابنێت.

**پێناسەی کوشتن لە سەر(ئابڕوو) شەرف.**

کوشتن لەسەر شەرەف لەسەر بنچینەی ئەوە دەکرێت کە بەکوشتنی کچێک ، حەیاو شەرەف بۆ ئەو بنەماڵەیە دەگەڕێتەوە، کە ناوی زڕاوە. ئەو کوشتنە یەکێک لە پیاوەکان یان باوکەکان دەیکەن بە بیانوی ئەوەی کە کچکە یان ژنەکە پێوەرەکانی خێزان و بنەماڵەی پێشێل کردووە. (Wikan, 2003 ل(57-63.

.

سارا، فاتیمە و پێلا  لە و کچانەن کە لە سوید بوونەتە قوربانیی کێشەی شەرەف:کوشتنی ژنان و کچان لەسەر شەرەف ئاستی دەسەلاتیان لە نێو خێزاندا دەخاتە ڕوو (Bergqvist & Eriksson, 2000). بە بۆچوونی یوسفسۆن(2005)، بارستایی و گەورەیی شەرەف کەوتوەتە سەر ئەو پێوەرانەی کە کۆمەڵگە هەیەتی و چی لە سەر ژنان و کچان دەسەپێنن. بەپێی مەسعود لە ڕۆژنامەی یۆتەبۆری پۆست (Göteborgs-Posten 2002-01-26) ، کوشتنی ژنان و کچان لەسەرشەرەف  بەندە بەوەی کە پیاو لە ئاست دەروونیدا ڕێگە بە خۆی دەدات کە ژن و کچکەی لەسەر پاراستنی شەرەف بکوژێت.

بیرۆکەی شەرەف وەکو سیمبۆل و هێمایەکی دەروونی بە کاردێت بە پێی باسی( Bourdieu). هەستی شەرەف بە پێی ئەو نۆرمە کۆمەلایەتیانە دروست دەبێت کە هەندێ گرووپ لە کۆمەڵگەدا پێکەوەیان ناوە و لە سەری هەڵسووکەوت دەکەن و  ڕەفتار دەنوێنن. ئەو نۆرم و پێوەرانە ڕیشەیان لە بیرکردنەوەی کەسایەتی ئەو تاکانەدا داکوتیوە بە شێوەیەک کە تەنها ڕەفتار دەنوێنن کاتێک کێشەیەکی شەرەف دێتە ئاراوە. واتە ئەو کەسانە بەبێ بیرکردنەوە بە هۆی زاڵبوونی مەسەلەی شەرەف بە سەر هەستیاندا هەڵس و کەوت دەکەن، پێوەرەی شەرەف ڕۆڵی خۆی دەبینێت،(Järvinen, 2003 s.403). ئەو بۆچوونەی Bourdieu بۆردۆ لە تیۆری  سەرمایەی هێماییدا ناوی دەبات کە چۆن دووبارە دەبێتەوە و چۆن گرووپێک لە کۆمەڵگەدا دەسەلاتی هەیە بەسەر بۆ نموونە خوێندن، مۆسیقا و پیشە. شەرەف تا ئەو جێگەیە بوونی هەیە کە تاکەکان مل کەچی ئەو بڕیارو پێوەرانەن کە لە لەلایەن کۆمەڵگەکەیانەوە بۆیان دانراوە. دەبێ ڕەفتاری خۆیان بەپێی ئەو پێوەرانە بکەن کە چاوەڕێیان دەکات. بە بۆچوونی   (Järvinen, 2003 s.403)  فۆرم و نەخشی ئەو

پێوەرانە کاتێک کاریگەرییان نامێنێت کە تاکەکانی کۆمەڵگە هیچ بایەخێکیان بۆ دانەنێن.

## کاتێک ئابڕوو( شەرەف) دەبێتە هۆکاری کوشتن

ئەو شەرەفەی کە دەبێتە هۆی کوشتن، بە پێی پێوەرەکانی پیاو بناغەی بۆ دانراوە. پیاو بنچینەی شەرەفی خێزان لە ڕەوشتی ژنە چ لە دەرەوەی خێزان یان دەرەوەی دیاری دەکات. کاتێک ژنێک یان کچێک شەرەفی خێزانەکەی و کەس و کاری دەشکێنێت(پێوەرەکانی پیاو دەشکێنێت)، کوشتنی تەنها ڕێگە چارەیە بۆ گەڕاندنەوە ئەو شەرەفە، بە پێی ( Twana, 2004 s.67-69) . کەواتە شەرەف و ناموسی خێزان لە ماڵ و دەرەوە، لەلایەن پیاوەوە دابەش دەکرێت، کە خۆی پێوەرەکانی بۆ داناوە. کۆنترۆڵ کردنی دەسەڵات و جووتبوون لە لایەن پیاوەوە زەوت دەکرێت، لە سەر بناغەی ئەو پێوەرانە دامەزراوە کە فۆرم و سیستەمی فەرهەنگ ئەو کۆمەڵگەیە دایناوە، (Josefsson ، 2005).

داب و نەریت لە سەر بناغەی ئەو نۆرم و پێوەرانە دادەمەزرێت کە گرووپێک هەیەتی و لە لایەن تاکەکانیش هەمیشە بەرهەم دەهێنرێتەوە. ئەو داب و نەریتە بڕبڕەی مانەوەی گروپن. بۆ ئەوەی گڕووپێک هەرەس نەهێنێت، پێویستە تاکەکان پابەند بن بەو نۆرم و پێوەرانەوە کە بوونیان وەکو گڕووپ دەهێڵێتەوە، بۆ نموونە مەسەلەی کوشتن شەرەف، (Josefsson ، 2005).

دەربڕین و ژیانەوەی کولتور لە بیروبۆچوونی تاکەکان ئاوێتە دەبێت بە شێوەیەک کە کەسایەتییێکی هاوشێوە بۆ خۆیان دروست دەکەن. کەسایەتی مرۆڤ ئاڵۆزە بەڵام دژوار نیە و لە ژێر

کاریگەری ژینگەدایە کە بۆچوونی خۆی لەسەر دروست دەکات. بەواتایەکی تر، تاکەکەس بۆچوونەکانی خۆی لە ژینگەکەیەوە گەڵاڵە دەکات، لەو بۆچوونی کەسانی ترەوە و بوونی خۆی لە گەڵ ژینگەکەی ئاوێتە دەکات،(Ahrne Roman & Franzén لا 34، 2003). بەڵام بەشێکی کەسایەتی مرۆڤ گۆڕانکاری بەسەر نایێت و دەمێنێتەوە بۆ خۆی، ژینگە ناتوانێت کاری تێ بکات.

پابەندبوونی مرۆڤەکان بە داب و نەریت، نۆرم و پێوەرەکان و کەلتورەوە، یەکییێتیان پێکەوە بەهێزدەکات. ئەو پابەندبوونە وا لە مرۆڤەکان دەکات کە بێ بیرکردنەوە مل کەچی ئەو نۆرمانە بن و هەڵس و کەوت بکەن. بۆردۆ Bourdieu ئەوە بە شێوازێکی پەسەندکردن دەناسێنێت. Bourdieu ئەو پابەندبوونە بە پراکتیزەکردنی(ساغ) تەندروستیانە دەناسێنێت. Bourdieu پێناسەی ئەو پراکتیزە ساغە بەم جۆرە دەکات کە: بریتیە لە سیستەمی نەخشەگەلێک لە ڕەفتاری و پێباشبوونێک بە بێ ئەوەی مرۆڤەکان بیری لێ بکەنەوە، واتە تاکەکان مل کەچی ئەو پێوەر و نۆرمانەن بەبێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکیان لە سەر ئەنجامی ئەو پێوەرانە هەبێت. تاکەکان کوێرانە خۆیان پابەند دەکەن لە سەر بەڕێوەبردن و جێبەجێکردن بە بێ ڕەچاوکردنی ڕەوشت.

مرۆڤەکانی کۆمەڵگە زۆرجار ڕەفتار دەنوێنن بەبێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەک بکەن و هەڕەمەکیانە ناوەڕۆکی ئەو پێوەر و نۆرمانە پراکتیزە دەکەن، چونکە ئەو نۆرم و پێوەرانە لە هوشیارییاندا ڕەگیان داکوتیوە و ناتوانن خۆیانی لێ لابدەن. بۆرجۆ Bourdieu لێرەدا نموونەیەکی زیندوو دەهێنێتەوە کاتێک بەراورد نێوانی دووکەس دەکات. یەکەمیان شارەزایەو ڕێگاو بان باش دەناسێت، ئەوەی دووەمیان دەبێت نەخشەی پێ بێت بۆ

ئەوەی ڕێگا بدۆزێتەوە. ئەوەی یەکەم چونکە ئاشنای ناوچەکەیە پێویستی بە نەخشە نیە. تاکەکانی کۆمەڵگەش کە کوێرانە ملکەچی پێوەر و نۆرمەکان دەبن پێویستیان بە کاردانەوە و سەرنج دان نیە. بەپێ Bourdieu بۆ بە هێزکردنی دەسەڵاتی بنەماڵە و خێزان، تاکەکان بۆ ئەوەی خۆیان جیا نەکەنەوە و هەست بە گۆشەگیری نەکەن، لەو پێوە ر نۆرمانەدا ئاوێتە دەبن و بەرگری تەواو لە بوونی خۆیان و بنەماڵەیان دەکەن.
شێوازی نەریتی ڕۆڵی ژنانی کۆمەڵگە ئیسلامیەکان، لە سەر بنچینەی ئەوە دانراوە. کە ژنان دەبێت گوێڕایەڵ بن و دایکێکی باش بن و ژنێکی میهرەبان بن. کە ئەوە دەگەیێنێت کە دەبێت خۆیان بکەنە ژێر دەستی پیاوان و ببنە پێویستییێکی خێزان. لێرەدا شەرەف و ئابڕوو بۆ پیاو زۆر گرنگە. بۆ ئەو ژنەش کە دەخوازێت پیاوەکەی پەسەندی بکات، دەبێت پارێزگاری ئەو شەرەف و ئابڕووە بکات کە پیاو دایناوە. ئەو کچە بەشەرەفەش ئەوەیە کە ئاگای لە پەردەی کچێنی خۆی بێت. بەو جۆرە خێزان ڕۆڵی پاسەوان دەبینێت بە سەر کچ دا و ئازادی سنووردار دەکات بۆی. بە تایبەتی کاتێک دەکەوێتە تەمەنی هەرزەکارییەوە (نێوان 12-11 ساڵ). بۆ ئەوەی کچێک تووشی کێشە نەبێت لەو تەمەنەدا بۆ نموونە کوڕێک نەدۆزێتەوە و کچێنی خۆی نەدۆڕێنێت، ناچار باوکی دەیدات بەشوو.(Bergqvist & Eriksson, 2000).

یەکەم خاوەنی پەردەی کچێنی کچ، باوکە و خاوەنی دووەمی ئەو پیاوەیە کاتێک کچکە شووی پێ دەکات. لێرەدا پیاو کۆنترۆڵی تەواوی هەیە بەسەر پەردەی کچێنی کچدا. بەپێی قورئانیش، هەموو تاکێک بەرپرسیارەتی تایبەتی هەیە بۆ پاراستنی کوڕێنی و کچێنی خۆی، بەڵام لە پراکتیکدا تەنها پەردەی کچان دەبێت کۆنترۆڵ بکرێت.(Wikan, 2003 s.30). پیاو بە پێی نۆرم و پێوەرەکانی فەرهەنگ، دەسەلاتێکی ڕەهای هەیە لە هەڵوێست

وەرگرتن بەرامبەر پێوەندی لە گەڵ ژنان و کچان، کە کوڕ دەکاتە دەسەڵاتدار و کچ بێ دەسەڵات، ئەوە گەورەترین دەستکەوتی پیاوە لە کۆمەڵگەدا.
لەبەر ئەوەی هەموو تاکێک لە پەروەردەکردنی کۆمەلایەتیدا پێویستی بە مرۆڤەکانی ترە و دەبێ سەر بە گروپێک یان کۆمەڵێک بێت، بۆ ئەوەی ناسنامەیەکی هەبێت، ئەو پەنابەرانەی کە ڕوو دەکەنە سوێد هەمیشە لە و شوێنانەدا نیشتەجێ دەبن کە پەنابەری تیایە و ڕیشە و ناسنامەی خۆیانی تیا دەدۆزنەوە. ئەو شێوازە نیشتەجێبوونە جۆرێک جوداخوازی دروست دەکات کە کۆمەڵگەیەک لە نێو منداڵدانی کۆمەڵگەیەکدا دروست دەکات Masoud, 2002-01-26 Göteborgs-Posten .
ئەو نزیک بوونەوەیە دەبێتە هۆکاری بە هێزبوونی پێوەرە فەرهەنگیەکانی ئەو گرووپە و گردبوونەوەی ئەو گرووپە لەیەکتری. ئەو گردبوونەوەیە ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئەو کەسانە بە هێزتر دەکات و لە گرووپەکانی دی کۆمەڵگەدا گۆشەگیریان دەکات. سەر ئەنجام دەبێتە هۆی دروستبوونی بیرۆکەی ئێتنۆسەنتریزمEtnocentrism و گرووپی خۆیی، بە باش زانین و هەلسەنگاندنی گرووپەکانی تر بە پێی نۆرم و پیوەری گرووپەکەی خۆیی. بەپێی( Giddens لاپەڕە 40-42)گیدنس): ئەندامانی ئەو جۆرە گرووپە گۆشەگیرانە، بە دیدگەی نۆرمی گرووپەکەی خۆیان هەڵس و کەوت دەکەن گرووپەکانی تر هەلدەسەنگێنن بەبێ گوێ دانە ئەو ژینگە نوێیەی کە تێدا دەژین.

بە پێی Giddens هاوکات لە ڕوودانی ئەو دیاردەیەدا، ئەو جۆرە کردارانە بەشێوەیەکی لێشاو لە قولایی بوونی کەسایەتی مرۆڤدا دەرژێنە دەرەوە. گیدنس دەڵێت: (*لێشاوی ئەو هەڵسوکەوتانە لە سەرەتایی هەیە لە کۆتایی و نیمچە*

*پێکهاتەیەکیان هەیە*.,(Kaspersen, 2003 .L.493)). نموونە: کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی فەرهەنگێکی نوێ دەبێتەوە، ئەو فەرهەنگە نوێیە بەپێی داب و نەریتی خۆی هەڵدەسەنگێنێت بەبێ گوێدان بە یاسا و نۆرمەکانی ئەو فەرهەنگە تازەیە، لێرەدا ناکۆکی دروست دەبێت،( وەرگێڕ، 2008).

مرۆڤەکان هەموو هەڵسووکەوتەکانیان لە پلەیەکی پراگماتێکی هوشیار ئەنجام دەدەن، واتە بە شێوازێکی توانادار و هوشیارانە کارەکانیان دەکەن. ئەو کارانە لەلایەن کەسەکانەوە بەئاگاوە دەکرێن، بەڵام بە ئاکامەکانیان هوشیار نابن کەدەبێتە چی ئەگەر ئەوکارانە چەندبارە ببنەوە، لە کۆتاییدا شێوازی ناهوشیاری دەگرنە خۆیان و کەسەکان بەبێ ئاگا و بیرکردنەوە ئەنجامی دەدەن، گیدنس، .(Kaspersen, 2003 s.493).
ئەو کارانە لە کۆتاییدا شێوازی چالاکی دەگرنە خۆ کە لەگەڵ نۆرم و پێشبینیەکانی ئەو ژینگەیەدا بگونجێت و لە داهاتووشدا چەندبارە دەبنەوە، بەپێی گیدنس، شێوازی ڕاشیۆنال لە دەست دەدەن.

ئەو باوکانە و کەسوکاریان کە سەر بەو کۆمەلگانەن کە ژن و کچ دەکوژن بۆ پاراستنی ئابڕوو، دەبێت فێری ئەوە ببن کە مرۆڤەکان هەموویان یەکسانن و یەک بەهایان هەیە. ئەم بۆچوونەش چەند نەوەیەکی دەوێت تاکو جێگیرببێت و ئامانجێکی ڕەوایە کە کۆششی بۆ بکرێت. پێویستە بزانرێت کە کوشتن بۆ پاراستنی ئابڕوو و شەرەف کارێکی هەڵەیە، پێشێلکردنی مافی ژنان و کچان هەڵەیە. لێرەدا پێویستە هەموو هێزە خێرخوازەکان لە نێوان پەنابەران و سویدیەکان، پێکەوە یەکەیەک دروست بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوشتنی ژنان و کچان بە بیانوی

پاراستنی ئابڕووەوە، هەروەها بۆ رزگارکردنی ئەو پیاو و ژنانەی کە بوونەتە کوێلەی کلتوور و داب و نەریت.

Wikan Unni لە پەڕاوەکەیدا (*En fråga om heder*) یەک پرسیار لەبارەی ئابڕوو، شەرەف) *ئەوەی من مەبەستمە لە ڕێزگرتنی مرۆڤ، پێویست ناکات بەو شێوەیە بێت کە من ڕێز لە داب و نەریتی کلتوورێک بگرم، کاتێک ئەو کلتوورە ڕێزی مرۆڤی لە لا نەبێت* (2003 s.248) . من پێم وایە پێویستە مرۆڤەکان بەو شێوەیە ڕێزی یەکتربگرن کە لەسەر بنچینەی ئازادی بەهای مرۆڤایەتی بێت، نەک بەپێی بەهاکانی کلتوور . هەروەها من پێم هەڵەیە کە مرۆڤەکان کەسایەتی خۆیان لەسەر بناغەی پابەندی ئێتنیسکیەوە دروست دەکەن. ئەو جۆرە دروستکردنە ڕەنگە ببێتە هۆی کە ئەو مرۆڤانە (پابەندی ئێتنیسکی) بەهای خۆیان وەکو مرۆڤ نەزانن و شوێن ئەو لێشاوە بکەون و بێ ئاگایانە کار و هەڵسوکەوت بنوێنن،( بۆ نموونە کوشتنی کچێک یان ژنێک بۆ گێڕانەوەی ئابڕووی بنەماڵە، دوور نەڕۆین کوشتنی دوعا کە دەها کەسی بنەماڵە، دڕندانە بلۆک بارانیان دەکرد. وەرگێڕ، 2008).

Bourdieus کە کۆمەڵناسێکی فەرەنسیە، بەپێی بیردۆزەی( بیرکردنەوەی پڕئاگایی)، دیاردەی ژن و کچ کوشتن بۆ پاراستنی ئابڕوو، وا ڕوون دەکاتەوە: ئەوکەسانەی کە بەو کارە هەڵدەستن(ژن و کچ دەکوژن بۆ پاراستنی ئابڕوو) ڕەگی قوڵیان لە نێو پێوەرەکانی کۆمەڵگەدا وا داکوتیووە کە کوێرانە و بێ کاردانەوە پەیڕەوی ئەو نۆرمانە دەکەن و هەست بە هیچ کاردانەوەیەک ناکەن تاکو ئاکامی کارەکانیان دەبینن، ئەوەش کاریگەرێکی نەگەتیڤیان دەکاتە سەر.
گیدنس دیسانەوە دووبارەی دەکاتەوە کە ئەو پیاوانەی ژن و کچ لە ژێر بیانوی پاراستنی ئابڕوو و شەرف دەکوژن. بێ هوشیاری و

بیرکردنەوە ئەو کارە دەکەن، چونکە کەسەکان و ژینگەکەیان هانیان دەدات، کە دەیبەستنەوە بە ڕێنماییەکانی قورئان کە کارێکی ڕەوا و دروستە. ئەوەش وەکو ئاکارێکی پەنابردن سەیردەکرێت لە لایەن کۆمەڵگەوە پەسەند سەیر دەکرێت. لێرەدا کۆمەڵگا بەرپرسی یەکەمە لەو جۆرە دیاردانە کە زیان بە تاکەکانی کۆمەڵگە دەکەوێت. کۆمەڵگە دەبێت ڕژیمێکی گونجاو بۆ خۆگەنجاندنی تاکەکان دروست بکات، کە پەنابەران بەشدارن لەو کۆمەڵگە نوێیەی کە تیایدا دەژین. بەرپرسیارەتی دووەم دەکەویتە ئۆباڵی تاکەکانیش، کە دەبێت خۆیان لە گەڵ کۆمەڵگەی سوێدیدا بگونجێنن. لە هەمان کاتیشدا زۆر گرنگە کە بەهۆی ئەو دیاردەیەوە(کوشتنی ژنان و کچان لەسەر پاراستنی ئابڕوو) گروپێکی یان نەتەوەیەکی لە پەنادا پێ سووک نەکرێت و هەموو ئێتنیکەکە تاوانبار بکرێت.

**ئەو کۆمەڵگانەی کە** کوشتنی ژنان و کچان بۆ پاراستنی ئابڕوو تیایاندا ڕوودەدات:

کوشتنی ژنان و کچان لەسەر پاراستنی ئابڕوو لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوای ئەورووپادا، زۆر کەم ڕوو دەدات بە بەراورد کردن لەگەڵ کۆمەڵگەکانی جیهانی ڕۆژهەلات، چونکە لە ڕۆژئاوا تا پلەیەکی باش مافی ژنان پارێزراوە.
کوشتنی ژنان و کچان بۆ پاراستنی ئابڕوو، بە زۆری لە کۆمەڵگە کۆگەلیەکاندا ڕوودەدات تاکو لە ناو کۆمەلگە تاکگەراییەکاندا، ئەوەش بە هۆی ئەوەی کە پیاو کۆنترۆڵی تەواوی لەو کۆمەڵگانەدا هەیە. لەو جۆرە کۆمەڵگانەدا تاک هیچ دەسەلاتێکی نیە و ملکەچی پێوەر و نۆرمەکانی کۆمەڵگەیە.

لەبەر ئەوەی کوشتنی ژنان و کچان لەسەر پاراستنی ئابڕوو، دیاردەیەکی زەقە لە کۆمەلگەی هەمەرەنگی ئەمڕۆماندا، بۆیە پێویستە سوود لە زانستی کۆمەڵناسی وەربگرین بۆ ئاسانکردن یان دەستەبەرکردنی ئەو هۆکارانەی کە ئەو کەسانە هان دەدات لەو گرووپانەدا ئەو کارە بکەن، هەروەها چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە.

وتەی وەرگێڕ

لە بەرئەوەی زمانی کوردی زمانێکی هەژارە لە ڕووی زانستییەوە، لە بەر ئەوەی باسی زانستی کۆمەڵناسی و وەرگێڕانی لە زمانێکی بێگانەوە باسێکی هێجگار ووشکە، بە ڕەزامەندی نووسەر هەوڵم داوە هەندێ نموونە بهێنمەوە بۆ دەولەمەندکردنی باسەکە..هەروەها هەوڵم داوە بەشێوەیێکی گشتی باسەکە وەرگێڕم کە ناوەڕۆکی زیندووی خۆی لە دەست نەدات..

سەرچاوەکان

**Referenser:**

Ahrne, Roman, Franzén.(2003). *Det sociala landskapet*. Göteborg: Korpen.

Giddens, A. (2003). *Sociologi.* Lund: Studentlitteratur.

Järvinen, M. (2003). *Klassiska och moderna samhälles teori*. Lund: Studentlitteratur.

Kaspersen, L. (2003). *Klassiska och moderna samhälles teori*. Lund: Studentlitteratur.

Wikan, U. (2003). *En fråga om heder*. Stockholm: ScandBook AB.

Twana, T. (2004). *Debatten om hedersmord- Feminism eller rasism*. Stockholm: Svartvitts Förlag.

Masoud, K. (2002). *Kultur, segregation och hedersmord.* [Elektronisk]. Göteborgs-Posten, 26 januari. Tillgänglig: Mediearkivet [2002-01-26].

Josefsson, M. (2005). *Hedersrelaterat våld i Lunds Kommun.* [Elektronisk]. Rädda Barnen. Tillgänglig: http://www.k.lst.se/NR/rdonlyres/ B5BE887A-5B4F-4360-AE97-139137E65AD7/0/Hedersrelaterat_vald_Lunds.pdf. [2006-10-30].

Bergqvist, M. & Eriksson, Å. (2000). *Snart slut med Mord för syns skull*. Socialpolitik, 4, (2). 1-

# خۆناسین و هوشیاری
# لە کۆمەڵگەی دیموکراتییدا

سوێد 2006/6/3

1. پرۆسەی دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤ
2. جۆرەکانی کەسایەتی مرۆڤ
3. کۆمەڵایەتیبوون یان پەروەردەی کۆمەڵایەتی Socialisation
4. ئەو فاکتەرانەی کە کەسایەتی مرۆڤ دروست دەکەن
5. هۆشمەندی یان هوشیاری

## 1. پڕۆسەی دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤ

دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤ، پڕۆسەیەکی دیالێکتیکی بەردەوامە و هێزێکی هەڵسوڕێنەری کاریگەرە لە ژیانی مرۆڤدا. ئەو هەڵوێست و بۆچوونانەی کە مرۆڤ هەیەتی، درەئەنجامی ژینگە و باری پەروەردەی کۆمەڵایەتییە و هەندێکیان مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا فێریان دەبێت. میدیاش ڕۆڵێکی دیار و بەرجەستەی هەیە لەو پڕۆسەیەدا (Johansson,).

لە پرۆسەی دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤدا، مرۆڤەکان ڕۆڵگەلێکی جیاواز دەگرنە ئەستۆ، کە لە هەریەکە لەو ڕۆڵانە مرۆڤ دەبێت بە جۆرێکی گونجاو ڕەفتار بکات و خۆی بگونجێنێت

2. کە سایەتی چیە؟

لە کۆمەڵناسیدا، کەسایەتی بریتیە لەو بۆچوونانەی کە مرۆڤ هەیەتی لە بارەی خودی خۆی، کە کێیە و چۆن لە خۆی تێدەگات و کام شت لە ژیانیدا مانا دەبەخشێ بۆ خودی خۆی ( کەواتە چۆنییەتی تێگەیشتن لە خود خودی کەسایەتی دەسەڵمێنیت(, 2003,Giddens)

2. جۆرەکانی کە سایەتی

بەپێی Giddens دوو جۆر کەسایەتی هەیە، ناسنامەی کۆمەڵایەتی( social identitet) و کەسایەتی تایبەت( self-identity)، ئەم دوو جۆرە کەسایەتییە پێکەوە پەیوەستن بەیەکتر و لە کۆمەڵگەدا یەکتر تەواو دەکەن.

A. ، ناسنامەی کۆمەڵایەتی( social identitet) :

مەبەست لەم جۆرە کەسایەتیە ئەوە دەگرێتەوە کە چۆن کەسانی تر پێناسەی ئەو مرۆڤە دەکەن و تەماشای دەکەن، پێوەری بنچینەیان چیە بۆ ناساندی ئەو کەسە وەکو کەس و ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەی کە هەیەتی وەکو کەس. بۆ نموونە ڕۆڵی بوون بە باوک ، بوون بە خوێندکار، هەژار..هتد. سەرجەمی ئەم کەسانە تایبەتمەندی و

کەسایەتی کۆمەڵایەتیان هەیە.    ، ناسنامەی کۆمەڵایەتی قەبارەیەکی هاوبەش و کۆی لە خۆی گرتووە، مرۆڤەکان لە یەک گرووپدا هەمان هاوبەشی و تێڕوانینیان هەیە.

B. کەسایەتی تایبەت(self-identity    )، ئەگەر کەسایەتی کۆمەڵایەتی خاڵگەلی هاوبەشی هەبێت لە نێو تاکەکاندا، ئەوا کەسایەتی تایبەت جیاوازی نێوان تاکەکان دەخاتەڕوو. ئەم جۆرە کەسایەتییە بریتیە لە پڕۆسەی پێشەکەوتن و تێگەیشتن .

3. پەروەردەی کۆمەڵایەتی Socialisation لاپەرە 42 گیدنس

ئەو کەلتورەی کە ئەمڕۆ مرۆڤ گرتوویەتیە خۆی، خەرمانی هەزارەها ساڵی ژیانی مرۆڤایەتیە، کە نەوەکانی لە ڕێگەی پەروەردەیەکی دوورودرێژەوە فێری بوون.   کەواتە پەروەردەی کۆمەڵایەتی کەناڵ و سەرچاوەیەکی گرنگی نەوەی داهاتووی کۆمەڵگەیە.

لە بەر ئەوەی ئاژەڵ بەشێوەیەکی گشتی دەتوانێت ژیانی خۆی، یەکسەر دوای لە دایکبوونی بەڕێوەبەرێت، پێویستی بە پەروەردەی کۆمەڵایەتی نییە، هەرچەندە لە تەمەنێکی کورتدابێچوەکانی ئاژەڵیش وابەستەی یارمەتی گەورەکانن.

لێرەدا مرۆڤ بە پێچەوانەوە، لە زۆر ڕووی ژیانەوە لە سالآنی سەرەتایی ژیانیدا وابەستەیی تەواوی هەیە بەباوک و دایکیەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بژێت.

کەواتە دەتوانرێت پێناسەی پەروەردەی کۆمەڵایەتی Socialisation بەو پرۆسەیە بکرێت، کە مرۆڤ لە تەمەنی منداڵی و بێ تواناییدا تێپەڕی دەکات، کە بە هەنگاو هەنگاو بە پەروەردە دەبێت بۆ ئەوەی زانیاری وئەزمون فێرببێت، بەجۆرێک کە لەگەڵ داب و نەریتی کەلتورەکەیدا بگونجێت.

پەروەردەی کۆمەڵایەتی پردێکی پتەوە لە نێوان نەوەکاندا، لەو ڕێگەیەوە تاکە کەسەکان لە بوونی خۆیان و ژینگەکەیان هوشیار دەبن. پەروەردەی کۆمەڵایەتی ئەندامانی خێزان، کەسو کار و کۆمەڵگە لە یەکەیەکی پتەودا گرێ دەدات. پەرورەدەی کۆمەلایەتی بنچینەیەکی سەرەتایی و پێویستیەکی دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤە و پرۆسەیەکی چارەنووس سازی بەردەوامی تاکەکەس و کۆمەڵگەیە.

کۆمەڵناسەکان لە سەر ئەوە کۆکن کە دووجۆر پەرورەدەی کۆمەلایەتی هەیە:

a. پەروەردەی بنچینەیی یان سەرەتایی: کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی منداڵدا لە لایەن باوک و دایکەوە بەڕێوە دەچێت. ئەرکی فێرکردنی زمانە کە

گرینگترین بەشی پەروەردە لە خۆی دەگرێت و ئاشناکردنی منداڵەکە بە ڕەوشت و داب و نەریت. ئەم قۆناغە لە تەمەنی یەکەوە تاکو تەمەنی 7 ساڵان بەرەوژووریش بەردەوامە و منداڵ لێرەوە سەرەتای کەسایەتی دروست دەبێت.

b. پەروەردەی دەستی دوو: ئەم قۆناغە یەکسەر بەدوای قۆناغی یەکەمدا دێت و ئەستۆی پەروەردەی منداڵ لەماڵەوە دەگوێزرێتەوە بۆ دەزگا جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە، بۆ نموونە خوێندگە، هاوڕێکانی منداڵ، ماس میدیا و ژینگەی دەرەوەی سنووری ماڵەوە.

لە بەر ڕۆشنایی ئەو دوو قۆناغەی پەروەردەدا، کۆمەڵگە گەورەترین بارسەنگی دەروونی و کۆمەڵایەتی خۆی دەخاتە سەر تاکەکەس. کۆمەڵگە لە نیزیکەوە لە ساڵانی سەرەتایی تەمەنی مرۆڤدا ڕۆڵی بنچینەیی دەنوێنێت لە دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤدا، هەر لە فێربوونی زمان، داب و نەریت و ئاین و ڕەوشت، باوک و دایک و کەسوکار نیزیکترین کارمەندن لەم بوارەدا. کەواتە بوونی خێزانێکی ئاسایی و جێگیر لە باری ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، کاریگەری خۆی لە سەر ژیانی فرەڕەنگی تاکەکەسدا دەبینێت.

ژینگە و کۆمەڵگە پێکەوە تاکەکەس دەخەنە ناو کۆمەڵێک پێوەر و قاڵبی ژیان، کە دەبێت تا لە ژیاندا بێت پەیڕەویان بکات.

لە بەر ئەوەی کۆمەڵگە گەورەترین ئەرکی دروستکردنی تاکەکەسی گرتووەتە ئەستۆ، کە فێربوونی زمانە، فاکتەری فێربوونی زمان مەرجێکی تایبەت دەخاتە سەر کۆمەڵگە. چونکە لە ڕێگەی زمانەوە مرۆڤ دەتوانێت ئاوات و پێویستیەکانی بهێنێتە دی لە لایەنی خودی بابەتیدا، سوبژێکتیڤ و ئۆبژێکتیڤدا.

4. ئەو فاکتەرانەی کە کەسایەتی مرۆڤ دروست دەکەن

زۆرن ئەو فاکتەرانەی کەسایەتی مرۆڤ دروست دەکەن، لە وانە:

A. پەروەردەی کۆمەڵایەتی بە هەردوو قۆناغەکەیەوە، قۆناغی بنچینەیی یان پەروەردەی سەرەتایی منداڵ لە لایەن باوک و دایکی و کەسوکاری لە کۆمەڵگەی کۆلەکتیڤیەکانەوە، وەکو کۆمەڵگەی کوردی. پەروەردەی دەستی دوو، واتە لە دەرەوەی دەسەلاتی خێزان، خوێندگە، زانکۆ...
B. گرتنەخۆ یاخود وەرگرتنی ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری. بۆ نموونە ڕۆڵی بوون بە مامۆستا، بوون بە سەرۆک شارەوانی، بوون بە سەرۆک شالیار و زۆر ڕۆڵی تر کە کەسایەتی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵگەیەکدا بەرجەستە دەکەن. لێرەدا مرۆڤ لە هەر ڕۆڵێکدا کە دەیگرتە دەست یان دەی بینێت، دەبێت ڕەفتارێکی تایبەت

بەو ڕۆڵەوە هەیەتی کە دەیبینێت بنوێنێت، دایک دەبێت ڕۆڵی خۆی وەکو دایک بەرامبەر منداڵەکانی بنوێنێت. هەموو بار و دۆخێک یان ژینگەیەک ڕەفتارێکی تایبەت دەسەڵمێنیت بەسەر ئەو مرۆڤەی ڕۆڵی لە ئەستۆ گرتووە.

C. ڕۆڵی میدیا لە سەر دروستبوونی کەسایەتی

کاریگەری میدیا لە سەر تاکەکەس دیرە سەردەمێکە لە سەر کەسایەتی مرۆڤ لە فرەلایەنەوە دیارە، لەسەر بیرکردنەوەی، ڕەفتاری دووروو نزیکی، هەڵسوکەوتی، هەڵوێست وەرگرتن، پلان و نەخشەی ژیان و زۆر بواری تر..هتد

مرۆڤ ڕۆژانە جۆرەها شێوە لە میدیا بە کاردەهێنیت، بۆ نمونە تەلەفیزیۆن، ڕۆژنامە و ڕادیۆ.. هتد کەواتایەکی تایبەتی دەبەخشێتە ژیان. لە تەمەنی منداڵییەوە مرۆڤ ئەمڕۆ ئەم پێوەندییە ڕاستەوخۆیەی هەیە لە گەڵ میدیادا، بە تایبەتی لە تەماشاکردنی بەرنامەی کارتۆن و چیرۆکی منداڵانەوە. میدیا لە زۆر لایەنەوە سوود بە مرۆڤ دەگەێنێت:

- میدیا وێنەیەک لە و ڕاستیەی کە لە ژینەگەدا هەیە دەداتە مرۆڤ کە تیایدا دەژێت.
- میدیا لە ناوەڕۆکی ئەو راستیەوە یارمەتی مرۆڤ دەدات کە خۆی بناسێت، کە چ کەسێکە.

لە بەر ڕووناکی ئەو دوو فاکتەرەی سەرەوە، دەتوانرێت بوترێت کە میدیا هەردەم کاریگەری و گوشاری خۆی دەخاتە سەر کەسایەتی مرۆڤ، کە چۆن ڕەفتار بنوێنێت، بەکام شێوە خۆی پیشان بدات، کەچۆن نان بخوات و کاربکات. بۆ نموونە پیشاندانی پرۆگرامی مەرجەکانی لەش و لارێکی جوان لە تەلەفیزیۆندا گەورەترین دەسەڵاتی هەیە لە سەر بیرکردنەوەی مرۆڤ کە دەبێت کام ڕێگە بگرێت تاکو گەورەیی و بچوکی جەستەی لەگەڵ پێوەرەکان و مەرجەکانی میدیا بگونجێنێت، بۆچوونێک کە مرۆڤ دەبێتە پاشکۆی دەسەڵاتی میدیا.

کاریگەری میدیا دەسەلاتی خۆی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا دەسەپێنێت. شێوازی لەش و لاری نموونەیی، کە هی ژنان دەبێت ناسک و نیان و وورد و پیاویش چوارشانە و سنگ پڕ ماسولکە، نۆرمی نوێی بە سەر ژیانی مرۆڤدا داناوە، کە ئافرەت و پیاو دەبێت پەیڕەوی بکەن. لە دایکبوونی ئەم نۆرمە تازانە لە منداڵدانی میدیادا بووەتە هۆی کە میدیا ڕۆڵێکی بینراوی هەیە لە دروستکردنی ڕەفتاری ئافرەت و پیاو.
لە سەرەتای ڕۆژانی ژیانەوە ، بەهۆی جیاوازی بایەلۆژییەوە لە نێوان ئافرەت و پیاودا ڕەفتار و پەروەردەی هەردوو ڕەگەز(ئافرەت و پیاو) لە سەر ئەو بنچینەیە بۆی دادەنرێت. ئێمە پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتی جیاواز بۆ هەردوو ڕەگەز، نێر و مێ دیاری دەکەین و

هەریەکە لە ئافرەت و پیاو ڕۆڵی خۆی بەپێی ڕەگەزەکەی پێدەبەخشین. بۆنموونە بەرگی سوور و گوڵدار، یاری بووک دەدەینە کچان و دەمانچە و ئۆتۆمبێلیش دەدەینە کوڕان تاکو جیابن لە کچان Giddens sociologi p 113. کە واتە پێوەرەکانی ئێمەن لە سەرەتای منداڵییەوە جیاوازی دەخەنە نێوان کچان و کوڕان لە سەر نۆرمی ئەو پەروەردە کۆمەڵایەتییەوە کە کۆمەڵگەکەمان هەیەتی و کاریگەری میدیاکەی. دروستکردنی کەسایەتی کچ وەکو کچ و کوڕ وەکو کوڕ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی مرۆڤدا لە کۆمەڵگەوە سەرچاوەی گرتووە.

دابەشکردنی ڕۆڵی کچ و کوڕ دەتوانرێت بەشێوەیەکی نەگەتیڤ یا پۆزەتیڤ هان بدرێت بەپێی سیستەمی ئیمبارگۆ (گەمارۆدان) و هاندان و سزادان. ئەم سیستەمە لە سەرەتای منداڵیەوە منداڵ پەروەردە دەکات کە کامە شت گونجاوە بۆی وەکو کچ یان کوڕ( لا 117 Giddens sociologi).

کەسایەتی مرۆڤ لە سەر بناغەی جیاوازی نێوان مرۆڤەکان وەستاوە لەو ژینگەیەدا تیایدا دەژیت. هەروەها ڕادەی کاریگەری میدیا بەو ڕووداوانەی کە دەیگەیێنێتە ئێمە و چی ڕوو دەدات لە جیهاندا.

میدیا سنووری نێوان تایبەت و فەرمی ئەسڕێتەوە. مرۆڤ دەتوانێت هەستی خۆی لە هەموو شوێنکدا بەبێ بەربەست

دەرببڕێت،  لە ماڵ و لە دەرەوە. میدیا ئەوەی ئینتیم و شاراوەیە  دەیخاتە ڕوو  بۆ ئەوانەی کە دەخوازن بزانن. ئەم جۆرە ئاشکرا کردنە لە لایەن میدیاوە کار دەکاتە سەر دەروونی مرۆڤ، کە نا یەوێت ڕووی خۆی بەتەواوەتی بۆ دەورووبەرەکەی   ئاشکرا بکات و پەرچی ڕووی خۆی بەتەواوەتی بۆ ژینگە و کەسانی دیکە ئاشکرا بکات. چونکە ئاشکرا کردنی سیماگەلەکانی مرۆڤ دەبێتە ئەنجامی سەختی دیاریکردنی کە سایەتیەکی گونجاو بۆ خۆی.

میدیا هەندێ جار هێندە دەسەڵاتی هەیە لە سەر مرۆڤ، کە بۆ نمونە هەندێک کەس  تووشی خوگرتن بەسەیری تەلەڤیزیۆنەوە دەبن و زۆربەی کاتیان تەرخان دەکەن دانیشتن بەرامبە پڕۆگرامەکانی، یاخود بۆ یاریکردن لە سەر کۆمپیوتەر. لە شەڕی ڕووخاندی سەدام ساڵی 2003، میدیای ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی گەورەترین کاریگەریان نواند بۆ داڕمانی دەروونی سوپای عێراق و ماف دان بە خۆیان بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ (Johanssio 1999).

## 5 خۆناسین و هۆشمەندی

ئەگەر کۆی خاڵەکانی دروست بوونی کەسایەتی مرۆڤ و فاکتەرەکانی پێکەوە ببسترێنەوە لە مەسەلەی دروستکردنی مرۆڤدا، دەتوانرێت ئەم ئەنجامە بابەتی و ئۆبژەکتیڤە دەستەبەر بکرێت:

ڕۆڵی باوك و دایك زۆر گرنگە کەبتوانن زمانێکی پاراو و زیندوو فێری منداڵەکەیان بکەن ، زمانێك کە مرۆڤ بتوانێت ویست و ئارەزووەکانی بۆ کەسانی دەووربەری بەشێوەیەکی باش دەرببڕێت، کەلێی تێبگەن و بتوانێت وەڵامی پێویستیەکانی ڕۆژانەی پێ تەواوبکات.

بە هۆی زمانەوە، مرۆڤ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەبەستێتەوە و جیهانی خۆی دروست دەکات. لە ڕێگەی قسەکردنەوە ئاشنایەتی خۆی بە کلتور پەیدا دەکات و کاردانەوە لە سەر دیاردەکانا دەخوڵقێنیت.

باوک و دایک گەورەترین ئەرکیان لە سەرشانە کە پەروەردەیەکی هەمەلایەن و ڕاست پێشکەش بەمنداڵەکانیان بکەن و ژینگەیەکی هێمن و سروشتی بۆ مسۆگەربکەن. زمانێک کە کلیلی دەروازەکانی داهاتوویان بۆ سانا بکات بۆ پەرەسەندی دەروونی کۆمەڵایەتیان، چونکە زمان گرنگترین ئامێرە بۆ خۆ ناسینی مرۆڤ. بەبێ زمان مرۆڤ ناگاتە هیچ شوێنێک و ئاستێک و لە بازنەیەکی داخراودا دەمێنێتەوە. زمان واتای کەسایەتی مرۆڤ و بوونی دەگەێنێت. بەهۆی زمانەوە مرۆڤ دەتوانێت دیالۆگ، دلْداری، گاڵتە، بیرکردنەوە و زۆر لایەنی تری مرۆیی خۆی بسەلمێنێت. کەواتە زمان سەرچاوەی هۆشیاری مرۆڤە هۆکاری جیاکردنەوەیەتی لەژیانی ئاژەڵی (Nilsso & Wadermarson1994).

بەهۆی زمانەوەیە کە مرۆڤ توانیویەتی کلتوری خۆی درێژە پێبدات، دژی هێرشی بێگانە بوەستێت و بوونی خۆی بسەلمێنێت.

بایەخدان بەزمان، مرۆڤ هۆشمەند دەکات، تاکو ئاگاداری مافەکانی خۆی بێت. کە مرۆڤ مافەکانی خۆی زانی، بوونیشی بەهێزتر دەبێت و سوکایەتیش پەسەند ناکات.

زمان، کەسایەتی و هۆشمەندی سێ چەمکن کە یەکتری ڕاستەو خۆ تەواو دەکەن.
ئەگەر مرۆڤ زمانێکی باش نەزانێت، پێویستی ژیانی بۆ نایێتەدی، بە تایبەتی لە کۆمەڵگە دیموکراتەکاندا. بۆ نموونە لە بەر ئەوەی زۆربەی منداڵانی ڕەوەند، زمانی خۆیان بە پاراوی نازان، ناتوانن زمانی ئەو وڵاتەش کەتێیدا دەژین فێرببن و فێرگەش تەواوناکەن. ناچار واز لە خوێندن دێنن و کارێکی باشیان دەست ناکەوێت.

زمانێکی لاواز دەبێتە هۆی کەسایەتیەکی لاواز و نیوە چڵ و گرفتێکی گەورە بۆ ئەو مرۆڤە دروست ئەکات کە لەگەڵ کەسانی تردا دەژێت.  زمانی لاواز دەبێتە هۆی شەرم و ژێردەستەیی، دەبێتە هۆی کۆمەڵێک کێشەی دەروونی ناو مێشکی مرۆڤ کە دووچاری  کۆمەڵێک ڕەفتاری دەکات کە لەگەڵ پێوەری ژینگەکەیدا نەگونجێت.

له کۆمەڵگە دیموکراتیەکاندا گەورەترین بایەخ بەزمان دەدرێت بۆ بەهێزکردنی تاکەکەس و کۆمەڵگە کە نوێنەرێکی ڕاست و گونجاو بۆ خۆیان هەڵبژێرن. ئەو پەنابەرانەی کە زمانی خۆیان و ئەو وولاتە بە ڕێک و پێکی نازان، لە زۆربەی میکانیزمی پرۆسەی دیموکراتی ئەو وولاتانە بێ ئاگان و هەندێ جاریش لە جیهانە نوێکەی خۆیاندا، بێ هوشیار و گوشەگیرن، بەڵکو یاساکانی ئەو وولاتانەش بەهەڵە تێدەگەن و لە هەندێ مافیشیان بێ بەرن.

کە زمان کاریگەترین فاکتەری درێژە پەروەردەی کۆمەڵایەتی و پێوەندی نێوان مرۆڤەکان بێت، کە زمان کەناڵی دیالۆگ بێت .(Trost & Levin, 2004)، کەواتە زمان لە پێشەوە چوونی پرۆسەی دیموکراتی کۆنترۆڵی ناوەڕۆکی میکانیزمی وولات باڵا دەستە. بەهۆی دیالۆگی نێوان کەسەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی زمانەوە ئامانجەکان و نەخشەکان دەگەیێنرێنە یەکتر.

سەرچاوەکان

Nilsson, B & Waldemarson, A-K. *Kommunikation, samspel mellan människor.* Lund: Studentlitteratur
پێوەندی، تێکەڵاوی نێوان مرۆڤەکان. لوند: وێژەی خوێندکار

Nilsson, B,(1996).*Socialpsykologi.* Lund: Studentlitteratur
سۆشیال سایکۆلۆژی. لوند: وێژەی خوێندکار

Johansson, T (1999). *Social psykologi.* Lund: Studentlitteratur
سۆشیال سایکۆلۆژی. لوند: وێژەی خوێندکار

Trost, J & Levin, I (2004). *Att förstå vardagen.* Lund: Studentlitteratur
تێگەیشتنی ژیانی ڕۆژانە. لوند: وێژەی خوێندکار

# ژنسالاری و قەیرانی
# پیاو لە خێزانی ئەمڕۆدا

ژن سالاری یەکێکە لە قەیرانە نوێکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، کە هاوکێشە و پێوەرەکانی خێزانی بەرەو گۆڕانێکی نوێ خەملاندوە، کە دەسەڵاتی پیاوی لە نێو خێزاندا کردووەتە دووەم و ژنەکان چارەنووس و جڵەویان گرتووەتە دەست.

لاواز بوونی دەسەڵاتی پیاو(پاتریارکاری) دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک فاکتەر:

1 . فاکتەری ئابوری.
فاکتەری ئابوری یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی لار بوونەوەی تای تەرازوی دەسەڵات بەلای ئافرەتاندا لە ئەورووپای ڕۆژئاوا. بوونی کار و داهاتی ئابوری ئافرەتان، بوەتە هۆی بەهێز بوونی پێگەی ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا، بێکاری پیاوەکان و مانەوەیان لەماڵەوە بۆ کاری ناوماڵ و پەروەردەی مندالان ئەنجامەکەی لەقکردنی دەسەڵاتی پیاوسالاری لێکەوتووەتەوە. ئەوەش وای لە پیاوان کردووە کە بڕوایان بە خۆیان وەکو سەرپەرشتی خێزان کەم بێتەوە و یاوەری خۆیان بدۆڕێنن بەرامبەر بە ئافرەتان.

2. پێشکەوتنی بزوتنەوەی ژنان و کاڵبوونەوەی جیاوازی نێوان ئافرەتان و پیاوان.

پێشکەوتنی بزوتنەوەی فەمنیتسی لە سەرەتا و ناوەڕاستەکانی سەدەی پێشودا، گوڕێکی مەزنی بەخشی بە ڕابوون و هۆشمەندی ئافرەتان بۆ داخوازی مافەکانیان، بە تایبەتی بزوتنەوەی چەپەکانی دوای شۆڕشی پیشەسازی کە دەیان خواست ئافرەت و پیاو پێکەوە کاربکەن بۆ مسۆگەرکردنی بژێوی خێزان و هەمان مووچە یان هەبێت.

3 . جێگیربوونی میکانیزمی پرۆسەی دیموکراتی، کە تاکە کەسەکانی مافی بڕیاردانیان لە دروستکردنی دەزگاکانی میردا هەیە.

خونچەکردن و گەشەکردنی پرۆسەی دیموکراتی، میکانیزمی پێوەرەکانی ناو کۆمەڵگەی ئەورووپای ڕۆژئاوای لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی تاکەکەسەکانی ئەو کیشوەردا گۆڕیی، کە ئافرەتانیش مافی دەنگدانیان وەکو پیاوان هەبێت بۆ بەشدارکرن لە پێکەوەنانی دەزگا هاوچەرخەکانی کۆمەڵگەی شارستانی، کە مرۆڤەکان تیایدا هەست بە بوونی خۆیان بکەن و بە چاوێکی یەکسان سەیر بکرێن.

4. گۆڕانی پەروەردەی کۆمەڵایەتی socialisation

پرۆسەی دیموکراتی کارێکی یەکجار گەورەی کردە سەر شێواز و پەروەردەی کۆمەڵایەتی socialisation لە ناو خێزاندا و شوێنە گرینگەکانی کۆمەڵگە. بۆ نموونە لە

پەروەردەکردنی منداڵان دەبێت بەیەک چاو تەماشای کچان و کوڕان بکرێت و بەهۆی جیاوازی بایۆلۆژییەوە  بە نزمی سەیری کچان نەکرێت.

5. ڕادەی تاوانکردن کە زۆربەی پیاوان ئەنجامی دەدەن.
مەسەلەی تاوانکردن فاکتەرێکی ترە کە پێگەی پیاوی لە نێو کۆمەڵگەکانی ئەورووپای لاوازکرووە، چونکە زۆربەی تاوانەکان کە ئەنجام دەدرێن پیاو دەیکات.
6. ڕۆڵی میدیاکان.
ڕۆڵی میدیا دەسەڵاتێکە کە ڕۆژانە کاردەکاتە سەر ڕەوتی تاکەکەسەکان کە چۆن بڕواننە مەسەلەی خێزان  لە بواری پەروەردەکردن و گردکردنەوەی ئەو بیرانەی کە تایبەتن بە یەکسانی ژن و پیاو، کە کەسەیاتی ئافرەتی بەهێز کردووە بۆ مافی ژیان بەرامبەر بە  پیاو.

سەرباری ئەوەی کە ئافرەتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، قۆناغێکی دیاریان بڕیوە بۆ بەدەستهێنای مافەکانیان، بەڵام هێشتا گیانی باوک سالاری پیاوەکان بواریان ناداتێ کە پۆستە گرینگەکانی ووڵات بگرنە دەست. زۆرجار ئافرەتان  بە گیانلەبەرێکی لاواز دێنە ناساندن کە دەبێت شوێنیان ناو ماڵ بێت و گوێ ڕایەڵی بڕیارەکانی  پیاو بن. بۆ نموونە هێشتا ئافرەتان موچەیان لە هی پیاوان کەمترە سەرەڕای ئەنجامدانی هەمان کار و ئەرک.

ئەگەر سەرنجێک بدەینە خێزانە کوردەکان کە پەنابەرن لە ئەورووپای ڕۆژئاوا، لە ژیانێکی چەند ساڵی لە ناو ئەو سیستمە ئازادەدا، دەردەکەوێت کە زۆربەی پیاوەکان نەک تەنها سالاری ماڵن ، بەڵکو ڕێگەیان نەداوە و نادەن بە ئافرەتەکان کە پێشکەون. بگرە لە بازنەیەکی داخراودا درێژە بە پەروەدەی باوک سالاری ئاسنینی خۆیان دەدەن و کچەکان و ژنەکان بە چاوێک سەیردەکەن کوڕەکانیش هەموو دەروازەی ژیانیان بۆ ئاواڵەیە.

ئەو بۆچوونە نەگۆڕە (پیاوسالاری)، کۆمەڵێک کێشەی خێزانی خستووەتە ناو ئەو پەنابەرە کوردانەوە. لەلایەک پیاوەکان دەخوازن درێژە بە سالاری خۆیان بدەن و ئافرەتەکان سەرکوێر بکەنەوە، لە لایەکی تریش ئافرەتەکان هانا بۆ دەزگا دیموکراتیەکان دەبن بۆ خۆ ڕزگارکردن لەچنگی پیاوان. ئەنجامەکەشی جیابوونەوە و هەندێ جاریش ڕاکردن و خۆشاردنەوەی کچەکانە لە ترسی کوشتنیان لە سەر مەسەلەی شەرەف و ناموس.

---

ئەم باسە لە بەر ڕۆشنایی دیدگەی هەرەمی نێر و مێبوون Gendens، لە سەرچاوەی Giddens sociology لاپەڕە 124-130 نووسراوە

# بۆ دەبێت تاوانبارانی ئەنفال بدرێنە دادگا ، بە تایبەتی هەندێ لە کوردەکان؟

2008-4-16 سوێد

خەرواریک لە لێکوڵینەوەی( کاریگەری تاوانی ئەنفال لە سەر ژنانی کورد )

(2004 تا 2008 زانکۆی خێڤدە /سوێد )

یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوە زانستیەی کە کردوومە لەسەرکاریگەری ئەنفال لە سەر حەوت ژنی کورد لە تەمەنەکانی 18-76 لە سوێد، لە سەر باری سۆسیۆسایکۆلۆژی ، بەتایبەتی باری کەسایتی و ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئەو ژنانە، ئەوە دەردخات کە دادگایی نەکردنی تاوانبارانی ئەنفال بە تایبەتی هەندێ سەرۆک جاش و کوردە سیخوڕەکانی سەردەمی بەعس، گەورەترین ئازاری دروونی و کۆمەڵایەتیان لە لای ئەو قوربانیانە دروستکردووە. ئەو حەوت ژنە کوردە، نەک تەنها باسی خۆیان دەکەن کە چۆن ئازادی ئەو تاوانبارانە ئازاریان دەدات، بەڵکو ڕزگاربوونی ئەو تاوانبارانە لە سزا و دادپەروەری، کاریگەرێکی سۆسۆسایکۆلۆژی نەگەتیڤی بەجێهێشتووە و بووەتە ئەنجامێک کە قوربانیانی ئەنفال بەگشتی خۆیان بە تاوانبار بزانن. دروستبوونی ئەو هەستە دەروونیە لە ئەنجامی دەربازبوونی ئەو تاوانبارانەیە کە

ئەمڕۆ لە پاڵ دەسەڵاتی کوردیدا بێخەم کاری خۆیان دەکەن و دەسەڵاتداریش و هەندێکیشیان وەکو شەهید دێنە ناسین، سەرباری تاوانەکانیان.

لێکۆڵینەوە زانستیەکانی قوربانیانی شەڕی بۆسنیە 1994 و شەڕی دووەمی جیهانی، بە تایبەتی پاکتاوکردنی نەژادی جوەکان و شەڕی ڕوەندە ساڵی 1994 ئەوەیان سەلماندووە کە، سزادانی تاوانبارانی شەڕ و بکوژانی مرۆڤ، ئارامییێکی دەروونی و بڕوایەکی کۆمەڵایەتی دەگێڕێتەوە بۆ قوربانیەکان. هەروەها ئەو سزدانە دەبێتە ڕێگرێکی ناوچەیی و جیهانی لە دووبارە بوونەوەی ئەو جۆرە تاوانانە دەرهەق بە مرۆڤ، ئاژەڵ و ژینگە. سزادانی تاوانباران داخوازییێکی دەروونی ڕەوای قوربانیانە و یەکێکە لە گرنگترین خاڵی قەرەبووکردنەوە کە ووزەیەک دەبەخشێتەوە بە تاوان لێکراو و ئاسانکردنی ژیانی.

Knutsson ساڵی 2004 لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنی لە بۆسنیە و کەرواتیا کردووە و بەو ئەنجامە گەیشتووە، کە سزادانی تاوانباری شەڕ چەند پێویستە بۆ ئەوەی تاوان لێکراو بتوانێت درێژە بە ژیانی داهاتووی خۆی بە شێوەیەکی سروشتی بدات. کنوتسۆن دەڵێت: زۆربەی ئەو ژنانەی کە دوای شەڕ ژیانیان ئاسایی بووەتەوە، ئەو ژنانەن کە دەزانن تاوانبارەکان بە سزای خۆیان گەیشتوون و لە دوا ڕۆژیشدا چیدی کەس ناتوانێت هەڕەشەیان لێ بکات.

کەواتە سزا نەدانی تاوانباران، تاوان لێکراوان تووشی ترس دەکات ، لە لایەکی تریشەوە بێ بڕوایان

دەکات بەو سیستەمە دادپەروەریەی کە دەسەڵاتی هەیە. خاڵێکی گرنگ کە شایەنی پێ داگرتنە ئەوەیە کە ئازادبوونی تاوانباران، ڕێگە بە دووپاتبوونەوەی ئەو جۆرە تاوانانە دەدات. نموونەکان زۆرن لەوانە دەنگ نەکردنی جیهان بەرامبەر پاکتاوکردنی کورد لە لایەن تورکە نەژادپەرستەکان و رەفتاری دەسەڵاتدارانی ئێران بەرامبەر بەرهەڵستکارانی. ئەگەر ئەو ئەنجامەی کنوتسۆن ببەستینەوە بە باری دەروونی ئەو حەوت ژنە کوردەی کە من لێکۆڵینەوەم لەسەر کردوون، یان گشتی بکرێت لەسەر قوربانیانی تاوانی ئەنفال، بەشێوەیەکی سادە و گریمانە، دەردەکەوێت کە مانەوەی تاوانبارانی ئەنفال(عەرەب و کورد و تورکمان..) بەبێ دادگایی و سزا، گەورەترین زیانی سۆسیۆسایکۆلۆژیان پێ دەگات، ڕۆژانە بەدیتنی ئەو تاوانبارانە کە ئازادن، تاوان دژیان دووبارە دەبێتەوە و دەبێتە زەنگێکی دووبارە بووەوە کە ژیانی ڕۆژانەیان لێ تێکبدات. نەک تەنها لە خۆیان بەڵکو نەوانەش کە بەدەستی ئەوان پەروەردە دەبن.

کەواتە دادگایی کردنی تاوانباران لە باشووری کوردستان و عێراق، خاڵی وەرچەرخانی ئاسودەکردن و ئارامی قوربانیانی ئەنفالە. هەروەها پێویستە دەسەڵاتی کوردی بە پەرۆشەوە کاربکات بۆ دادگاییکردنی ئەو تاوانبارانە و بایەخی سزادانیان ڕەچاو بکات کە چەند قازانجی هەیە بۆ ئاسودەکردنەوەی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەو قوربانیانە.

سەرچاوەکان

Kaplan, S. (2003). *Barn under Förintelsen då och nu.* Finland: tryckning WS BO Bookwell. ISBN 91-27-09648-8

Knutsson, M.(2002). *Att leva vidare efter krig och etnisk rensning. En empirisk studie av kvinnors mentala hälsa i Bosnien-Hercegovina och Kroatien.* STOCKHOLMS UNIVERSITET: PSYKOLOGISKA INSTITUTIONEN.

# ئازاردانی دەروونی منداڵ

<u>پێناسەی ئازاردانی دەروونی منداڵ</u>

هەموو کردارێکه یان بایەخنەدانێکه کە کارێکی نەگەتیڤ دەکاتە سەر مێشك، سۆزی منداڵ و گەشەکردنی،هەستی خۆیی،توانای کۆمەڵایەتی ومەرجەکانی بۆ پێوەندیە سۆزە نیزیکەکانی.

<u>مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە ئازاردانی دەروونی</u> شێوازەهەڵسوکەوتێکە کە بەمنداڵ ڕادەگەیێنرێ کە بێکەڵکە، خۆشەویست نیە،نەویستە و بوونی ناڕەوایە کاتێك ڕووبەڕووی پێویستی ئەوانیتردەبێتەوە.

<u>نموونەی ئازاری دەروونی</u>: ڕەتکردنەوە،ترساندن،گۆشگیرکردن،هەڕەشەی جەستەیی(فیزیکی)و دەروونی(سایکۆلۆجی) لێدان و چەوساندنەوە.

<u>ئازاردانی ئەکتیڤ</u> :جۆرە شێوازێکی سوکایەتیە کەدەرهەق بەمنداڵ ئەکرێ. دەشێ منداڵ بشکێنرێ لەڕێگەی سوکایەتی پێکردن، جنێودان،ڕەخنەگرتن، هەڕەشەکردن، یاخود بکرێتە قوربانی..هتد. یان بریتی بێت لەڕەتکردنەوەی لەلایەن باوك و دایکەوە و هەڵوێستێکی دژایەتی وەرگرن و خۆ تورەبنوێنن بەرامبەر منداڵ یان لەڕێگەی بێ گوێدان و لەبیرکردنی.

ئازاردانی ئەکتیڤی منداڵ : ئەم جۆرە شێوازە ئازاردانانە دەگرێتەخۆی: زۆرجار هەڕەشەی بەجێهێشتنی لێدەکرێ. سزادانیش دەبێتەکارێکی ئاسایی. منداڵ لەتۆی چوار دیوارد توونددەکرێ، دابڕینکردنی لە هاوبەشی خێزان، دوورخستنەوەی لەهاوتەمەنەکانی یان سەیرکردنی وەکو هیچ، کەکەس نەگوێی لێبگرێ نە بیدوێنێ. باوك و دایك هەڵوێستێکی نەگەتیڤیان هەیە بەرامبەر منداڵەکە و هەردەم تایبەتمەندیە نەگەتیڤەکان دەخەنە ڕوو بۆی. منداڵ لەسەرەتاوە تێدەگات کە ئەوان(باوك و دایکی) کارێکی هەڵەدەکەن،کە شێتن، باشنین و خراپن.. هتد

ئازاردانی دەروونی(خاو) پاسیڤ کە پێشی دەوترێ فەرامۆشکردنی سۆزگەل کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ منداڵ بریندارناکات و نایشکێنێ،بەڵام پێوەندی بەنەبوونی توانای خودی باوك و دایکەوە هەیە کە ناتوانن پێویستیەکانی منداڵ بهێننەدی. ئەوان(باوك ودایك) کە هێندەی سەرقاڵی خۆیان و گیروگرفتەکانیانن ئاگایان لە منداڵ و پێویستەکانی نیە.

ئەو جۆرە باوك و دایکە ئەوانە ئەگرێتەوە کە خۆیان نەخۆشی دەروونییان هەیە یاخود گەشەکردنی دەروونیان کەمە و بەئاسانی ناتوانن سۆز و دڵنیایی، هاندانی عەقڵی و بوونێکی جێگیر بدەن بە مناڵەکانیان کە پێویستیانە.

هەروەها دەتوانرێت ڕەفتاری ئەو خێزانانەش بخرێتەسەر ئازاردانی دەروونی(خاو) پاسیڤ کە دایکەکان دووچاری لێدان و ئازاردەبنەوە ، ئەو خێزانانە کە بەدەست گرێی دووبەرەکی و ناکۆکیەوە دەناڵێنن. لێرەدا کە دایکەکە ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵە بگرێتە ئەستۆ.

ئەو باوك و دایكانەی كە بیرلە منداڵەکانیان ناکەنەوە زۆرجار تێگەیشتنێکی وایان نیە کە لە پێویستیەکانی منداڵ و ڕەفتارکردن لەگەڵیدا تێبگەن و مەبەست لەپێوەندی (باوك و دایك) بەمنداڵەوە چیە. ئەم جۆرە باوك و دایكانە لە شپرزەیی، گۆشەگیری کۆمەڵایەتی، بێ یارمەتی دەژین و خۆیان ژیانێکی پڕ کەموکوڕییان بردوەتەسەر.

ئەگەر منداڵ دووچاری ئازاری دەروونیی بکرێ تووشی فرەشکستی هەست دەبێت و (من)ەکەی و هەستی بەخۆکردنی دەڕوخێنرێ. ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی بریندارکردنی هەستگەلێك کە سەرئەنجام بێ توانایی و کەم خۆراکی لێدەبێتەوە، کە دەبێتە گیروگرفت لەتێکەڵاوی کۆمەڵایەتی گشتیدا و لەکۆتایشدا مەسەلەی پەیوەندکردن و بوون بەباوك و دایك.

بایەخنەدانی دەروونی بە منداڵ بەڕووکەش هیچ نیشانەیەکی نابینرێ، بێجگە لە بارە توندەکەی، بەڵام کارێکی شکست ئەکاتە سەر گەشەکردنی. ئەم جۆرە ئازاردانە دەروونیە(بایەخنەدانی دەروونی بە منداڵ )

هەستی بەخۆکردنی منداڵ بریندارئەکات و کاردەکاتە سەر تێکەڵی کۆمەلایەتی، کاردەکاتە سەر هۆش و گەشەکردنی رادەی فێربوونی . هەرچەندە دەرئەنجامەکانی ئەم جۆرە ئازاردانانە راستەوخۆنابینرێن، بەلام کە منداڵەکە گەورەتربوو باشتر دەردەکەون.

بایەخنەدانی دەروونی دژوار بەمنداڵ ئەم جۆرە بایەخنەدانە نەك تەنها دەبێتە هۆکاری برینداری دەروونی ،بەڵکو رێگە دەگرێ لەگەشەی جەستەیی. هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی کە مێشکیش ئاسایی گەشە ناکات.

هاندانی بیرو و هۆش و سۆز لە تەمەنی یەکساڵیدا زۆر گرنگە بۆ گەشەکردنی سیستەمی نەرقەکانی منداڵ. بایەخنەدان دەبێتە هۆی پەرۆشی دەروونی و کەم توانایی لە بیرو هۆش.

http://www.famratt.com/vardnad/vald/vbu_vald_psyk.htm

لە نووسینی

Barbro Hindberg

Psykisk misshand

el2002-03-07

# Riot

# ئاشوبەنانەوەی گەنجانی شاری یۆتەبۆری
## 9-9-2006

دەقی وێژەیی و ڕاڤەی کۆمەڵناسی
2006-10-12 سوێد

دەستپێک و ئەبستراک

ئاشوبەنانەوە Riot ئەوە دەگەیێنێت کە کۆمەڵێک خەڵک یەکدەگرن بۆ تێکدانی باری ئارامی لە ڕێگەی بەکارهێنانی توندو تیژی بۆ ئاستەنگ دروستکردن لە بڕیارێک یان هەنگاوە چارەیەکی نوێ، کە لەگەڵ خواستی ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا یەک ناگرێتەوە( Nationalencylopedin, 2006 ). نەبوونی دەسەڵات، هەستکردن بە گۆشەگیری و جوداسازی نەژادی و بڕێکی دی لە کێشە چارەنەکراوەکان سەرچاوەی ئاشوبەنانەوەن کە دەبێت بەشێوەیەک لە شێوەکان دەربڕێت.

مەبەست و ئامانج

مەبەستی ئەم( ئێسیە) و ڕاڤەیە ئەوەیە کە ڕووناکییێک بخاتە سەر دیاردەی ئاشوبە نانەوە لە دیمانەی

کۆمەڵناسیەوە و ڕاڤەی ئەو ئاشوبە و هەرایەی گەڕەکی ئەنگرێد لە شاری یۆتەبۆری، لە سوێد بکرێت کە ڕێکەوتی 9 سێپتەمبەری 2006 ڕوویدا، کە ئەو گەڕەکە یەکێکە لەو شوێنانەی کە دانیشتوانەکانی لە پەنابەر پێک دێن. بۆ ئەوەی مەبەستی(دیاردەی ئاشوبەنانەوە riot) زیاتر ڕوون بێتەوە پشتم بە کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی بەستوە. لەوانە دیمانەیPierre Bourdieus جیاوازگەری و جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتی و هەروەها ڕوانگەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی Giddensم بەکارهێناوە. ئامانج ئەوەیە بزانرێت بۆچی ئەو ئاشوب و هەرایە، تەنها لە گەڕەکی پەنابەرەکان ڕووی دا و گەڕەکەکانی تری شاری یۆتەبۆری نەگرتەوە.

قوڵبوونەوە

بە پێی پۆلیسی شاری یۆتەبۆری ، ڕێکەوتی9 سێپتەمبەری 2006 کاتژمێری 23.30 بەشێکی بەرینی گەڕەکی ئەنگرێد، کە گەڕەکێکی پەنابەر نشینە، دووچاری گەورەترین ئاشوب و هەرا دەبێتەوە بەبێ هۆکارێکی دیار و بۆ ماوەی سێ کاتژمێر کارەبا دەکوژێتەوە. ئەو شەمەندەفەرەی کە ئەو گەڕەکە بە سەنتەری شار دەبەستێتەوە، دوا دەکەوێت و دەبێتە هۆی تورەیی سەرنشینەکانی کە زۆربەیان پەنابەرن و ئەو کەسانەی کە لە ئێزگەکاندا چاوەڕێی ئەو شەمەندەفەرە دەبن . ئەو تورە بوونە، خێرا گەڕەکە پەنابەرنشینەکانی تر دەگرێتەوە، لەوانە یەلبۆ و دەبێتە هەرا و ئاشوبێکی گەورە. نزیکەی سەد گەنج دەست دەکەن

بەشکاندن و تێکدانی ئەو شتانەی کە دەکەونە بەر دەستیان. ئەو ڕووداوە لەلایەن پۆلیسی شاری یۆتەبۆریەوە بە ئاشوب دێتە ناسین.(Polismyndigheten i Västra)

فۆرمالیزەکردنی کێشکە و پرسەکان

ئایا سەرچاوەی ئەوە چیە کە دەبێتە هۆی توڕەیی مرۆڤێک و هەرچی بکەوێتە ژێر دەستی دەیشکێنێت و تێکی دەدات؟ سەرچاوەکانی ئاشوبەنانەوە کامانەن بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە پەنابەری زۆری تێدایە؟ بۆچی توند و تیژی بەخێرایی بڵاو دەبێتەوە؟ بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی قوڵم هەبێت لە بارەی ئاشوبەنانەوەکەی ئەنگرێد لە شاری یۆتەبۆری ساڵی **2006**، گەشتێکم لە کۆمەڵێک ئاشوبەی کۆن کردووە و وەکو نموونە بەکارم بردوون، لەوانە:

1- زۆر لەو گەنجانەی کە تێکەڵ بە ئاشوبەنانەوە بوون ، هێزی پۆلیس تاوانباردەکەن لە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی خۆپیشاندەران و بەکارهێنانی توونڈو تیژی کە بووەتە هۆی دروست بوونی ئاشوبەنانەوە. Jorge Aliaga (Aravena, 2006) جۆرج لەلایەن پۆلیسەوە دەگیرێت بەبێ ئەوەی ئاگای لە هیچ کێشە و ڕووداوێک بێت و بەبێ ئەوەی ناوبراو توند و تیژی لە کاتی خۆپیشانداندا بەکارهێنابێت. بەپێی جۆرج، پۆلیس کەسێکی هەڵەی گرت.

2. لەو ساڵانەی دواییدا زۆربەی ئەو پرۆتێست و نارەزاییانەی کە لەرێگەی خۆپیشاندانەوە روویان دا، بوونە سەرچاوەی ئاشوب و بەکارهێنانی توند و تیژی لە لایەن خەڵکانی هەڵچووەوە. بەتایبەتی 6/11 2005 Seine-Saint-Denis i Paris ئەو ئاشوبە گەورەیەی فەرەنسا لە رێکەوتی 6-11- 2005 لە رۆخەکانی شاری پاریس. بە سەدەها ئۆتۆمبێل هاتنە سووتاندن و سەدەها دوکان و مەگازین تێکدران . توند و تیژی هەفتەیەکی خایاند و هەندێ لە ئاشوبکەرەکان لە لایەن پۆلیسەوە گیران. بەپێی پۆلیسی ئەو شارە، سەرچاوەی ئاشوبەکە لەوە سەری هەڵدا کە دانیشتووی ئەو گەرەکانە خۆیان بە پەراوێز دەزانی و دژی ئەو بریارە ریفۆرمانەبوون کە میری دەیویست بیکات بۆ گۆرینی مافی کارکردن بۆ گەنجان.

میتود و شێواز Method

ئاشوبەکەی ئەنگرێد لە ژێر رووناکی تیۆری و دیدگەکاندا

بۆ ئەوەی بۆچوونێکی قوڵی کۆمەڵناسیانە بخرێتە بەردەم و تێگەیشتنێکی تەواو هەبێت لە سەر ئەو ئاشوبەی ئەنگرێد/یۆتەبۆری کە گەنجان کردیان، بیردۆزەی Pierre Bourdieus Symboliskt kapital(سەرمایەیی هێما)م بەکارهێناوە و لە گەڵ دیدگەی بزاڤە کۆمەڵایەتیەکانی Giddens تێهەڵکێشم کردووە. هەروەها کۆمەڵێک

سەرچاوەی زانستیم بەکارهێناوە کە ئەم ڕاڤەیە دەوڵەمەند و بە پیت بکات. ئەم ڕاڤەیە 60 کاتژمێری بردووە .

## ڕێگوزەری شێواز Procedur

### 1-سەرمایەی هێمایی Symboliskt kapital

سەرمایەی هێمایی Pierre Bourdieus لەسەر بناغەی ئەوە بەندە کە گروپێک لە نێو کۆمەڵگەدا دەسەڵاتی هەیە بەسەر گروپێکی تردا لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرمایەی هێماییەوە. ئەو سەرمایە هێماییە بریتیە بۆ نموونە: مۆسیقا، هونەر، شانۆ و پیشەکان. بە بۆچوونی ئەو دەسەڵات بە سەر ئەو جۆرە سەرمایەیە گرێدراوە بە پێشینەی خێزان و بنەماڵەوە، Bourdieu (2003, 406-407). خاوەنداریەتی یا نە بوونی ئەو جۆرە دەسەڵاتە دەبێتە هۆی جیاوازی نێوان گرووپەکانی کۆمەڵگە، یەکێکیان دەبێتە سەردەست و ئەوی تریان بندەست. ئەو گرووپەی کە دەسەڵاتدارە هەوڵ دەدات گرووپە بندەستەکە ناچاربکات و مەرجەکانی خۆی بەسەردا بسەپێنێت. لێرەدا سەرچاوەی کێشەکان دەتەقێنەوە و نا یەکسانییێک دروست دەبێت، واتە جیاوازی چینایەتی و لەیەک نەچوون لە بوارەکانی جۆری ئاستی ژیان و دەسەلاتدا.

ئەگەر ئاشوبەکەی ئەنگرێد کە 9 september 2006 ڕوویدا، لە تێڕوانین و دیدگەی Pierre Bourdieus بۆی بڕوانرێت، هەمان هۆکار و فاکتەری جیاوازی ئاستی ژیان

دەبێتە سەرچاوەی ئەو ئاشوبە کە Pierre Bourdieus لە سەرمایەی هێماییدا باسی دەکات. لەوانە چینی بە دەسەلات و بێ دەسەلات. گەنجانی ئەنگرێد کە لە گەڕەکێکی پەنابەرنیشین و پەراوێزدا دەژین، خۆیان بە بێبەر لە مافی خاوەنداریەتی مۆسیقا، شانۆ و کاردا بەرامبەر بەو گەنجە سوێدیانە دەبیننەوە، کە خێزانەکانیان دەسەلاتدارن لە کۆمەڵگەی سوێدیدا. ئەو پەراوێزیەی گەنجانی پەنابەر لە ڕۆخی شاری یۆتەبۆری/سوێد، هەستی پێ دەکەن، دەبێتە سەرچاوەی دڵەڕاوکێ ، شڵەژانی دەروونی و ئاستەنگی فیزیکی توڕەیی، کە ژیانی ڕۆژانەیان تاڵ دەکات و وەکو بۆمبێکی چێنراوی لێ دێت، کە بە ئاسانی بەشێوەی ئاشوبە و توندو تیژی دەتەقێتەوە، هەروەکو ئاشوبەکەی شاری پاریس لە 6-11-2006.

2- بە پێی دیدگەی بزاڤە کۆمەڵایەتیەکانی Giddens ( لا 375-378، 2003)، کاتێک خەڵک هەست دەکات کە دەسەڵاتی نیە بەسەر ژیانی ڕۆژانەیدا و چارەنووس و دوارۆژی خۆی بە دەست خۆی نیە، هەست بە نامۆیی و بێ بڕوایی دەکات. ئەو پێی وایە کاتێک ئەو هێزە سیاسییە ناتوانێت کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکات، خەڵک نارازی دەبێت و بزوتنەوەی خۆی پێک دەهێنێت، بۆ نموونە لە دایک بوونی بزوتنەوەی فەمێنیستەکان و بزافی پارێزگاری ژینگە لە نێوان سالانی 1960- دا1970. بە

هەموو ووزەیەکەوە ئەو جۆرە بزافانە کاریگەری خۆیان دەبینن. بزوتنەوەی هەمەجۆر دروست دەبێت بۆ ئەوەی پرۆسەکانی کۆمەڵگە بەرەوپێش بەرێت. پەراوێزبوون بە هۆی بێ کاریەوە، سەرنەکەوتنی دەسەلات لە پۆلیتکای گونجاندنی پەنابەران لە کۆمەڵگەدا لە گەڵ دیدگەی Giddens یەک دەگرنەوە، کە کۆمەڵانی خەڵک بە هۆی ئەو فاکتەرانە، ناڕازی دەبن و خۆیان بە بێ دەسەڵات دەزانن، بۆیە پەنا دەبەنە بەر خۆ ئۆرگانیزەکردن بۆ بەدیهێنانی داخوازیەکانیان وەکو هاووڵاتی.

لێرەدا نابێت ڕۆلێ میری وەکو دەسەلاتدارێک لە یاد بکرێت کە ئەرکی مافی یەکسانی هاووڵاتیانی لە ئۆباڵدایە. هەروەها جیهانگیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیاری( ئیتێ) کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر هوشیاری مرۆڤ هەیە. بۆ زانینی مافەکانی خۆی و مرۆڤ دەتوانێت خێرا هەڵوێست وەرگرێت کاتێک گۆڕانکارییێک بێتە ئاراوە کە پێوەندی بە ژیانیەوە هەبێت. بەپێی گیدنس Giddens ئەو پێشکەوتنە، زنجیرەی بەستنەوەی مرۆڤەکانی پێکەوە گرێداوە و دەتوانن بە شێوەیەکی فراوان هاوکاری یەکدی بکەن و دەنگیان یەک بخەن لە سەر ئاستی جیهان (Giddens 2003, s. 375-378). بۆ گەڕەکێکی وەکو ئەنگرێدیش لە شاری یۆتەبۆری/ سوێد، ئاسان بوو کە هاوهەڵوێستی لەلایەن پەنابەری شوێنەکانی تر بۆ خۆیان ڕابکێشن وئاشوبەکە گەورەبێتەوە.

گفتوگۆ

سەرنەکەوتنی پۆلەتیکیای ئاوێتەبوونی حکومەتی سوید لەو گەڕەکانەی کە پەناهەندەیان تیایە و کێشەی دی ڕۆژانە، دوورنیە سەرچاوەیەکی لە باربن بۆ گۆڕینی ئەو پرۆتستۆیە بۆ کاری توند و تیژی و گەرای ئاشوبە نانەوە، بۆ نموونە: هەندێ ئاوایی بچوک ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بە دروستکردنی شەقامێک یان هێڵێکی خێرا کە ژینگەکەیان تێک دەدات دەبێتە توند و تیژی ( Ahrne, Roman & franzèn 2003, s. 273 ) .

هەروەها هەستکردنی پەراوێزی و گوشەگیربوون لای هەندێ گرووپ دەبێتە هۆکاری یەکگرتنەوەیان بۆ ئەنجام دانی کارێکی هاوبەش و نانەوەی ئاشوبێک و بەکارهێنانی توند و تیژی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان (Johansson 1999, s 301 ).. ڕووداوی ئەنگرێد لە یۆتەبۆری/ سوێد لە گەل ئەم بۆچوونەدا یەک دەگرێتەوە، چونکە زۆربەی ئەو گەنج و پەنابەرانەی کە لەو گەڕەکانەدا دەژین، گۆشەگیر و هەستی نامۆیی بەسەریاندا زاڵە و یەک ئامانج کۆیان دەکاتەوە، ئەویش تەقینەوەی توڕەیی و نانەوەی ئاشوب بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە ناهەموارەی تیایدا دەژین.

ئەنجامگیری

کۆی ئەم ئەنجامگیریە کۆمەڵناسیانە لەم ڕاڤەیەدا ئەوەیە کە ئاشوبەکەی ئەنگرێد، جۆرێکە لە شێوەکانی دەربڕینی ناڕەزایی وکاردانەوەی لە سەر: بێکاری، پەراوێزی،

جوداسازی نەژادی و نەبوونی بڕوا بە دوارۆژ کە لە نێوان ئەو گرووپانەدا کە لەو گەڕەکە پەنابەر نشینانەدا دەژین.

ڕوودانی ئەو جۆرە ئاشوبە و توند و تیژییە، گەرایەکی باش و زەمینەیەکی هەمیشەی لە باری هەیە.
پێم وایە حکومەت بەرپرسی یەکەمە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ چاکسازی ئەو خاڵە لاوازانەی کە دەبنە سەرچاوەی توند و تیژی لەو گەڕەکانە کە ڕێژەی پەنابەری زۆری تیایە. دەسەلاتداران دەبێت پۆلەتکیایەک و ڕێبازێکی گونجاو بدۆزنەوە بۆ چارەسەرکردنی جوداسازی نەژادی و بێکاری لەو گەڕەکانەدا کە پرۆسەی ئاوێتە بوونی ڕەوند و پەنابەران لە گەڵ سوێدیەکاندا ئاسان بکات. هەروەها حکومەت بەرپرسە لە تەرخانکردنی بودجەیەک بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی خوێندن و پیشە لە ناو پەنابەراندا کە هەست بکەن بە هەمان پێوەری سوێدی لەبوارەکانی ژیاندا سەیریان دەکرێت،. ئەو هەنگاوە ڕیفۆرمانە پێویستن بۆ گەڕانەوەی گیانی بڕوا بە خۆکردن و هاونیشتمانی بوون لای پەنابەران و ئەو کەسانەی لە دەرەوەی کۆمەڵگە دەژین.

سەرچاوەکان

Aherne, G, Roman, C & Franzèn, M. (2003). *Det social landskapet.* Heurlins plats1,413 01 Göteborg: Bokförlaget Korpen

Johansson, T. (1999). *Socialpsykolog. Moderna teorier och perspektiv.* Lund: studentlitteratur

Aravena, J A*. Gripna tvingades sitta på polishusets tak.*2006-05-05}[Hämtat den 26 oktober 2006]. http://www.stockholmsfria.nu/modules.php?name=Artikel&id=7104.

Giddens, A. (2003). *Sociologi.* Lund: studentlitteratur.

Rapporter om vandalism överdrivna: http://svt.se/svt/jsp/Crosslink.jsp?d=34007&a=676497

Polismyndigheten i Västra Götaland. www.polisen.se [2006-10-09 Västra Götaland]. [Uppdaterad den 10 oktober 2006]

Nationalencylopedin, 2006.
www.ne.se/jsp/search/article.jsp?_art_id=
*336250&i_sect_id=336250*

Nyheter: Världen. *Över 500 bilar brända i Paris-upplopp*
http://svt.se/svt/jsp/Crosslink.jsp?d=22584&a=481329&lid=puff_481151&lpos=lasMer
[Hämtad 2006-10-26].

# ئایا ڕەنگە خوێناویەکەی دەسەڵاتی پیاو
# و
# کوشتنی ژنان و کچان لە سەر جووت بوونە-سێکسە؟

مێینە(ژنان و کچان) قوربانیی ئەو پێوەر و داب نەریتەن کە نێر( پیاو) بنچینەی بۆ داناون و ئامادەشە هەموو ڕێگەیەک بگرێتە بەر بۆ دۆگم کردنی ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی کە هەیەتی.

بەهاری 2007 سوێد

Abstrac، کورتە

مەسەلەی کوشتنی ژنان و کچان لە سەر ناموس honor killing سەدەها ساڵە ڕەگی داکوتیووە. کۆمەڵگەکانی سەردەمی نەزانی(الجاهلیة) لە دوورگەی عەرەب کۆمەڵگەیەک بوون کە کوشتنی مێینە زۆر ئاسایی بووە لایان. بەهۆی داگیرکردنی کوردستانیش لەلایەن عەرەبەوە ئەو کێشەیە هێندەی تر لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە (وێکپێدیائۆرگ.2007-05-20).

لەم ڕاپۆرتەدا هەوڵم داوە ڕووناکی بخەمە سەر فاکتەری ئاینی، بایۆلۆژی، دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵاتی ئابوری و کۆمەڵایەتی، کە ڕاست و ناڕاستە و خۆ کاری خۆیان دەبینن بۆ ژێر دەست کردنی مێینە(ژنان و کچان) لە کۆمەڵگەدا وشێوازەکانی سزادانیان. کەواتە لێرەدا ڕەگەزی نێر(پیاو) ناخوازێت ئەو دەسەڵاتە مێژینەیە لە دەست بدات و ئامادەشە هەموو ووزەی خۆی بخاتە کار بۆ پارێزگاری و هێشتنەوەی ئەو دەسەڵاتە.

1. مەبەست و ئامانج

ئامانجی ئەم ڕاپۆرتە خوێندنەوەیەکی زانستی و تێگەیشتنێکی کورتە دەربارەی دەسەڵاتی پیاو(نێر) کە ژنان و کچان(مێینە) بە ژێردەستەی خۆی دەزانێت.

2. فۆرمالیزەکردنی پرسیار

ئایا کوشتنی ژنان و کچان لەسەر جووت بوونە- سێکسە، لەلایەن پیاوەوە؟

3. مێتود

ئەم ڕاپۆرتەم لە بەر ڕۆشنایی کۆمەلێک بۆچوونی زانستی دەروونناسی کۆمەڵایەتی، سەرچاوەی ئاینی و بەراوردکردنیان، دارشتووە و لە گەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگەی پیاوسالاری کوردیدا تێ هەڵکێشم کردووە.

4. دەروازەی دیمانەو بۆچوونەکان

*5.* خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی وکولتور- زیندانی کولتور و ئاین

پابەند بوون بە کولتور ئەوە دەگەێنێت کە مرۆڤ هەموو بوارەکانی گەشەکردنی لێ دەبڕێت و نزیک مەرگ دەبێتەوە. موراڵ یان ڕەوشت لە بەرهەمی ئەو هێزە بالایەی کە مرۆڤ لە نێو چوارچێوەکانیدا بەند دەکات و ئازادی زەوت دەکات(نیتشە، سۆشیال سایکۆلۆژی 2001). بە بۆچوونی ئەو هیچ شێوازێکی گونجاو نیە بۆ پێناسە کردنی موراڵ. مرۆڤ کە لە دایک دەبێت خاوەنی هیچ بەهاو ڕەوشتێک نیە، کۆمەڵگە لە ڕێگەی پەروەردەی کۆمەلایەتیەوە مرۆڤ لە قالبێکدا دروست دەکات کە لەگەڵ پێوەر و نۆرمەکاندا بگونجێت، جا چ پێوەری داب و نەریت یان ئاین بێت، ڕادەی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیە، لە و پەروەردە کۆمەلایەتیەدا ڕەنگ دەداتەوە. ئاستی بیرکردنەوەی ئەو تاکە، پەیوەست دەبێت بە ئاستی نۆرمەکانی ئەو کۆمەڵگەیەوە و کەسایەتی و ناسنامەی کۆمەلایەتی ئەو کەسە دروست دەکات. دیمانەی پەروەردەی کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگەی تاکگەراییەوە بۆ کۆمەڵگەی کۆلەکتیڤ دەگۆڕدرێت.

بەلام ئێدمۆن فرۆید دەڵێت: سێکس و جووت بوون لە ڕێگەی لکاندنی بە پێوەندیە کۆمەلایەتیەکان بە دەسەلاتی دیکتاتۆرەوە تابوو دەکرێت ، ( سۆشیال سایکۆلۆژی 2001، لاپەڕە 23). مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەی تابوو حەرامدا هەمیشە هەست بە گوناە و قەرزاری لە لایەن دەسەلاتەوە، پەروەردە دەکرێن بۆ ئەوەی لە قالبی پێوەرەکانی خۆیدا دەرنەچن . فرۆید.. ئاین وەک سەرچاوەیەکی دەسەلاتی ڕەها دەناسێنێت، کە ئاستەنگە لە گەشەکردنی مرۆڤ و

پێشکەوتنی( سۆشیال سایکۆلۆژی 2001، لاپەڕە 25). ئا بەو شێوەیە پێکهاتەی کولتور بناغەی بۆ دانراوە و مرۆڤ دەبێت بەڵانسێک لە نێوان جووت بوون و پێوەرەکانی کولتوردا بدۆزێتەوە. بۆ نموونە ئەو نەخۆشانە کە دەچوون بۆ لای فرۆید زۆربەیان هەستیان بە گوناحی خۆیان دەکرد و زاڵبوونی پێوەرەکانی کولتوری ڤیکتۆریانزمیان پێوە دیاربوو. ئەوان لە تێرنەکردنی ئارەزووەکانی خۆیان دەیان ناڵاند. ئاینەکانی ڕۆژهەڵات، بە گەورە و بچوکیانەوە هەمان ڕۆڵ دەبینن لە کۆت کردنی تاک و کۆمەڵگە لە ئاستەنگ دروستکردن لە گەشەکردنی. ڕستەی **(وقد عاقب الله على الزنا الزاني والزانية)** ووتەیەکە کە تا ئەمڕۆ پاش زیاتر لە 1400 ساڵ لە کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا کاری پێ دەکرێت (وێکیپێدیائۆرگ.2007-05-20).

ئاینی ئیسلام لە کۆمەڵگەی کوردیدا یەکێکە لە و هێزە بزوێنەرانە کە کوشتنی ژنان و کچان حەڵاڵ دەکات لە وانە لە دانانی سزا بۆ تاک لە سەر جووت بوون، کە بەم جۆرەیە: سزای تاک، خوا دژوارترین سزای بۆ زەنا و زەناکەر داناوە کە بەردەبارانە تاکو مردن تاکو لە هەموو جەستەیدا کە چێژی حەرامی تیا بینیوە هەست بە ئازار بکات ، ئەو بەردەباران کردنەش دەبێت لەبەردەم خەڵکدا بێت، **( عقوبات فردية: وقد عاقب الله على الزنا الزاني والزانية بأشنع العقوبات، فجعل المحصن منهما عقوبته أشنع قتلة، رجماً بالحجارة حتى يموت، حتى يجد الألم في جميع الجسد الذي تلذذ بالحرام، يجعل أمام الناس يرجمونه بالحجارة حتى يموت، www.islamav.com).**

- هێزی ئابوری کۆیلەکردنی مێینە( ژنان و کچان)

لە باری ئابورییەوە، هەرچەند(مێینە) ئەگەرچی لە پیاو زۆرتر ئەرکە ئابوریەکان بەجێ دێنێت و بەرهەم هێنەرێکی شاراوەیە، بەڵام سەرلەنوێ داهاتەکەی دەچێتە خەزێنەی پیاوەوە و بێ بەری دەبێت لە قازانجی بەرهەمەکەی. بەپێی ڕاپۆرتی یوئێن لە 66% ئەنجامی گشتی کار لە جیهاندا لە لایەن ژنانەوە ئەنجام دەدرێت و پیاوان تەنها ڕێژەی لە 34%. لە سەرجەمی داهاتی ئەو کارەدا وەکو مووچە تەنها لە 1% بەر ژنان دەکەوێت و لە 99% بۆ پیاوان دەبێت (Wahl, Holgersson, Höök & Linghag,2001) بە موڵک سامانیشەوە.

- زاڵبوونی(نێرینە) پیاو لە دیمانەی بایۆلۆژییەوە

پیاو بۆ زیندوو ڕاگرتنی ژینەکانی خۆی و بڵاوکردنەوەیان، ئارەزوو دەکات کە خۆی دەسەڵاتی ڕەهای هەبێت لە جووت بوونی لە گەڵ مێینەدا، کە کۆمەڵێک نەوە، کە ژینەکانی خۆی هەڵگرن، لە دایک ببن(Stevens,1998). هەر نێرێکی دیش ئاستەنگ بخاتە بەردەمی، دەبێتە ئەنجامی دووبەرەکی و ناکۆکی. ئەو بۆچوونە بایۆلۆژیەش لە ڕەفتاری نێر تاکو ئەمڕۆ ڕەنگ دەداتەوە و کاریگەری لە سەر پێوەرەکانی نێر هەیە بەرامبەر بە مێینە.

لە سەرەتای ڕۆژانی ژیانەوە ، بەهۆی جیاوازی بایەلۆژییەوە لە نێوان ژنان و کچان و پیاودا ڕەفتار و

پەروەردەی هەردوو ڕەگەز(ژنان،کچان و پیاو) لە سەر ئەو بنچینەیە دادەنرێت. ئێمە پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتی جیاواز بۆ هەردوو ڕەگەز، نێر و مێ دیاری دەکەین و هەریەکە لە ژن وکچ و پیاو ڕۆڵی خۆی بەپێی ڕەگەزەکەی پێدەبەخشین. بۆ نموونە بەرگی سوور و گوڵدار، یاری بووک دەدەینە کچان و دەمانچە و ئۆتۆمبێلیش دەدەینە کوڕان تاکو جیابن لە کچان Giddens sociologi p 113

- کلاوڕۆژنەی گلوبالیزم

لە جیهانی گلوباڵی ئەمڕۆدا، کە گیتی بە هۆی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیاوە بووەتە گوندێکی بچووک، گەورەترین کاریگەری خۆی هەیە لە سەر فۆرمالیزەکردنی کۆمەڵگەکانی جیهان و گۆڕانکاریەکان پەیوەندێکی پتەویان هەیە، لە نێوان گەلاندا، کە هیچیان بێ ئەوی تریان توانای کار کردنی لاوازە. زانیاری گۆڕینەوە بەهۆی ئینتەرنێتەوە، بەشێکی گرنگی گلوبالیزمە، کە تۆڕێکی پێوەندی لە هەموو بوارەکاندا لە نێو گەلاندا دروست کردووە. بۆ نموونە هەواڵێکی نوێ بە چەند چرکەیەک دەگاتە هەموو شوێنێک. هەواڵی نموونەی کوشتنی دوعا، کە لە شوێنێکی بچوک ڕوویدا، بەهۆی خێرایی گواستنەوەی، کاریگەری خۆی لەسەر شانۆی مافی مێینە دانا و بڵاوبووەوە(2003,Giddens)

- بۆچوونی فەمینیستەکان

بۆچونی فەمینیستانە لەسەر داهاتنی ووشەی نێر و مێ: ئێمە خۆمان ووشەی نێر و مێمان بە هۆی داڕشتنی زمان،

دارشتووه و قاڵبێکمان بۆ داناوه(لاپەرە ل64، Johansson 2001) هەرچەندە لێکدانەوە ئاسان نییە. بەهۆی پەروەردەی کۆمەڵایەتیەوە Socialisation ، کە کەناڵ و سەرچاوەیەکی گرینگی نەوەی داهاتووی کۆمەڵگەیە، مرۆڤ لە تەمەنی منداڵی و بێ توانابیدا تێپەری دەکات، کە بە هەنگاو هەنگاو پەروەردە دەبێت بۆ ئەوەی زانیاری وئەزمون فێرببێت، بەجۆرێک کە لەگەڵ داب و نەریتی کولتورەکەیدا بگونجێت (2003,Giddens).

جووت بوون، یان سێکس، لە خۆیدا نیشانەی ئەوە دەدات کە مرۆڤ گیان لەبەرێکی ئازادە و بەستنەوەی بە کۆمەڵێک داب و نەریت کارێکی یەکجار سەختە (سۆشیال سایکۆلۆژی2001 لاپەرە 37-38). هەوڵدانی مرۆڤ بۆ خۆتێرکردن لەو رمەکە سروشتیە، بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبێت بکرێت. بەپێی کۆنتیکس و ژینگەش ئەو خۆ تێرکردنە دێتە گۆران، لە کۆمەڵگە تاکگەراییەکاندا مرۆڤ ئازاد ترە..بەلام دیسان بەکۆمەڵێک یاسای نووسراو و نەنووسراو رێگەی لێ دەگیرێت. لە کۆمەڵگە دواکەوتوەکاندا، هێزە دواکەوتوەکان کە خۆیان لە داب و نەریت و هێزە ئاینیەکاندا دەبیننەوە، مرۆڤ بە درندەترین شێوە دەخەسێنن و هەوڵدەدەن سێکس و جووت بوو بە تابوو بناسێنن.

دابەشکردنی رۆڵی کچ و کور دەتوانرێت بەشێوەیەکی نەگەتیڤ یا پۆزەتیڤ هان بدرێت بەپێی ئەو سیستەمی ئیمبارگۆ (گەمارۆدان) و هاندان و سزادان دیاری دەکات.

ئەم سیستەمە لە سەرەتای منداڵیەوە منداڵ پەروەردە دەكات كە كامە شت گونجاوە وەكو كچ یان كوڕ .

## 6. تاوتۆ و گفتوگۆ كردن

كەواتە فاكتەری كوشتنی(مێینە) ژنان و كچان لە كۆمەڵگەی كوردیدا بە دەستی پیاو (نێر)، لە ژێر ڕووناكی ئەو دیمانانەی سەرەوەدا زۆرن و ئاوێتەی یەكتربوون. پیاوانی كورد لە ڕووی بایۆلۆژییەوە بۆ پەرەپێدان و پارێزگاری ژینەكانی خۆیان لایان سەختە كە دایك و خوشكەكانیان لە گەڵ پیاوانی تردا جووت ببن كە لە دەرەوەی دەسەلاتی خۆیاندا بن. پیاوان بۆ هێشتنەوەی ئەو دەسەڵاتە، ئاین وەكو چەكێكی كوشندە بۆ زەبوون كردنی ژنان و كچان بەكاردەبەن. پیاوانی كورد لە بەر ئەوەی هێزی كلۆبالیزم كاریگەری ڕاستەو خۆی هەیە لە سەر گۆڕانكاری كۆمەڵگەی كوردی، بە تایبەتی ژنان و كچان بۆ ناسینی خۆیان، هەوڵ دەدەن نۆرم و پێوەرە كۆنەكانی كۆمەڵگەی كوردی هەمیشە وەبەر بهێننەوە بە چەندەها ڕێگە، لەوانە. ئاین، هێزی ئابوری، زەبر و زەنگ و كوشتنی ژنان و كچان.

كەواتە پێوەرەكانی پیاون كە لە سەرەتای منداڵییەوە جیاوازی دەخەنە نێوان كچان و كوڕان لە سەر نۆرمی ئەو پەروەردە كۆمەڵایەتییەوە كە كۆمەڵگەكەمان هەیەتی و كاریگەری خۆی دەخاتە سەر تەنانەت خودی ژنانیش لە دروستكردنی كەسایەتی كچ وەكو كچ و كوڕ وەكو كوڕ.

نموونەیەکی زۆر سادە، زۆربەی دایک و باوکەکان شانازی دەکەن کوڕەکانیان دەست بخەنە سەر کام کچ ئارەزووی دەکەن، لە هەمان کاتدا ئاستەمە بەرامبەر کچەکانیان، بەڵکو هەندێک کچی کورد لە ئەورووپا بە زۆرەملێ دەبێ بە کورێکی ناسراو بدرێن بە شوو. کەواتە بەهۆی ئەو داب و نەریتە کە نێر دایناوە، مێینە ژێر دەستەی نێرینەیە. ئەو جیاوازیە دەکرێت چونکە ئەو باوک و دایکە ناتوانن لە کۆت و زنجیری کۆمەڵگەی پاشکەوتوو و پیاو سالاری خۆیان ڕزگار بکەن، هەندێ جاریش بۆ شتنەوەی ناموس(شەرەف) خێزانەکان کچەکانیان دەکوژن، بۆ نموونە فاتیمە و پێلە و دوعاکانی تر.
ئۆسا ئێلدێن .. کە توێژینەوەیەکی لە سەر کچانی پەنابەر لە سوێد کردووە کە لە سەر کێشەی ناموس دەکوژرێن، ئاماژە بەوە دەکات  کە گۆشەگیربوون دەبێتە هۆی وەبەرهێنانەوەی کولتور و درێژە پێدانی ئەو داب و نەریتە کۆنە. کوشتنی کچە کورد فاتیمە شەنگال و پێلە بە دەستی باوک و براکانیان باشترین نموونە،( ئۆسا ئێلدین 2003)

لێرەدا بۆچوونەکان هاوتەریب دەبن، کە پیاو خۆی یاسای بۆ هێشتنەوەی دەسەلاتی خۆی داناوە و ئامادەشە باشترین هێزی خۆی بخاتە کار بۆ کۆیلەکردنی ژنان و کچان. لە کوردستاندا داب و نەریت لە گەڵ هێزی ئایندا ئاوێتەی یەکتربوون و چەندەها ساڵە پێوەر و یاسا پاشکەوتووی کۆن وەبەر دەهێننەوە  و کۆمەڵگەی کوردیان لە بازنەیەکی

داخراودا ئیفلیج کردووه و بوارەکانی گەشەکردنی لێ گرتووه.

لەبەر ئەوەی تاک بە هۆی کاریگەری تەکنەلۆژیا و گلوبالیزمەوە، لە کێشەیەکی سەخت دایە بۆ خۆ رزگارکردن لە جەوری داب و نەریت و پێوەرە کۆنەکانی ئاین، کە پێش سەدان ساڵ لە مەوبەر، پیاو یاساکانی بۆ داناوون، کچان و ژنان دەبنە قوربانی یەکەم، چونکە پیاو دەستبەرداری دەسەڵاتی خۆی نابێت.

بەڵام دیسان لەو کۆمەڵگانەی کە مێینە( کچ و ژن) لەسەر کێشەی ناموس دەکوژرێن، نێرەکان( پیا و کوڕ)یش قوربانی ئەو داب و نەریتەن کە هوشیاری لێ زەوت کردوون وەکو چەکێکی بێ هەستی لێکردوون، لێرەدا بەشی سەردەستی کۆمەڵگە کە بەدەست سەرۆک خێل و بنەماڵەوەیە، بەرپرسی یەکەم ئەوانن لە درێژە پێدانی ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر ژنان و کچان دەکرێت. لە هەمان کاتدا خودی مێینەش لەو جۆرە کۆمەڵگانە دژایەتی مافی خۆی دەکات لە ڕێگەی پەروەردەکردنێکی پیاو سالارانەوە، کە پیاو بناغەکەی بۆ داناوە. پیاو لە کۆمەلگە پێشکەوتووەکانیشدا بەهۆی سووکایەتی کردنی بە ژنان و کچان ، هەوڵ دەدات کە خۆی سالار بێت و ئەوان(ژن و کچ) بندەستبن،(سێکسی گەنجان، سۆشیال سایکۆلۆژی 2003).
پاسیڤکردنی جەستەیی مێینە لە ژێر کاریگەری رکێفی پیاودا، پرۆسەیەکی ترە کە پیاو دەیخاتە کار بۆ دیتنەوەی

سەرچاوەی ئارەزووەکانی جوت بوون( سێکسیەکانی) لە جەستەی مێینەدا ( سۆشیال سایکۆلۆژی 2003 لاپەڕە 163). بۆ نموونە تا ئێستاش خەتەنەکردنی کچان لە بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی و کۆمەڵگەکانی تردا باوە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی پیاوە بۆ ئاستەنگ کردن و کەمکردنەوەی ئارەزووی جوت بوونی کچان و ژنان، نەک لە سەر بنەمای پاک و خاوێنی، کە پیاو بیانوی بۆ دەهێنێتەوە.

لەڕووی ئابوریشەوە دیسان ژنان و کچان دەبنە کۆیلەی پیاو و لە دەسەڵاتیدا دەرناچن. هەرچەندە هیچ ئامارێکی زانستی لە مەڕ مووچەی ژنان و کچان لەبەر دەستدا نیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بەڵام دیسان پیاو لە کۆمەڵگە پاشکەوتووەکاندا، وەکو کۆمەڵگەی کوردی، خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەهایە. کەواتە پیاو خۆی دەسەڵاتی فەرمی بۆ خۆی دروستکردووە و ژنان و کچان کۆیلەی ئەون. هەر دەنگێکیش لە دەرەوەی ئەو دەسەڵاتەدا بەرزبێتەوە، حەرام و تابۆیە و پیاو خۆی بە ڕاست دەزانێت کە کپی بکاتەوە.

ئەو پرسیارەی کە دێتە ئاراوەو کە پێویستە پیاوی کورد وەڵامی بداتەوە:
ئایا بوونی کوردستانێکی ئازاد بۆ پیاوی کورد گرنگە یان ناموسی ژنان و کچان کە لە جووت بووندا وون دەبێت، کە پیاوی کورد چەندان ساڵە ژن و کچی لە سەر دەکوژێت؟ یان

پیاو ئارەزووە سێکسیەکانی خۆی زیاتر بەرز دەنرخێنێت و خۆپەرستە؟

خاڵە لاوازەکانی ئەم ڕاپۆرتە زانستیە:

- نەبوونی کات.
- نەبوونی توانا بۆ دیمانە یان چاو پێکەوتن لەگەڵ ئەو پیاوانەی کە ژن و کچ وەکو ژێردەستەی خۆیان دەبینن. و هەندێک لەو پیاوانەی کە ژن و کچانی خۆیان کوشتووە، کە پێویستە هەڵوێستیان بزانرێت.
- نەبوونی سەرچاوەی کوردی زانستی لە بارەی کوشتنی ژنان و کچانەوە لە کوردستان.
- ئەم ڕاپۆرتە باسی دەسەڵاتی ئابوری پیاوان بە شێوەیەکی قوڵ ناکات، ئەوەش لە بەر نەبوونی ئاماری ئابوری لە کوردستان و ئاڵۆزنەکردن و بەرفراوانکردنی ڕاپۆرتەکە.

سوێد 2006-5-15

سەرچاوەکان:

پەرتووک

Giddens, A (2003). *Sociologi*. Lund: Studentlitteratur
کۆمەڵناسی. لوند: ویژەی خوێندکار

Johansson T. 2001*: Socialpsykologi, subejktivitet, överskridande och förändring* Lund: Studentlitteratur
سۆشیال سایکۆلۆژی. لوند: وێژەی خوێندکار. بکەر، هەنگاوە بێ سنوورەکان و گۆڕانکاریەکان

Johansson T. 2001*: Socialpsykologi, moderna teorier och perspekti.* Lund: Studentlitteratur
سۆشیال سایکۆلۆژی. لوند: وێژەی خوێندکار. بیردۆز و هەڵوێستە مۆدێرنەکان

Stevens. R (1998). *Att förstå människor.* Lund: Studentlitteratur *بۆ ئەوەی لە مرۆڤەکان تێبگەین*

ماڵپەڕ و ڕاپۆرتی زانستی

http://en.wikipedia.org/wiki/Honor_killing
ڕۆژی داگرتن، 2007-5-20
http://www.islamav.com/doc_html/neraan_aldonya.htm
عقوبات فردية
ڕۆژی داگرتن، 2007-5-20
عقوبات فردية:

وقد عاقب الله على الزنا الزاني والزانية بأشنع العقوبات، فجعل المحصن منهما عقوبته أشنع قتلة، رجماً بالحجارة حتى يموت، حتى يجد الألم في جميع الجسد الذي تلذذ بالحرام، يجعل أمام الناس يرجمونه بالحجارة حتى يموت..

ڕاپۆرتی یوئێن

Enlig FN s beräkning i sin rapport 66 % av allt arbetet utförs av kvinnor medan männen står bara för 34 % av arbetet . Av detta arbete får kvinnor mindre av 1 % av inkomster och män får 99% av samlade förmögenheter(Wahl, Holgersson, Höök & Linghag,2001). Här tydliggörs att män jobbar bara 34 % och de äger 99% av världens förmögenhet vilken betyder att kvinnor är mycket underdominerad av män på grund av deras kön.

# مەترسی بەعەرەب کردنەوەی باشووری کوردستان

شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی

ئەگەر سەرنجێک بدەینە باری نەتەوەیی ئەمڕۆی باشووری کوردستان دوای ڕوخاندنی ڕژێمی داگیرکەری عێراق، دەبینین لە جاران زیاتر کۆچکردنی نەتەوەی عەرەب بۆ ئەو بەشەی کوردستان بەردەوامە. ئەمە خۆی لە خۆیدا زەنگێکی پڕ مەترسیە بۆ داهاتووی پێکهاتەی نەتەوەی کورد وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ و کۆمەڵگەیەکی تەواو جیاواز لە نەتەوەی عەرەب، کە پێویستە بە هۆشمەندی کاری بۆ بکرێت.

مەترسیەکانی کۆچکردنی عەرەب بۆ کوردستان

هاتنی هێزی کاری عەرەب و نیشتەجێ بوونیان لە باشووری کوردستان، ئەگەر لە ژێر هەربیانوێکدا بێت، گەورەترین زیان بە کۆمەڵگەی کوردیمان لە زۆر دەروازەوە دەگەێنێت:

- عەرەب هێشتا خۆی بەنەتەوەیەکی سەردەست دەزانێت و هەمیشە نەتەوەکانی تر بە نزم سەیر دەکات.
- عەرەب زۆربەی نەتەوە ئیسلامیەکان بە بەشێک لە ئومەی گەورەی ئیسلام دەزانێت و لێرەوە زمان و داب و نەریتی دواکەوتوی خۆی، بە زۆریش بێت دەسەپێنیت.
- عەرەب ئەمڕۆ لە عێراق لاوازە و بەبیانوی نەبوونی ئاسایش و کار، بەوپەڕی زیرەکیەوە دەخوازێت نەک کەرکوک و ناوچەکانی تر نەچنەوە سەر باشووری

کوردستان، بەڵکو شارەکانی تریش وەکو سلێمانی ، هەولێر و دهۆک تەعریب بکاتەوە.

- سەپاندی زمانی عەرەبی بە سەر زمانی دانیشتوانی کورد دا لە و شوێنانەی کە کاردەکەن.
- دروستکردنی کێشەگەلی ئابوری لە شارەکاندا وەکو کێشەی خانو، ئاو، کارەبا، خوێندنگە، قەرەباڵغی، و تەندروستی..هتد
- گرفتی کۆمەڵایەتی، لە ئاژاوەنانەوە، لەش فرۆشتن . چونکە پێوەری کۆمەڵایەتی نەتەوەی عەرەب زۆر لە هی نەتەوەی کورد جیاوازترە.
- کێشەکانی کار و هەڕەشەکردن لە سەر کرێکارانی کورد و بێکاری کردنیان و دابەزینی ئاستی بژێویان.
- کێشەی چەوسانەوەیان لە لایەن سەرمایەدارە کوردەکان، چونکە ئەوان بۆ بژێوی خۆیان ئامادەن بەکرێیەکی کەم کاربکەن. ئەوەش دەبێتە سەرچاوەی قوڵکردنەوەی گیانی دژایەتی لە گەڵ کرێکارە کوردەکاندا.

مەترسیەکانی تەعریب لە ڕووی زانستیەوە

لە بەر ڕۆشنایی ئەو هۆکار و مەترسیانەی سەرەوە و کۆمەڵێک فاکتەری تر، کۆچکردنی عەرەب بۆ کوردستان، کاردەکاتە سەر دەروون و بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵگەی کوردی بەشێوەیەکی نەگەتیڤ. مێژوو سەلماندویەتی کە هیچ نەتەوەیەک یان کەمینەیەک دەستبەرداری بوونی خۆی

نابێت، کەئەوەش مافێکی ڕەوایە. پێوەر و نۆرمی جیاواز سەرچاوەی کێشەن.
کاتێک کەسێک یان کۆمەڵێک نیشتمانی خۆیان بەجێ دێڵن، هەستی نەتەوایەتیان و بوونی خۆیان لە گەڵ ئەو وڵات و نەتەوە نوێیەدا کە لەگەڵیدا دەژین دیارتر دەبێت و خۆیان دورەپەرێز دەگرن. سنورێک لە نێوان خۆیان و ئەو نەتەوەیەدا دروست دەکەن. لە دایک بوونی ئەو سنووورە زۆر جار دەبێتە هۆی دابڕان لە نێوان نەتەوەی نامۆ و نەتەوەی دووەم . پێویستی ئەو سنووورە لەوەدایە کە بوونی خۆیان و نەوەکانیان لە توانەوە بپارێزن. ئەو سنووورە دەروونیە زۆر جار کێشەی ڕۆژانە و درێژخایەن دروست دەکات.

لە ڕووی دەروونیەوە، نەتەوە یان کەمینە لە دڵەڕاوکێی ئەوەدایە کە داب و نەریتی نەتەوەی دووەم کارنەکاتە سەر کەسەکانی خۆی.

گومان لەوەدا نییە کە نەتەوەی میوانداریش یان خاوەن دەسەڵات بۆ توانەوەی ئەو کەمە نەتەوەیە هەموو ووزەی خۆی دەخاتە گەڕ، یان بۆ پاراستنی داب و نەریتەکانی، بە پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانی و سیستەمی دەسەڵاتەکانی هەوڵ دەدات کە مەنەتەوە ناچار و گۆشەگیر بکات.

لە دیدی کۆمەڵایەتیەوە، نەتەوەی کۆچکردو بۆ وڵاتێکی دووەم، کۆمەڵگەلێک کێشەی ڕەوشتی و خێزانی بۆ ئەو

وولاتە دروست دەکات، چونکە دیسان دوو پێوەر و بیرکردنەوەی جیایان هەیە لە بارەی ژیانەوە.

لە ئاستی مێژووییەوە، مانەوەی نەتەوەی کۆچکردو لە وڵاتی دووەمدا دەبێتە پرۆسەیەکی بەرجەستە و بوونێکی نوێ لە خاکی نەتەوەی دووەمدا قوت دەکاتەوە...بۆ نموونە تورکەکانی وڵاتی ئەڵمان و عەرەبەکانی فەرەنسا گەورەترین کێشەن بۆ ئەو دوو وڵاتە. یان ڕوسەکانی سەردەمی ستالین لە شوورەوی جاراندا و عەرەبە هاوردەکانی شاری کەرکوک و ناوچەکانی تری ئەمڕۆی کوردستان.

شیکردنەوە و گرێدان

<u>کۆچکردنی عەرەب بۆ باشووری کوردستان ، ئەنجامگەلێکی نەگەتیڤ لە سەر کورد وەکو نەتەوە بەجێ دێڵێت:</u>

لە ڕووی ئاینیەوە لە بەر ئەوەی کورد و عەرەب هەردووکیان دوو نەتەوەی موسڵمانن، ئاسانە بۆ تاکێکی عەرەب کاربکاتە سەر تاکێکی کورد، لە هاوسەرگرتن و ڕەفتاری مرۆییدا، ساڵانێکی دێرینە کە دراوسێشن. پردی ئاین نێوان عەرەب و کورد، بەهێزترین کەناڵی بەستنەوەیە کە عەرەب زیرەکانە چەندەها ساڵە کوردی بە خۆیەوە گرێداوە و بەڵکو کوردستان لە فەرهەنگی عەرەبیدا بوونی نیە. بوونی عەرەب لە باشووری کوردستان دەبێتە

بەهێزکردنی ئیسلامی سیاسی و لە ئاکامدا نەمان و لەقکردنی دەسەڵاتی کورد.

هاتنی عەرەب بۆ باشووری کوردستان، واتای بەستنەوەی ئابووری کوردە بە عەرەبەوە و بچڕاندنی چرۆی سەربەخۆیی ئابوری کوردستانە، دژایەتی ڕاستەوخۆی چینی کرێکاری کوردە و لاوازکردنیان. مانای زاڵبوونی سەرمایەی عەرەبەکانە لە کوردستان.
هاتنی عەرەب بۆ باشووری کوردستان، دژایەتی کردنی زمان و ڕۆشنیری کوردیەوە، میدیای کوردی زۆر لاوازە و توانای بەرگری نییە. منداڵان و لاوانی کوردیش یەکەم توێژن کە دووچاری زیانی مێژوویی دەبن و کەسایەتیان دەکەوێتە هەڵدێرەوە.

ژنان و کچان بە هەمان شێوە، بگرە گەورەترین زیانیان لە ڕووی مافدا لێدەکەوێت، چونکە کۆمەڵگەی کورد بۆچوونێکی لیبراڵ و ئازادتری هەیە بەراورد لە گەڵ عەرەب. هەروەها بوونی ئافرەتی عەرەب لە کوردستان دەبێتە هۆی نزم بوونەوەی ڕادەی هاوسەرگرتن(ژن هێنان و شووکردن) و بڵاوبوونەوەی کاری نابەجێ و پساندنی نۆرمە پیرۆزەکانی کۆمەڵگەی کوردیمان و لاوازی خێزان و پەرتەوازەی تاکی کورد و بچڕاندی شیرازەی خێزان، نەمانی سۆز و زاڵبوونی گیانی پیاو سالاری...
نیشتەجێ بوونی عەرەب لە باشووری کوردستان، دەبێتە هۆی لاوازکردنی ناسنامەی کوردی کە هێشتا لە قۆناغی

سەرەتاییدایە، چونکە لە بری بایەخدان بەزمان و فەرهەنگی کوردی، زمانی عەرەبی دەبێتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوانی شارەکانی کوردستان.

کوردستان لە قۆناغی دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتیدایە، هاتنی عەرەب دەبێتە هۆی شێواندن یان لاوازکردنی گیانی دیموکراتی لە ناو تاک و کۆمەڵگەدا، عەرەب پێوەری خۆیان هەیە لە مەڕ ئازادیەکان و گیانی ئاین و تایفەگەری زاڵە بەسەریاندا.

هۆکارەکان
دوورنیە هێزێکی شاراوە هەبێت هانی عەرەب بدات بە شێوەیەکی سیستەماتیک و ئاشتیانە، دژی سەربەخۆیی کورد بێت و نەخشەی ئایندەی هەبێت بۆ لێدانی کورد و شێواندنی ئاسایش. ئەگینا عەرەب خاوەنی 22 وڵاتن بۆ ناچن لەوێ کاربکەن. یان خۆ شارەکانی باشووری عێراق شەڕیان تیانیە. لە بیریش نەچێت کە عەرەب ئەمڕۆ خاوەنی هێزی شەڕ نییە.

لاوازی یان نەبوونی هوشیاری سەرکردایەتی بزوتنەوە کورد، کە کۆمەڵگەی کوردی لە کۆمەڵگەیەکی ئەکتیڤی بەرهەم هێنەرەوە کردوەتە کۆمەڵگەیەکی پاسیڤ و بەرهەمخۆر و تەمەڵ، هەرچاوەڕێی موچەبێت. یان دووبەرەکی ساردی نێوان دوو پارتییە خاوەن دەسەڵاتدارەکەی نێو کابینەی پێنج.

هۆکاری نەبوونی ئاسایش، قەیرانی ئابوری لە شارە عەرەبیەکان، شەڕی نێوان سننە و شیعەیە و نەبوونی یاسا و پاشاگەردانی، کە بوەتە هۆی هەڵهاتن و گەڕان بۆ شوێنێکی ئارام کە بتوانن بوونی ژیانی خۆیانی تێدا پارێزگاری بکەن.

رێگە چارە

باشترین چارەسەر چالاکردنەوەی چینی کرێکاری و هێزەکانی تری ناو کۆمەڵگەی کوردیە، لە توێژێکی خاوەن مووچەی بێ بەرابەر، بۆ توێژێکی ئەکتیڤ کە بوونی خۆی تێدا هەبێت و خۆی لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا سەروەر بێت.

خستنە گەڕی هەموو تواناکان بۆ هۆشیارکردنەوەی تاک و کۆمەڵگەی کوردی لە ڕێگەی میدیاکان و یانە ڕۆشنبیریەکان، لە مەترسی هاتنی عەرەب و پرۆسەی بە عەرەب کردنی نوێ و پوچەڵکردنی پیلانی ئەو هێزانەی کە بەنهێنی هاندانی کۆچکردنی عەرەب دەدەن بۆ کوردستانی باشوور.

دەتوانرێت سوود لە کرێکاری بەشەکانی تری کوردستان وەربگیرێت، کە سەرەڕای گەشەی ئابوری و نەتەوایەتی.

داڕشتنی نەخشەیەک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەیی کارکردنی کرێکارانی باشووری کوردستان کە پێویستە کرێکارانی بێگانە کەم بکاتەوە لە ڕێگەی دانانی

بودجەیەکی تایبەت بۆ ناردنی کرێکاران بۆ کۆرسی فێربوونی پیشە هاوچەرخەکان.

دانانی یاسای کار کە جیاوازی نێوان کرێکاری بێگانە و کورد نەهێڵێت و بەیەك چاو سەیری کرێکاران بکرێت، نەک سوکایەتیکردن.
ناچارکردنی سەرمایەدارە کوردەکان کە یاسا گشتیەکانی کار بە شێوەیەکی ڕێک و پێک پەیڕەو بکەن، لە ڕێگەی کۆنتراکتی کار و گرێبەستی سەندیکاکانەوە کە دەسەڵاتیان هەیە لە باشووری کوردستان.

جیاوازی کردن لە نێوان ئەو عەرەبانەی کە بەڕاستی بە هۆی هۆکاری ئاسایش و بژێوی ژیان ڕوو دەکەنە کوردستان، لەگەڵ ئەو عەرەبە شۆڤینستانەی کە بۆ کاری تێکدان و ئاژاوەگەری خۆیان مەڵاس دەدەن . ئەمەش ئەرکی دەزگاکانی حکومەتی باشووری کوردستانە کە بەشێوەیەکی دینامیکی و بەردەوام کاری بۆ بکات.

بەستنەوەی ئامانجی پرۆگرامی خوێندنگاکانی باشووری کوردستان، بە بنەمای ژێرخانەوە کە ببێتە تەواوکەر و پاڵپشتی دوارۆژێکی پرشنگدار بۆ بناغەی کوردستانێکی سەربەخۆ.

لە سەر ڕۆشنایی ئەم لێکۆڵینەوە بابەتییە، ئەرکی سەرشانی حکومەتی باشووری کوردستان و سەرمایەدارە

کوردەکانە، کە بە گیانێکی نەتەوایەتیەوە بڕواننە قەیرانی کۆچکردنی کرێکاری عەرەب بۆ کوردستان. کە کار بۆ کرێکاری کورد و کارمەندی خانە خۆیی پەیدابکەن، نەک کرێکاری بێگانە کە گیروگرفتی هەنووکەیی و مێژوویی بەدواوەیە. چونکە بەهێزبوونی ئابوری لە کوردستان دەبێتە هۆی گەشەسەندنی لایەنەکانی تری ژیانی کورد وەکو نەتەوە.

---

تێبینی/ لەم سەرچاوە زانستیانەی خوارەوە سوودم وەرگرتووە


Giddens- Sociology

Anderson & Kasperson :Klassik och modern Samhälles

Björn Nilsson& Anna-Karin Waldemarson :Kommunikation & Samspel mellan människor

# یادەوەریەکانی پشکۆ نەجمەدین
# لە کۆی (یادی و ئەزمون) دا

**بە تێڕامانێکی سۆسیۆ سایکۆلۆژی مێژوویی**

هاوینی 2008 سوید

**یادو ئەزمونەکانی پشکۆ نەجمەدین و من.**

یادەکانی، گێڕانەوەکانی بۆ هەموو منێکی بوو بە پێشمەرگە، لە و تەمەنەی ئەودا خۆم دێتەوە بیر، کاتێک هێشتا ڕیشم دەرنەکردبوو باوەشم کرد بە شاخدا تاکو ئاواتی چینی کرێکاران و زەحمەتکێشان بهێنمە دی، هەرچەندە دوای چەند مانگێک بۆم ساغ بووەوە کە کوردستان داگیرکراوە و دەبێت رزگار بکرێت، هەرچەندە وەکو زۆربەی پێشمەرگە، تووشی تروام(داخورپان) و کارەساتی شەڕ بووم و تا ئێستاش وەکو زەنگێکی ترسناک لە ساتەکانمدا لام بوونیان ناسڕێتەوە. هێشتا ڕووخساری دایکمم لە بەرچاوە کاتێک پێکەوە بەرەو بناری هەورامان، لە ڕێکەوتی 4-12-1983 گەیشتینە بنەکەکانی پێشمەرگە لە کەڕەچاڵ، ئەو( دایکم) بە شانازییەوە ووتی: ئەم کوڕەمتان بۆ خەبات دەدەمە دەست و لەو ڕۆژە چەند جارێک نەبێت، نەمدییەوە، تاکو ساڵی 1994 هەواڵی کۆچی دواییم بۆ هات.

**بۆچی تێروانینێکی سۆسیۆسایکۆلۆژی؟**

سۆسیال سایکۆلۆژی ئەو زانستەیە کە پێوەندی نێوان کۆمەلگە و تاک دەستنیشان دەکات، کاریگەری کۆمەڵگە لەسەر تاک و تاک لە سەر کۆمەڵگە. سۆسیاسایکۆلۆژی دەکەوێتە نێوان زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسی. لەم تێڕمانەدا لەسەر یادەکانی پشکۆ نەجمەدین، گرنگە گاریگەری پێوەرەکانی کۆمەلگەی کوردی و ئەو هێزانەی کە ڕەفتاری تاک دروست دەکەن و دەخەملێنن، بخرێتە ڕوو، بۆ ئەوەی نووسەر وێنەیەکی پوختەی بکەوێتە بەردەم کە تا چ ئاستێک و چۆن، کۆمەڵگەی کوردی خۆی بەرهەم دێنێتەوە.

کۆمەڵگە ئەو کارگەیەیە کە تاکەکان بەرهەم دێنێت و لە پێوەرو نۆرمەکانیدا کۆتیان دەکات ( Stvens دیمانەی سۆسیال کۆنستکترەکتیڤیزم، لاپەڕە 259)، ژیانی مرۆڤەکان گرێدراوە بە سۆسیوکولتورەی کە تێیدا دەژین و کەسایەتێکی کۆلەکتیڤیان بۆ دروست دەبێت و بەو پێوەرانە هەڵس و کەوت دەکەن کە کۆمەڵگەکە بۆی داناوە. کەواتە بوونی شەڕی خۆ کوژی چەند ساڵەی کورد کە ناوی بەشەڕی براکوژی ناوبانگی مێژوویی هەیە، بەرهەمی ئەو پێوەرانەیە کە کۆمەڵگەی خێڵەکی و پاشکەوتوو، کە جڵەوی تاکەکانی خۆی پێ بەستووەتەوە ، ئێمە هێشتا لە ماڵی خۆمان نەبووینەتە خاوەن ماڵ ، بەڵام زۆرانی ئەوەمانە کە کاممان ئەوەی دی بدا بە زەویدا و ملی بشکێنێت. ، لە خوێنماندا شەتاوی دووبەرەکی و قین فیچقەی دێت و دەڤەرێکی تیا نیە بەخوێنی ئێمەی برا سوورنەبووبێت. لە

هۆشماندا مێخی پێوەرە شەرخوازەکانی بنەماڵە چووەتە خوارەوە و کوشتنی برا و خوشکەکانمان لا ئاساییە تاکو داوای مافمان لە داگیرکەرانی کوردستان. هێندە ئەو پێوەر و نۆرمانەی بنەماڵە و خێڵمان لا خەستە، کە گوێکانمان ووشەی یەکتر نابیستێت، تەنها ئاژاوە و شەڕ نەبێت. زۆربەمان تووشی تراومای خێڵ و بنەماڵە و سەرۆک بووین و هۆشی لێ بڕیووین، بووەتە باس و ڕەفتاری ڕۆژانەمان. ئەم بۆچوونە تەواو لەگەڵ بۆچوونەکانی نیتشەو فرۆید دا یەکانگیرن، کاتێک، کولتور، پێوەری داب و نەریت بە زیندان دەزانن بۆ تاکی کۆمەڵگە و لەبن دەرهێنانی هۆشیاری(یوهانسۆن 2001 لاپەڕە 15).

هێڵی سەرەکی یادەوەریەکانی نووسەر:

- ژمارەی ئەزموونەکان 66 و کامێرای گەڕانەوەی ماتریاڵ و دیمەنەکان

پێش شەهیدبوونی شاری هەڵەبجە، گەنجێکی خوێن گەرمی هەڵگری تیۆریەکانی مارکس و لینین و بە خەوی بەدیهێنانی شۆڕشی سوور و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، لە پارچەیەکی پڕ کینەو دووبەرەکی خێڵەکی، پاش بینینی ستەم هەژاری، ئاش بەتاڵ، هەرەس، نسکۆ، کارەسات، جەوری خێڵ و نەخوێندەواری، ڕوو دەکاتە شاخ بۆ لاسایی کردنەوەی ماو (بڕوانە لاپەڕە 152 هەرەسی ئەیلول) و کاسترۆکانی ئەوپەڕی دونیا، کە لە دوا تەمەنی ژیانیاندا بوونە دیکتاتۆرێکی دڵڕەق. .یادەکانی ئەو گەنجە لاسارە و سەرەڕۆیە، پیاوە هێمنەکەی ئەمڕۆ لە 272 لاپەڕەدا

توانیویەتی جێگەی بەشی یەکەمی ئەو چەند هەزار یادەوەریانە بکاتەوە کە تەنها هی ئەو نین و میللەتی ژێر دەستەی کوردیش خاوەنیانە. پشکۆ توانیویەتی بەشێوەیەکی تاڕادەیەک باش دیمەنەکان و ڕووداوەکان وەکو کامیرەیەک بکاتە ووشەو لە گەنجینەی مێشکیدا بۆ دونیای بوون دروستیان بکات.

- بوون بە پێشمەرگە

بوون بەپێشمەرگە، یان گۆڕینی جۆری تێکۆشان لە خەباتی ڕێکخراوەییەوە بۆ بوونە چەکدار، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ئەو لاوە خوێن گەرمە دەخاتە کۆمەڵێک کێشەی ناوخۆوە(intra) وە جیاوازی نێوان پراکتیزە کردنی ئەو تیۆریانە کە هانیان داوە و کلیلی چارەسەرکردنی میللەتەکەی تیادا بەدی دەکات. لەلایەکی دیکەوە دەکەوێتە ناو کێشەکانی نێوان خۆی و کۆمەڵگە سیاسیەکەی(inter) وە، کێشەکانی جەلالی کۆنترا مەلایی تەنگی پێ هەڵدەچنن و شەڕی براکان هیوای گەیشتن بە ئامانج لاواز دەکەن و تیرۆریەکانی مارکس و ماوی لا دەشێوێنن. نووسەر خۆی وەکو ئامێرێک دەبینێت بۆ بەرهەم هێنانەوەی ئەو سانسۆرە خێڵەکی و بنەمالەییەی کە کۆمەڵگەی کوردی، لە سەر تاکەکان دروستی کردووە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەروونی و جەستەیی(سایکۆلۆژی و فیزیکی) یان کە خشتەیەکی نەگۆڕ ڕەفتار و بیریان بگوشێت و لە دەرەوەیدا نەتوانن پەی بە دنیای ئازاد و ڕەها ببەن. مەترسی دروستبوونی ئەو خشتە نەگۆڕە ئەوەیە ، کە دۆخی

دۆگمی و نەگۆڕی لە نێو گروپێک خێڵێک و کۆمەڵگەیەک پێک دەخات ، کە دەبێتە ئەنجامی خۆ پەراوێز کردن و سەیرکردنی ئەوانەی دەرەوە بە نەیار، (سڤێد بەرگ 2003، لا209-223). بە تاڵکردنەوەی تاکەکان لە هەموو خودێک، بوونێک و کەسایەتێکی تۆکمە، ئەو هەستەیان لا دروست دەکات، کە سەروەری و مانەوەی هەرەوەزی (گروپ، خێڵ و بنەماڵە..هتد) پێش خۆیان دەبێت و وەکو مرۆڤێک نامۆیان دەکات بە بوونی خۆیان ، هەمان سەرچاوە،( سنوورەکانی خودی تاک، لاپەڕە166 تاکو 175). کەواتە لێرەدا بارێکی ئاساییە کە نووسەر، زوو هەست دەکات بەو نۆرم و پێوەرانەی کە کۆمەڵگەی کوردی دەیبەن بەڕێوە، لە یاساکانی خێڵ و بنەماڵە لە تۆڵە، ڕق، سۆز، بەستەری خوێن تێپەڕناکات.

- **+ جیاوازی نێوان شارو لادێ لە دۆزی کێشە سیاسیەکاندا**

نووسەر ڕاشکاوانە باسی جیاوازی کێشە سیاسی و خێڵەکیەکان لە نێوان شار و لادێدا دەخاتەڕوو کاریگەریان لەسەر خەباتی سیاسی +چەکداری. جیاوازیەکان لە شاردا بە پەیڤ و دوور لە بەکارهێنانی چەك خۆیان نیشان دەدا، بەڵام لە تاریکستانی ژیانی پارتیزانیدا(لادێدا) دەبوونە تیغی فیشەک و براکان لە نێوان چەند بەرەیەکی پەرتەوازەدا(مەلایی ،جەلالی، حسک و پاسۆک و ئیسلامی، شیوعی، بڕوانە لاپەڕە 43) و دابەش دەبوون و ئەنفالێکی وەکو پشت ئاشان و هەکاریان بەرهەم دەهێنا و هەزارانی

وەکو (ئەحمەد گریانە) و مامە ریشە دەبوونە کاوڕی قوربانی بۆ ڕازیکردنی سەرۆک خێڵ و بنەماڵە.

- **گیانی تۆڵەسەندنەوەو بۆسەدانان بۆ براکان، بەستەری خوێن و بنەماڵە**

لە کۆمەڵگە کۆلەکتیڤ و هەرەوەزیەکاندا تاک سەروەری خۆی لەدەست نیە و بەستەری خوێن و پێوەری بنەماڵە و خێڵ باڵا دەستە و سەرۆک بنەماڵە و خێڵ خاوەنی هەموو بڕیارەکانە. لەو جۆرە کۆمەڵگانە کە تاکەکان بوونیان نیە و دەبنە سووتەمەنی بۆ مانەوەی بنەماڵە، گیانی تۆڵە سەندنەوە دیاردەیەکی دیار و ڕوونە. لێرەدا نووسەر وەستایانە توانیوویەتی دیاردەی تۆڵەسەندنەوەی خێڵەکی و بنەماڵەیی لە ناو ئەو هێزە بزوێنەرانەدا وێنەبگرێت کە چۆن کاراکتەرەکان بۆ سوودی خۆیان دیزاینی دەکەن: بڕوانە شەڕی کانی ژنان(گورزی تۆڵە!) لاپەڕە 73 تا 79 کە چۆن هەڵگرانی بیری مۆدێرن(کۆمەڵەی مارکسی لینینی) دەبنە سووتەمەنی بڕیار سەرۆک خێڵ(جەلالی و مەلایی) کە چۆن لە گەرمەی خەودا براکان یەکتر دەکوژن و بەها مرۆڤایەتیەکان لە دەست دەدەن و دەگەڕێنەوە سەر دۆخی ئاژەڵ. لێرەدا هەردوو لا بکوژ و قوربانی هوشیاری خۆیان لە دەست نیە. هەروەها خودی نووسەریش دەبێتە قوربانییێک و لە شەڕی خێڵەکیدا بەشداری دەکات. . نووسەر توانیویەتی وێنەی بەرهەم هێنانەوەی داب و نەریتی خێڵەکی کوردی بخوێنێتەوە و کە چۆن ساڵ دوای ساڵ بەدەست ئەو بنەمالانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەژێتەوە.

ئەو گێڕانەوەیەی نووسەر لەگەڵ ئەنجامگیری توێژینەوەکانی پێرە بۆردژۆ(1930-2002) کە کۆمەڵناسێکی فەرەنسی بووە هاوگیر دەبێتەوە کە دەڵێت: دەسەلاتی سیمبۆلیی کۆمەڵگە بەدەست ئەو هێزانەوەیە کە زاڵن بەسەر پێوەر و نۆرمەکاندا، (بڕوانە لاپەڕە 414 تاکو 415 تیۆریەکانی کۆمەڵگە،( Andesrson & kasperson 2004). بەرهەم هێنانەوەی ئەو پێوەرانەش پێوەندی بە ئاستی گرێدانی خۆێنی نێوان تاکەکانی ئەو خێڵە یان بنەماڵەیە هەیە و تا چەند بۆ سەرۆک یان دەسەڵاتدارنیان ملەکەچن. ژیانەوەی گیانی تۆلەسەندنەوەی بۆ نموونە نێوان خێڵەکان، پارتییەکان و بنەماڵەکانی ناو گەلی کورد، پێوەندییێکی ڕاستەوخۆی هەیە بەو فاکتەرانەوە کە دەبنە هۆکاری ژیانەوەی ئەو پێوەر و داب و نەریتە کۆنە بەدرێژایی ساڵەکان.

ئەکتەرێکی دیاری یادەکان و شەڕی کورد کوژی

"نەوشیروان، پێی وابوو ناکۆکی لە گەڵ پارتی و ماڵباتی بەرزانیدا سەرەکییە و ئەوان لە بەرەی دژە شۆرشدا وەستاون.!" بڕوانە سەرەتای لاپەڕە 208.

پشکۆ زۆر جار هەوڵی داوە ئۆبجەکتیڤانەو بێلایەن ڕووداوەکان بگێڕێتەوە و وەکو تەماشاکەرێک لە تەرازووی بۆچەنەکانی هەڵیان بسەنگێنێت، تاڕادەیەکی باش سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، نووسەر لە لاپەڕە 154 تا 157 باسی ڕەفتاری شەڕانگێزی نەوشێروان موستەفا دەکات ، کاتێک خۆی، پشکۆ و چەند ئەندامێک سەردانی دەکەن(

نەوشێروان موستەفا کە سکرتێری کۆمەڵە دەبێت، مۆن و تورە، ڕەخنەی ئەوەیان لێ دەگرێت کە بۆچی دیلێک لە دەستیان ڕای کردووە و پشکۆ هاوڕیانی بە ترسنۆک ناوزەد دەکات). نووسەر بە پێچەوانەی سەرکردەکەیەوە(نەوشێروان موستەفا)دژی دیل کوشتن و کینە هەڵگرتن بووە. بەڵام سەیرە کە نووسەر ساڵانیکی زۆر توانیویەتی سەرکردەیەکی وا پەسەند بکات، کە ئاگری تۆڵە نەک شۆڕش فێری پارتزانەکانی کورد بکات و سەنگەری بێدەنگی هەڵبژێرێت. تەنانەت کارئەکتەرێکی بەرزی وەکو (مەلا بەختیار) ئاگای لەو راستییەبووە کە تاچەند نەوشیروان موستەفا، مرۆڤێکی دڵ پر کینە و ڕق بووە، لاپەڕە 155 تا 157. کەواتە لە شەڕی براکاندا، هەموو بە پێی پلەی لێپرسراوی تاوانبارن لە بە فیرۆدانی خوێنی لاوانی کورد. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە چۆن کۆمەڵگە تاکەکان بەپێوەرەکانی خۆی، لە قاڵبی بنەماڵە و خێڵدا پەروەردە دەکات بۆ بەرهەم هێنانەوەی خۆی. سەرانی کورد بەشێوازێکی کارامە تا ئەمڕۆش ئەندام و لایەنگرانیان بە قازانجی تایبەتی خۆیان پەروەردە دەکەن، ئەمەشە(بەرهەم هێنانەوەی پێوەرە دڕندەکانی بنەماڵە) بزوتنەوەی کوردی لە باشوور ئیفلیج کردووە و بەرامبەر یەکتر دڵ ڕەق و بۆ داگیرکەرانی کوردستان ئەوپەڕی نەرمی.

ئەم دەربڕینەی نووسەر و بێلایەنی لە باسکردن و گێڕانەوەی ڕووداوەکان، ئەنجامگیریەک دەدات بەدەستەوە کە:

- لەبەر ئەوەی نووسەر هەر لە سەرەتای پێوەندیکردنی بە شاخەوە، بیروباوەڕێکی چەپی هەڵگرتووە و نەگونجاوبووە لە گەڵ پێوەندییە خێڵەکیەکان، زۆر ڕاشکاوانە و بێ سڵ کردنەوە باسی زاڵبوونی ژیانی بنەماڵەیی و خێڵەکی دەکات کە لێچونی شەڕی مەلایی و جەلالی دەبینێت.

- لەبەر ئەوەی نووسەر یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی ئاڵای شۆڕش و زیندانی بوونی لەلای خودی ینک و ئازاردانی، ویستوویەتی ڕووی شەڕانگیزی ینک بەگشتی و لایەنەکانی تر بخاتە ڕوو.

- لەبەر ئەوەی نووسەر لە ژێر کۆنتێکستێکی نوێدایە ، بێگۆمان بۆچوونەکانیش گۆڕاوون و ڕووداوە فرە لایەنەکانی بەشێوەیەکی تر هەڵ سەنگاندووە و تەماشا ی کردوون

## گرنگی یادەوەریەکانی وەکو داتایەکی سۆسیۆسایکۆلۆژی

- تراومای وێنەو شەڕەکان

لە زۆربەی یادەکاندا، شەڕەکان لە هەناوی نووسەردا وەکو پشکۆیەکی گەش باڵ بەسەر گێڕانەوەکاندا دەکشێنن وچزە لە جەستەی نووسەر هەڵدەستێنن. شەهیدبوونی هاوڕێکانی، کوشتنی برا دوژمنەکانی، سووتاندی گوندەکان، ڕووی دزێوی

داگیرکەرانی کوردستان، قیژەی منداڵان و وێنەی لاوێن و پڕ ئەمەکی دایکی، ناسۆرەکانی دەکەنە پوازگە بەرد و هەموو ساتێک بریندار دەکەن. کارەساتەکان نووسەر دەیانگێڕێتەوە ،بەڵام تەنها هی ئەوە نین و زۆر لەو پێشمەرگە دێرینانەی کە لە ژیاندا ماون ، سات نیە خەو بە شەڕ و بەگوڵ و بۆردومانەوە نەبینن.
گرنگی ئەم یادەوەرانە وەکو ماتریاڵێکی سۆسیۆسایکۆلۆژی لە سەر ئاستی ماکرۆ و میکرۆوە، لە سەر ئاستی تاک و کۆمەڵگە، ئەزمونێکن بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەو کارەساتە ناوخۆیی و دەرەکیانە کە تووشی میللەتی کورد هاتوون و دەبن. کاریگەری تراوما یان کارەسات وەکو تیغێک یان درێلێک پێکهاتەی بوونی مرۆڤ دەشێوێنن و ژیانی لێ تاڵ دەکەن، ئەوەی جوان بێت یان تاڵ، سروشتی بێت یان دروست کراو، بۆنی کارەساتی لێ دێت بۆ ئەو کەسەی کەتووشی کارەساتی تراوما دەبێت. سۆسەن کاپلاند کە پلەی پرۆفیسۆری هەیە لە دەروونناسیدا، لەگەڵ چل منداڵی جولەکەدا، دوای 40 ساڵ چاوپێکەوتنی لە گەڵدا کردوون، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە تراوما وەکو زەنگێک ژیانی مرۆڤ دەشێوێنێت.

- گرێدانی دەروونی

نووسەر بەستەرێکی دەروونی لە نێوان و خۆیی و یادەکانیدا دروست کردووە، یان ئەوە تراومای یادەکانن کە گیانی نووسەریان بە خۆوە گرێداوە و دووبارە و دەبارە باسی برایی و خوێن و هاوژیان دەکات، دەروونێکی پڕ لە

کۆیادێکی تاڵ وهەندێ جاریش خۆش. نووسەر زۆر باسی تراومای خنکاندنی ئەو لاوە تەمەن حەڤدە ساڵە دەکات، کەتەمەنی پێشمەرگایەتی دوو ڕۆژ دەبێت و لە گۆی ئاوی سیرواندا دەخنکێت،( لاپەرە 216 پشکۆ نەجمەدین 1978-1983). ئەو کارەساتە تاکو ئەمڕۆش مێشکی نووسەر دەگوشێت، تراومایەکی پڕ زەنگە."مامۆستا گیان من نامەوێت بمرم"، هەمان سەرچاوە لاپەڕە223.

خاڵە لاوازەکان

- نووسەر زۆر جار گێڕانەوەی یادەکان و لەگەڵ هەڵسەنگاندنێکی نوێی تێکەڵ یەکدی کردووە، ئەوەش پێوەندی بە تەمەنی بیست ساڵەی یادەکانیەوە هەیەتی و نەبوونی ڕۆژ ژمێرێک کە نووسەر بتوانێت پشتی پێ ببەستێت. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بایەخدان بەکولتوری نووسین لە نێو کوردا.
- پاش و پێشکردنی گێڕانەوەی یادەوەریەکان، بۆ نموونە نووسەر لەلاپەڕە 248 واتە لە کۆتایی کتێبەکەیدا باسی یادێکی بوون بە پێشمەرگەیی خۆی دەکات سالێ 1978. ئەم جۆرە شێوازە سەر لە خوێنەر تێک دەدات و هەمیشە لە بازنەیەکی بێ ئەنجامدا گیری دەکات. هەرچەندە نووسەر خۆی لەسەرەتای کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە ئەو کارێکی ئەکادیمی نانوسێت.

- باسە مێژووییەکان هەندێ جار لە ناو چەقی یادەکاندا سەر هەڵدەدەن، (بروانە لاپەڕە 143 مێژووی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان). روونتر دەبوو ئەگەر نووسەر بەشێکی یادەوەریەکانی تەرخان بکردایە بۆ بەشی مێژوویی، چونکە ئەگەر کەسێک ئاگاداری پێشمەرگایەتی نەبێت لە مەبەستی نووسەر تێ ناگات و پەیامەکە ناگات. هەروەها هێشتا مێژووی کوردیش لەو پارچەیەی کوردستان نەنووسراوەتەوە تاکو خوێنەر بتوانێت پێی ئاشنا بێت.
- بۆ ئاشنایی بوونی خوێنەر دەبوو نووسەر کورتەیەکی مێژوویی پوختی لەسەر هەموو رێکخراوەکانی ناو ینکی پێشکەش بکردایا.
- نووسەر زۆر لە گێڕانەوەی یادەکاندا پێی داگرتووەو باسی کردوون، بەڵام بەشێوەیەکی ڕوون ئەو ئەزمونانە ناخاتە بەردەم خوێنەران کە کامانەن تا وەکو سوودیان لێ وەربگرێت بێجگە هەندێ جار لە باسکردنی ڕای خۆی.

باس نەکردنی کارەساتی هەکاری بە شێوەیەکی تێر و تەسەل، بڕوانە لاپەڕە 71 تاکو 72، ئایا ئەو پرسە نهێنیانە کامانەن کە سەرکردایەتی ینک بە هەموو پێکهاتە ڕێکخراوەییەکانیەوە، ئەوسا و ئێستا وێری ئەوەیان نەکردووە کە بڵاویان بکاتەوە، ئایا ئەوە بەشێک نیە لە مێژووی کورد؟ ئایا نووسەر بێداری ئەو بریارە هەڵانەیە کە سەرکردایەتی وەری گرتوون سەبارەت بە ناردنی زیاتر لە

1200 کادیری کۆمەڵە؟ یان ئەویش بێدەنگە؟ لێرەشدا دەبێت دیسان ڕۆڵی تاڵەبانی وەکو ڕابەرێکی ئەوسا و ئێستای ینک دەستنیشان بکرێت، لە هەموو هەنگاوێکی ینک بە گشتی، چونکە هەردەم سەرکردە بووە.

## خاڵە بەهێزەکان

ئەو خاڵە بەهێزەی کە شایەنی باسە نووسەری "یاد و ئەزموون" توانیوویەتی پەنجەی بێ ترس بخاتە سەر ئەوەیە:

ناوبردنی ئەو کارەئەکتەرانەیە کە شەڕی براکوژی (جەلالی و مەلایی) یان بەرهەم هێناوە و بە سەدان کوڕی کوردیان لە پێناوی بنەماڵەکانیاندا داوە بەکوشت. هەرچەندە ئەم یادانە، تەنها دڵۆپێکن لە دیرۆکی بزوتنەوەیەکی درێژ، بەڵام وەکو شایەت حاڵێک بۆئەوانەی کە تاوانیان دژی مرۆڤ ئەنجام داوە و ڕاستیێکن، کە ئەگەر دادگایەکی بێلایەن هەبووایە دەبوو هەریەکە بە پێی تاوانی خۆی سزا بدرایە. باشتربوو ئەگەر نووسەر ساڵانی 1990تا 1996 ئەم یادانەی تۆمار بکردایە، هەرچەندە دوورنەبوو ببنە جێگەی مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر ژیانی تایبەتی خۆی، چونکە ئەمڕۆ ئەو یادانە تەنها مێژوو و هیچی تر، تەنها توێژێکی هێجگار کەم دەیخوێننەوە، بەتایبەتی ئەوانەی پێشمەرگە بوون.

سەرچاوەکان

نەجمەدین، پ. (2008). *یاد و ئەزموون*. سوێد: چاپخانەی کتابی هەرزان، چاپی یەکەم

Kaplan, S. (2003). *Barn under Förintelsen då och nu.* Finland: tryckning WS BO Bookwell. ISBN 91-27-09648-8

Stevens, R ( 1998). *Att förstå människor*. Lund: Studentlitteratur.

Andersson, H & Kaspersen, L.B. (2003). *Klassisk och modern Samhällsteor.* Lund: Studentlitteratur.

Johansson, T.(2001). *Socialpsykologi - subjektivitet, överskridande och förändring. .* Lund: Studentlitteratur.

Svedberg, L. ( 2003). *Gruppsykolog- om grupper, organisationer och ledarskap.* Studentlitteratur.

# گەنجانی ڕەوەند
# لە نێوان نەبونی کەسایەتی و نیشتمانێکی دیاردا

بە دواچوونێکی کورتی سۆشیال سایکۆلۆژیانە

کێشەی گەنجانی ڕەوند لە ئەورووپا و جیهان یەکێکە لەو کێشە زیندوانەی، کە ئەمڕۆ زۆربەی ڕێکخراوە حکومی و شارستانیەکان بایەخی پێ دەدەن. نەبونی کەسایەتێکی تۆکمە و پابەندبوون بە کولتورێک یان نیشتمانێک یەکێکە لەو گرفتانەی کە گەنجانی ڕەوەندی دوچاری کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی کردووە و زۆربەیانی خستوەتە ناو گێژاوی وونبوونەوە.

حەمە گەنجێکی شانزە ساڵە:-

"من لە سوێد لە دایک بووم و لەوێش پەروەردەبووم، بەڵام بوونی خۆم نە لەناو کوردەکاندا نە لەناو کۆمەڵگەی سوێدیدا نادۆزمەوە. کە لە ماڵەوەم و یان سەردان بۆ کوردستان دەکەمەوە، پێم دەڵێن بەچکە ئەورووپی، سوێدیەکانیش پێم دەڵێن پەنابەر و موسڵمان. تەنانەت باوک و دایکیشم پێم دەڵێن سویدی. سەرم لێشێواوە و وەک دایکم دەڵێت وەک ئەو

کەڵەشێرەم لێهاتوە کە ژیان لەسەر تەیمانێکی باریک دەبەمە سەر و نازانم سەر بەکێم".

سەرچاوەی کێشەکە لەوێوە دەستپێدەکات کە کاتێک خێزانێک لە وولاتی دووەمدا نیشتەجێ دەبێت، دەبێتە ڕەوەند و پەنابەر، باوک و دایکەکە بۆ ئەوەی کەسایەتی پێشوی خۆیان لە دەست نەدەن، زیاتر پابەندی دابونەریت، ئاین و کولتوری خۆیان دەبن و هەوڵیش دەدەن منداڵەکانیان بەو شێوەیە پەروەردە بکەن، کە وەک خۆیان دەربچن، هەرچەندە منداڵەکانیان لە وولاتی دووەمدا، وولاتێکی جیاوازدا گەورە دەبن. بۆ نمونە لە وولاتێکی وەک سوید کە زۆر خاڵی هاوبەشی لە گەڵ کۆمەڵگەی کوردیدا نیە، زۆربەی باوک و دایکە کوردەکان هەوڵ دەدەن کە منداڵەکانیان کەسێتی کوردی لە دەست نەدەن و کوردبن یان وەک موسڵمانێک ڕەفتار بکەن. لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵگەی سوێدی ڕۆژانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ (لە ڕێگەی فێرگە و پەیمانگا و زانکۆوە) پرۆسەی پەروەردەی ئەو مندالانەی بەدەستە. شایەنی باسە زۆربەی منداڵان و گەنجان هەشت کاتژمێر لە دەرەوەن و کاریگەری باوک و دایکیان زۆر لەسەر نیە.

## گرفت و کێشەکان

**1-** دروستبوونی دوو کەسایەتی جیاواز و دژ بەیەک لە یەک

مرۆڤدا، کە لەڕووی دەروونییەوە گەورەترین گوشاری لەسەر گەنجان درووست کردووە.

2- کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی لە نێوان ئەو گەنجانەو باوک و دایکیاندا، کە زۆرجار فەرمانگەی سۆشیال یان بەشی کۆمەڵایەتی شارەوانی ئەو وولاتە، راستەوخۆ خێزانەکان ناچار دەکەن کە بەپێی یاساکانی ئەو وولاتە ڕەفتار لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن. هەندێ جاریش منداڵەکانیان لێ دوور دەخەنەوە و لە شوێنی تایبەتیدا یان بۆ نموونە لە گەڵ خێزانی سوێدیدا تێکەڵیان دەکەن. شایەنی ووتنە کە فەرمانگەی سۆشیال دەسەڵاتێکی باڵای هەیە لە وولاتێکی وەک سوێد.

3- وونبوونی ئەو گەنجانە دەبێتە هۆی سەرلێشێواو بوونییان و هەندێ جاریش دەکەونە خانەی تاوان و خولیای مادە هۆشبەرەکان دەبن و خوێندنیشیان پێ تەواو ناکرێت.

4- کاتێک شارەوانی و فەرمانگەی سۆشیال دەست دەخەنە ناو پەروەردەی خێزانەکانەوە، هەندێ خێزانی ڕەوەند بەتەواوەتی دەستبەرداری سەرپەرشتی منداڵەکانیان دەبن و هیچ ڕۆڵێکیان وەک باوک و دایک نامێنێت. ئەوەش گەورەترین مەترسییە، چونکە منداڵەکانیان تا تەمەنی گەنجی دەسا و دەس دەکەن و ئیدی ئەو باوک و دایکانە پاسیڤ دەبن و ڕۆڵی سەرپەرشتیاریی و پەروەردەیان نامێنێت.

چارەسەرەکان:
درووستکردنی پردێکی دیالۆگ لە نێوان (سەرپەرشتیاری خێزانەکان) باوک و دایک لەلایەک و لەگەڵ منداڵەکان لە لایەکی تر، بۆ ئەوەی ڕۆڵی پەروەدەبوون نەکەوێتە دەست کەسانی سێیەم و هتد، کە سەر لە منداڵەکان بشێوێنێت.
هەڵبژاردنی ئەو شێوە ژیانەی کە سوودی بۆ دوا ڕۆژی منداڵەکان هەیە، بۆ نموونە جێگەی خۆیەتی هەرلەمنداڵییەوە منداڵەکە وا فێربکرێت کە ئەو کوردێکی سوێدییە و نیشتیمانی یەکەمی سوێدە و باوک و دایکی کوردن. لە تەمەنی گەنجیدا ئەو منداڵە سەری لێ ناشێوێت. شایەنی ئاماژەیە ئەو منداڵە کوردانەی کە بۆ نموونە لە نێوان سوێد و باشوری کوردستاندا ژیانیان بەسەر بردووە و خوێندویانە، هەندێکیان تا تەمەنی بیست و پێنج ساڵیش ناتوانن خۆیان یەکلابکەنەوە کە سەر بە کام نیشتیمانن.

نەبەرد گەنجێکی بیست و دووساڵە:

"من لە ماوەی ئەم دەساڵەی دواییدا چوارجار لە کوردستان ژیاوم چەند جارێک لە هەردوو وولاتدا (باشوری کوردستان و سوێدا) خوێندنێکی بچڕبچڕم خوێندوە. ئەمڕۆ نە کوردییەکەم باشە نە سوێدییەکەم و بڕوا ناکەم بتوانم بچمە زانکۆ. مەگەر لە

پیتزەخانەیەکدا کاربکەم، ئەگەر هەبێت. باوک و دایکم بەتەواوەتی سەریان لێ شێواندین. کە برادەرەکانم دەبینم هەندێکیان لە زانکۆ وەرگیراون یەک دنیا خەفت دەخۆم.

گرینگە بۆ سەرپەرشتکار (باوک و دایک) ئەو هێمایانە بۆ منداڵەکانیان بخەنەڕوو کە لەگەڵ ژینگەی ڕۆژانەیان پاردۆکس و دژ بەیەک نابێت. بە واتایەکی دی ئاشنایەتییێکی تەواو بەدەست بهێنن کە لەسوودی ژیانی ڕۆژانە و دواڕۆژی منداڵەکانیاندا بێت. لێ چۆن گەنجانی ڕەوەند بە تایبەتی گەنجی ئەو خێزانانەی کە باوک دایکیان پابەندێکی بەهێزیان بە ئاین و دابونەریتەوە هەیە، سەریان لێ نەشێوێت و نەبنە خاوەن کەسایەتێکی تۆکمە و جێگیر، کاتێک لە ماڵەوە بەندن و نەتوانن ڕەهایانە خۆیان بنوێنن.
مونا داڵ(2007)، کە دەروونناس و زانیاریدەدەری کۆمەڵایەتییە لە سوێد، پێ لەسەر ئەوە دادگرێت کە سەرپەرشتیاری خێزان(باوک و دایک) دەبێت ڕاستگۆبن و ماف بە منالەکانیان بەشێوەیەکی یەکسان بدەن، بە تایبەتی لە نێوان کچ و کوڕدا و زۆر لەسەر مەسەلەی ئاین و کولتور سوورنەبن، چونکە ئەوان خۆیان بڕیاری ئەوەیان داوە کە لە وولاتێکی ئازاد وەک لە سوید بژین. مونا داڵ لە دوا نامیلکەیەکدا (Handbok för samtalsledare) ئاماژە بەوە دەکات کارێکی هەنوکەیی و گرینگە کە (سەرپەرشتیار) باوک و دایک کە بە ئاگابن لەو یاسا و

ڕێسایانەی کە لەووڵاتی سوێد هەن دەربارەی ڕەهەندەکانی یەکسانی، ژیانی جووت بوون، چاودێری، پەیماننامەی ژنێڤ دەربارەی منداڵان و دیموکراتی.

کەواتە سەرپەرشتیاران (باوک ودایک) ی ڕەوند ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە لە دروستکردنی کەسێتی تۆکمە و دواڕۆژێکی پرشنگدار بۆ منداڵەکانیان، ئەوەش لە ڕێگەی خۆ گونجاندن و ڕاستگۆیی بەرامبەر منداڵەکانیان لەلایەک و لەلایەکی دیشەوە سوود وەرگرتن لەو زانیاریانەی کە لەو ووڵاتەدا هەیە کە تێیدا دەژین. لێ ئەگەر وا نەکەن منداڵەکانیان سەریان لێ دەشێوێت و لە نێوان دوو نیشتیماندا وون دەبن. نموونەی ئەو گەنجانەی کە لە یانە و پەیمانگە تایبەتییەکانی ڕێنمایی گەنجاندا گەورە دەبن، باشترین وێنەیە، کە زۆربەی گەنجی ڕەوەندی تیایە. وێنەکانی تاوان و ژیانی زیندان و بێکاری زیندوو ترین بەڵگەیە کە گەنجانی ڕەوند لە ئەوروپا تێی کەووتووە.

سەرپەرشتکاران(دایک و باوک) دەبێ بە ئاگای ئەوەبن کە گەنجان خاوەن کولتورێکی جیان لەو کولتورەی کە خۆیان هەیانە، وەک(2007 Lalander &Johansson) دەڵێن پێویستە بەو زمانە ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێت کە سەردەمییانە بێت و لێی تێبگەن. پێویستە کۆد و هێماکانیان تێک نەدرێت و هانیان بدرێت کە خۆیان بە شێوەیەکی تەندروست لە ژیاندا بدۆزنەوە. گرینگە کە ئەو گرێدەرە پەیوەستەی کە لە نێوان سەرپەرشتکاران و منداڵان هەیە نەپسێت، ئەگینا شیرازەی ئەو خێزانانە دەکەوێتە مەترسی و باوک و دایک هیچ ڕۆڵێکیان نامێنێت.

سەرچاوەکان:-

Ungdomsgrupper .(Lalander, T (2007 &Johansson, P
i teori och praktik. Lund Kurslitteratur Dahl, M (2007):
öppna nya dörrar. Handok för samtalsledare. Att
Sverige: Göteborg



ئاسۆ بیارەیی

- شوێنی لە دایک بوون: شاری سلێمانی
- خوێندن: شەشی وێژەیی لە سلێمانی و خوێندنی باڵا لە کۆلێژی سۆسیال سایکۆلۆژی

لە وولاتی سوێد تەواوکردووە

بەرهەم:

- کۆمەڵێک هونراوە، ساتیر، ووتاری ڕۆژانە و چەند راپۆرتی زانستی لە سەر دەروونناسی کۆمەڵایەتی لە هەندێ ڕۆژنامە و سایت.
- لەسێبەری پیاوسالاریدا، توێژینەوەی زانستی. بە کوردی
- کەیسی زمانی یەکگرتوو. دید و بۆچون .کوردی
- ژنانی کورد و ساتەکەنیان لە ڕۆژانی ئەنفالدا. تیزی زانستی بەزمانی سوێدی
- پەروەردەی پێچەوانە، تیزی(ماستەر ئاستی یەک) ماجستێر. بە زمانی سوێدی
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هەورامان.

# In the embrace of

# Social Psychology

Asso Byari

2006 – 2009 Sweden